هەرێمی كوردستان - عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانكۆی سەلاحەددین - هەولێر

# كاریگەری بەكارهێنانی ستراتیجییەتی (SQ3R) لەسەر دەستكەوتی قوتابیانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی لە بابەتی خوێندنەوەی كوردیدا و گەشە پێدانی مەیلیان بۆ خوێندنەوە

**نامەیەكە**

پێشكەش بە ئە نجومەنی كۆلیژی پەروەردەی بنەڕەتی زانكۆی سەلاحەددین - هەولێر كراوە وەك بەشێك لە پێداویستییەكانی وەرگرتنی بڕوانامەی ماستەر لە پەروەردە - ڕێگاكانی وتنەوەی زمانی كوردی

**لەلایەن**

سروە عەلائەدین عومەر ڕەشیدبەكالۆریۆس – زانكۆی سەلاحەددین – هەولێر- ٢٠٠٨

**بەسەرپەرشتی**

**پ. د. مەولود حەمەد نەبی سورچی**

ڕێبەندان ٢٧١٤ كوردی    ڕەبیعی دووەم ١٤٣٦ كۆچی    كانونی دووەم ٢٠١٥ زایینی

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَـٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿ ٱقۡرَأۡ بِٱسۡمِ رَبِّكَ ٱلَّذِى خَلَقَ ﴿١﴾
خَلَقَ ٱلۡإِنسَـٰنَ مِنۡ عَلَقٍ ﴿٢﴾ ٱقۡرَأۡ وَرَبُّكَ
ٱلۡأَكۡرَمُ ﴿٣﴾ ٱلَّذِى عَلَّمَ بِٱلۡقَلَمِ ﴿٤﴾ عَلَّمَ
ٱلۡإِنسَـٰنَ مَا لَمۡ يَعۡلَمۡ ﴿٥﴾ ﴾ ٥

صدق الله العظيم

سورة العلق - الآية: ١-٥

## بڕیاردانی سەرپەرشتیار

ئەم نامەیەی بەناونیشانی **(کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیجییەتی (SQ3R) لەسەر دەستکەوتی قوتابیانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی لە بابەتی خوێندنەوەی کوردیدا و گەشەپێدانی مەیلیان بۆ خوێندنەوە)** کە لەلایەن قوتابی ماستەر **(سروە عەلائەدین عومەر ڕەشید)** پێشکەشکراوەلە ژێر سەرپەرشتی من لە بەشی زمانی کوردی بە کۆلیژی پەروەردەی بنەڕەتی/ زانکۆی سەلاحەددین - هەولێر ئەنجامدراوە ، وەکو بەشێك لەپێداویستییەکانی وەرگرتنی بڕوانامەی ماستەر لە پەروەردە ( ڕێگاکانی وتنەوەی زمانی کوردی) .

**واژوو:**

**سەرپەرشتیار: د.مەولود حەمەد نەبی سورچی**

**نازناوی زانستی : پرۆفیسۆر**

**بەروار : / / ٢٠١٥**

## بڕیاری سەرۆکی لێژنەی خوێندنی باڵا

بەپێی ئەم ڕاسپاردەیە ، ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی تاوتوێ و هەڵسەنگاندن دەکەم .

**واژوو :**

**ناو:پ.ی.د.حسین علی ولی**

**بەروار : / / ٢٠١٥**

## بڕیاری سەرۆکی بەشی زمانی کوردی

بە پێی ڕاسپاردەی لێژنەی خوێندنی باڵا، ئەم نامەیە بۆ گفتوگۆ دیاری ئەکەم .

**واژوو :**

**ناو:**

**نازناوی زانستی :**

**بەروار : / / ٢٠١٥**

# پێشکەشە بە

- گیانی پاکی ئەو کەسەی بەئاواتی ئەو رۆژەوە بوو و هەردەم ئامۆژگار و ئاراستەکارم بووە .. باوکی شیرینم
- ئەو کەسەی شەوی کرد بە رۆژ و ژیانی خۆی بۆتەرخان کردم ،هەر تەمەن درێژبێت .. دایکی شیرینم
- هاندەر وڕێ نیشاندەر و پشت و پەنام و چرای ماڵم ، هاوبەشی خۆشی و خەم و ژانم .. هاوسەری خۆشەویستم
- تاکە گوڵی دونیام و ئاوەدانی ماڵم و سۆمای چاوەکانم .. کچی نازدار و ئازیزم
- پاکی و بێگەردی نزیکترین هاورێم .. خوشکی گەورەم
- هەر چوار خەمخۆرە خۆشەویستەکانم .. برا شیرینەکانم

# سوپاس و پێزانین

سوپاس بۆ خودای گەورەو میهرەبان، بە خۆشحاڵییەوە ئەم لێکۆڵینەوەیە کۆتایی پێهات ، هەرگیز ڕەنج و ماندووبوونی زۆر بەرێز پرۆفیسۆر (د. مەولود حەمەد نەبی) لەبیر ناکرێ ،یەکەمیان کە ئەرکی سەرپەرشتی کردنی ئەم نامەیەی گرتە ئەستۆ ، دووەمیش لەبەر ئەو ڕێنمایی و ئاڕاستەکردن و کۆششە زانستییەی بەڕێزیان ، کە باشترین ڕێنیشاندەر و گەورەترین هاندەرم بووە بۆ ئەنجامدانی ئەم نامەیە بەم شێوەی لەبەردەستە ، خوا نموونە و هاوتای زۆربکات ، بۆیە ڕێزێکی بێ ڕادە و سوپاسێکی بێ پایانم هەیە بۆ بەڕێزی .

زۆر سوپاسی ڕاگرایەتی کۆلیژی پەروەردەی بنەڕەتی دەکەم بۆ ڕێگەپێدانیان بۆ تەواوکردنی خوێندنم . زۆر سوپاسی ئەو مامۆستایە بەرێزانەش دەکەم کە بە زانیاریەکانیان منیان سوودمەند کردووە . رێز و سوپاسی خۆم ئاراستەی سەرۆکی بەشی کوردی و مامۆستا بەرێزەکان بەتایبەتی زۆر بەرێز (د. تانیا ئەسعەد سالح ) کە هەردەم هاندەر و یارمەتیدەرم بووە .

سوپاسی خۆم ئاراستەی بەرێوەبەرایەتی قوتابخانەی هەڤاڵانی بنەڕەتی و مامۆستای بابەتی کوردی دەکەم بەتایبەتی بۆ ئەو هاوکارییانەی پێشکەشیان کردم لە ماوەی جێبەجێکردنی ئەزموونی لێکۆڵینەوەکەم .

سوپاسێکی بێ پایانی هەموو کارمەندانی کتێبخانەی کۆلیژی پەروەردەی بنەڕەتی و یەکەی کاروباری زانستی و خوێندنی باڵا و کتێبخانەی ناوەندی زانکۆی سەلاحەددین دەکەم بۆ یارمەتیدانیان بۆ بەدەستهێنانی سەرچاوەو نامەکان .

سوپاسی خۆم ئاراستەی مامی بەرێزم (سەباح عومەر رەشید) دەکەم هەردەم هاندەرم بووەو بەدواداچوونی بۆم کردووە ، سوپاسی خەسوی بەرێزم (م. بەدریە تاهیر بەکر) و هەروەها ( سانا ئیسماعیل محەمەد) دەکەم بۆ هاوکاریان .

زۆر زۆر سوپاسی هاورێی بەرێزم (چیمەن همزە دەروێش) دەکەم کە زۆر یارمەتیدەرم بوو.

لەکۆتاییدا سوپاسی هەموو هاورێیان دەکەم تەنانەت ئەوەی بە وشەیەکیش سوودمەندی کردبم .

# پوختەی لێکۆڵینەوە

ئامانجی ئەم لێکۆڵینەوەیە زانینی کاریگەری ستراتیجییەتی (SQ3R)ی رۆبنسۆنە لەسەر دەستکەوتی قوتابیانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی لە بابەتی خوێندنەوەو پەرەپێدانی مەیلی خوێندنەوەیان ، بۆ گەیشتن بە ئامانجی ئەم لێکۆڵینەوەیە لێکۆڵەر چوار گریمانی داڕشت دووانیان سفری و دووانیان بریێتی .

لێکۆڵەر پشتی بە دیزایینی گروپی هاوسەنگ بەست، کە دوو گروپ لەخۆ دەگرێت ، گروپی ئەزموونگەری کە بابەتیان بە پێی ستراتیجییەتی (SQ3R)ی رۆبنسۆن دەخوێند ، گروپی کۆنترۆڵکار کە بابەتیان بە رێگای ئاسایی دەخوێند،بە تاقیکردنەوەی پێشینەو دواییینە بۆ گۆڕاوی مەیلی خوێندنەوە و تاقیکردنەوەی دواییینە بۆ گۆڕاوی دەستکەوت .

کۆمەڵی لێکۆڵینەوە لە قوتابیانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی لە قوتابخانە بنەڕەتییەکانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ناوەند/ شاری هەولێر بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٣ - ٢٠١٤) پێکهاتبوو ،کە ژمارەیان (٢٢٤) قوتابخانە و (٨٣٨٩ قوتابی کوڕ و ٧٩٥٠ قوتابی کچ)بوون .

لێکۆڵەر بەمەبەست قوتابخانەی ( هەڤالان )ی بنەڕەتی هەڵبژارد ، دوو هۆبەی بە هەڕەمەکی دیاریکردن وبەهەمان شێوەش دابەشیکردنە سەر دوو گروپ،هۆبەی (أ) بوو بە گروپی ئەزموونگەری کە ژمارەیان (٢٧) قوتابی بوو دوای دوورخستنەوەی کەوتووەکان،هۆبەی (ب)یش بوو بە گروپی کۆنترۆڵکار کە ژمارەیان (٢٧) قوتابی بوو .

لێکۆڵەر هاوسەنگی کرد لە نێوان قوتابیانی هەردوو گروپ لە گۆڕاوەکانی : تەمەن ، زانیاری پێشوو لە بابەتەکانی لە ئەزموونەدا دەخوێندرێن ، نمرەی بابەتی خوێندنەوەی زمانی کوردی لە کۆرسی یەکەمدا ، نمرەی بابەتی رێزمان و خوێندنەوەی کوردی ساڵی پێشوو (پۆلی پێنجەم) ، ئاستی خوێندنی باوکان ، ئاستی خوێندنی دایکان ، زیرەکی ، مەیلی خوێندنەوە .

لێکۆڵەر (١٣) پلانی وانە وتنەوەی بە گوێرەی هەر یەکێك لە ستراتیجییەتی (SQ3R)ی رۆبنسۆن و رێگای ئاسایی ئامادەکردن ، هەروەها لێکۆڵەر دوو ئامرازیشی بەرهەڤ کرد ، یەکەمیان تاقیکردنەوەی دەستکەوت بوو کە لە (٣٤) بەند پێکهاتبوو لە شێوەی راست و هەڵە و هەڵبژاردن و چەند پرسیارێکی وەڵام سنووردار ، دروستی تاقیکردنەوەو ئاستی گرانی و هێزی جیاکەرەوەی بەندەکان و کارایی بەدیلی هەڵەی بۆ دەرکردن ، نەگۆڕیشی بە بەکارهێنانی هاوکێشەی ( کیودر - ریتشارسون - K.R - 20 ) بۆ دەرهێنا کە (٠.٨٣) بوو . ئامرازی دووەم پێوەری مەیلی خوێندنەوە بوو کە لە (٣٠) بەند پێکهاتبوو ، ڕاستی و ڕادەی هێزی جیاوازی بڕگەکانی دەرهێنا ، نەگۆڕیشی بەگوێرەی هاوکێشەی ( ئەلفا - کرونباخ - Coefficient،(a) ) بۆ دەرهێنا کە (٠.٨٢) بوو.

ئەزموون لە بەرواری ( ٢٧ / ١ / ٢٠١٤ ) دەستپێکرد و بەردەوام بوو تا ( ٥ / ٥ / ٢٠١٤ ) ، دوو وانەش لە هەفتەدا بۆ هەر گروپێکدەوترانەوە و لێکۆڵەریش خۆی وانەکانی دەوتنەوە .

دوای تەواوبوونی ماوەی ئەزموون و جێبەجێکردنی هەردوو ئامراز و سەرەدەریکردنی ئاماری لەگەڵ داتاکان بە بەکارهێنانی (T.test) ، ئەنجامەکان بەم جۆرەی خوارەوە بوون :

١. جیاوازی ماناداری ئاماریهەبوو لە ئاستی (٠.٠٥)دا ، لە دەستکەوتی قوتابیان لە بابەتی خوێندنەوەی کوردیدا لە نێوان ناوەندە ژمێری نمرەی قوتابیانی گروپی ئەزموونگەری کە بابەتیان بە پێی ستراتیجییەتی (SQ3R)ی رۆبنسۆن وەردەگرت و ناوەندە ژمێری نمرەی قوتابیانی گروپی کۆنترۆڵکار کە هەمان بابەتیان بە ڕێگای ئاسایی وەردەگرت و لەبەرژەوەندی گروپی ئەزموونگەریدابوو .
٢. جیاوازی ماناداری ئاماریهەبوو لە ئاستی (٠.٠٥) دا ،لە نێوان ناوەندە ژمێری  نمرە جیاوازی گەشەکردنی مەیلی خوێندنەوە لە پراکتیزەی پێشینەو دوایینە لای قوتابیانی گروپی ئەزموونگەری ئەوانەی بابەتی خوێندنەوەیان بە پێی ستراتیجییەتی ( SQ3R )ی ڕۆبنسۆن وەردەگرت و لە بەرژەوەندی پراکتیزەی دوایینە دابوو .
٣. جیاوازی ماناداری ئاماری هەبوو لە ئاستی (٠.٠٥)دا،لە نێوان ناوەندە ژمێری نمرەی جیاوازی گەشەکردنی مەیلی خوێندنەوە لە پراکتیزەی پێشینە و دوایینەدا لای قوتابیانی گروپی کۆنترۆڵکار ئەوانەی بابەتی خوێندنەوەیان بە پێی ڕێگای ئاسایی وەردەگرت و لە بەرژەوەندی پراکتیزەی دوایینە دابوو .
٤. جیاوازی ماناداری ئاماریهەبوو لە ئاستی (٠.٠٥)دا،لە نێوان ناوەندە ژمێری نمرە جیاوازی گەشەکردنی مەیلی خوێندنەوە لای قوتابیانی گروپی ئەزموونگەری کە بابەتی خوێندنەوەیان بە پێی ستراتیجییەتی (SQ3R)ی رۆبنسۆن وەردەگرت و ناوەندە ژمێری نمرەی جیاوازی گەشەکردنی مەیلی خوێندنەوە لای قوتابیانی گروپی کۆنترۆڵکار کە هەمان بابەتیان بە پێی ڕێگای ئاسایی وەردەگرت و لەبەرژەوەندی گروپی ئەزموونگەریدابوو .

لە ژێر ڕۆشنایی ئەنجامەکان، لێکۆڵەر چەند سەرئەنجامێکی هەڵێنجان، کە بە گشتی ئەوەیان دووپات کرد کە ستراتیجییەتی (SQ3R) کاریگەرییەکی دیار و کارای هەیە ، لە دەستکەوتی قوتابیان و لە پەرەپێدانی مەیلی خوێندنەوەیان ، هەروەها لێکۆڵەر چەند ڕاسپاردەیەکی خستەڕوو لەوان ،زۆربەی مامۆستایانی زمانی کوردی لەکاتی وتنەوەی بابەتی خوێندنەوەی کوردیدا ئەم ستراتیجییەتە بەکاربهێنن و مەشقی لەسەر بکەن و گرنگیش بدەن بە پەیداکردن و پەرەپێدانی مەیلی قوتابیان بۆ خوێندنەوە .

لە کۆتاییدا .. لێکۆڵەر پێشنیاری ئەوەی کرد کە چەند لێکۆڵینەوەیەك لەدوارۆژدا لەم بارەیەوە بکرێ .

## پێرستی ناوەرۆك


| ناونیشانی بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| قورئانی پیرۆز | |
| بڕیاری سەرپەرشتیار | I |
| بڕیاری لێژنەی گفتوگۆکار | II |
| پێشکەش | III |
| سوپاس و پێزانین | IV |
| پوختەی لێکۆڵینەوە | VII-V |
| پێرستی ناوەرۆك | X-VIII |
| پێرستی هێلکاری | X |
| پێرستی خشتەکان | XII-XI |
| پێرستی پاشکۆکان | XIV-XIII |
| **بەشی یەکەم : ناساندنی لێکۆڵینەوە** | **١٣-١** |
| ئاریشەی لێکۆڵینەوە | ١ |
| گرنگی لێکۆڵینەوە | ٢ |
| ئامانجی لێکۆڵینەوە و گریمانەکانی | ٧ |
| سنووری لێکۆڵینەوە | ٩ |
| دیارکردن و پێناسەی لێکۆڵینەوە | ٩ |
| **بەشی دووەم : لایەنی تیوری و لێکۆڵینەوەکانی پێشوو** | **٤٧-١٤** |
| تەوەری یەکەم : میتاکۆگنیشن و ستراتیجییەتی ( SQ3R ) | ١٤ |
| دەروازە | ١٤ |
| چاپووکییەکانی میتاکۆگنیشن لە خوێندنەوەدا | ١٥ |
| گرنگی ستراتیجییەتەکانی میتاکۆگنیشن لە خوێندنەوەدا | ١٦ |
| ڕۆڵی مامۆستا لە ستراتیجییەتەکانی میتاکۆگنیشن لە خوێندنەوەدا | ١٩ |
| ستراتیجییەتەکانی میتاکۆگنیشن | ٢٠ |
| ستراتیجییەتی ( SQ3R ) | ٢١ |
| پێشەکی | ٢١ |
| خەسڵەت و گرنگییەکانی ستراتیجییەتی ( SQ3R ) | ٢٢ |

| | |
|---|---|
| ھەنگاوەکانی ستراتیجییەتی ( SQ3R ) | ٢٣ |
| ڕۆڵی مامۆستا لە ستراتیجییەتی ( SQ3R ) | ٢٦ |
| تەوەری دووەم : خوێندنەوە و مەیلی خوێندنەوە | ٢٧ |
| دەروازە | ٢٧ |
| خەسڵەتەکانی مەیل بۆ خوێندنەوە | ٢٨ |
| گرنگی مەیل بۆ خوێندنەوە | ٢٩ |
| فاکتەرەکانی پەرەسەندنی مەیل بۆ خوێندنەوە | ٣١ |
| دەستنیشانکردن و پێوانی مەیل بۆ خوێندنەوە | ٣٣ |
| ڕۆڵی قوتابخانە و مامۆستا لە گەشەپێدانی مەیل بۆ خوێندنەوە | ٣٣ |
| دووەم : لێکۆڵینەوەکانی پێشوو | ٣٥ |
| خستنەڕووی لێکۆڵینەوەکان | ٣٥ |
| تەوەری یەکەم : لێکۆڵینەوە لەبارەی کاریگەری ستراتیجییەتی (SQ3R) لەسەر دەستکەوت لە خوێندنەوەدا و ھەندێ گۆڕاوی تردا | ٣٦ |
| تەوەری دووەم : لێکۆڵینەوە لەبارەی ھەندێ ستراتیجییەت و ڕێگا لەسەر پەرەپێدانی مەیلی خوێندنەوەدا و ھەندێ گۆڕاوی تر | ٤٣ |
| ئاماژە بۆ ھەندێ لایەنی لێکۆڵینەوەکان و سوودلێوەرگرتنیان | ٤٦ |
| **بەشی سێیەم : ڕێباز و کردارەکانی لێکۆڵینەوە** | **٤٨-٨١** |
| یەکەم : دیزایینی ئەزموونگەری | ٤٨ |
| دووەم : کۆمەڵ و نموونەی لێکۆڵینەوە | ٤٩ |
| أ. کۆمەڵی لێکۆڵینەوە | ٤٩ |
| ب. نموونەی لێکۆڵینەوە | ٤٩ |
| سێیەم : ھاوسەنگی گروپەکانی لێکۆڵینەوە | ٥٠ |
| چوارەم : ئامرازی لێکۆڵینەوە | ٥٩ |
| أ. پێوەری مەیلی خوێندنەوە | ٥٩ |
| ب. تاقیکردنەوەی دەستکەوت | ٦١ |
| پێنجەم : ئامادەکردنی پلانی وانەوتنەوە | ٧٠ |
| شەشەم : دروستی دیزایین | ٧٠ |
| حەوتەم : جێبەجێکردنی ئەزموون | ٧٣ |
| ھەشتەم : پراکتیزەکردنی ئامرازەکانی لێکۆڵینەوە و ڕاستکردنەوەیان | ٧٤ |

| | |
|---|---|
| أ.   پراكتیزەكردنی ئامرازی لێكۆڵینەوە | ٧٤ |
| ب. ڕاستكردنەوەی ئامرازەكان | ٧٤ |
| نۆیەم : هۆكاری ئاماری | ٧٥ |
| **بەشی چوارەم : خستنەڕووی ئەنجامەكان و گفتوگۆكردن لەبارەیانەوە** | ٨٢-٨٨ |
| یەكەم : خستنەڕووی ئەنجامەكان | ٨٢ |
| دووەم : گفتوگۆكردن لەبارەی ئەنجامەكان | ٨٦ |
| **بەشی پێنجەم : سەرئەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیار** | ٨٩-٩٠ |
| یەكەم : دەرئەنجام | ٨٩ |
| دووەم : ڕاسپاردە | ٨٩ |
| سێیەم : پێشنیار | ٩٠ |
| **سەرچاوەكان** | ٩١-٩٩ |
| یەكەم : سەرچاوەكان بەزمانی عەرەبی | ٩١ |
| دووەم : سەرچاوەكان بە زمانی ئینگلیزی | ٩٧ |
| سێیەم : سەرچاوەكان بە زمانی كوردی | ٩٩ |
| **پاشكۆكانی لێكۆڵینەوە** | ١٠٠-١٤٥ |
| پوختەی نامەمەكە بە زمانی عەرەبی | أ - ب |
| پوختەی نامەمەكە بە زمانی ئینگلیزی | C-A |


## پێرستی هێلكاری


| ژمارەی هێلكاری | ناونیشانی هێلكاری | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | دیزایینی ئەزموونگەری لێكۆڵینەوە | ٤٩ |

# پێرستی خشتەکان


| ژمارەی خشتە | ناونیشانی خشتە | لاپەڕە |
| --- | --- | --- |
| ١ | گروپ و هۆبەو ژمارەی قوتابیانی نموونەی لێکۆڵینەوە | ٥٠ |
| ٢ | ئەنجامی تاقیکردنەوەی تایی بۆ دەلالەتی جیاوازی نێوان ناوەندە ژمێری تەمەنی قوتابیانی هەردوو گروپی لێکۆڵینەوە | ٥١ |
| ٣ | ئەنجامی تاقیکردنەوەی تایی بۆ دەلالەتی جیاوازی نێوان ناوەندە ژمێری زانیاری پێشووی قوتابیانی هەردوو گروپ لەبابەتەکانی لە ئەزمووندا دەخوێندرێن | ٥٢ |
| ٤ | ئەنجامی تاقیکردنەوەی تایی بۆ دەلالەتی جیاوازی نێوان ناوەندە ژمێری قوتابیانی هەردوو گروپ لەبابەتی خوێندنەوەی زمانی کوردی / کۆرسی یەکەمدا | ٥٣ |
| ٥ | ئەنجامی تاقیکردنەوەی تایی بۆ دەلالەتی جیاوازی نێوان ناوەندە ژمێری قوتابیانی هەردوو گروپ لەبابەتی ڕێزمان و خوێندنەوەی کوردی ساڵی پاردا | ٥٤ |
| ٦ | ئاستی خوێندنی باوکانی قوتابیانی هەردوو گروپ | ٥٤ |
| ٧ | نرخی کایی دووجا بۆ دەلالەتی جیاوازی لەنێوان قوتابیانی هەردوو گروپ لە ئاستی خوێندنی باوکانیاندا | ٥٥ |
| ٨ | ئاستی خوێندنی دایکانی قوتابیانی هەردوو گروپ | ٥٦ |
| ٩ | نرخی کایی دووجا بۆ دەلالەتی جیاوازی لەنێوان قوتابیانی هەردوو گروپ لە ئاستی خوێندنی دایکانیاندا | ٥٦ |
| ١٠ | ئەنجامی تاقیکردنەوەی تایی بۆ دەلالەتی جیاوازی نێوان ناوەندە ژمێری مەیلی خوێندنەوە لای قوتابیانی هەردوو گروپ | ٥٧ |
| ١١ | ئەنجامی تاقیکردنەوەی تایی بۆ دەلالەتی جیاوازی نێوان ناوەندە ژمێری هەردوو گروپ لە زیرەکی دا | ٥٨ |
| ١٢ | بابەتەکانی لەماوەی ئەزموونەدا دەخوێندرێن و ژمارەی لاپەڕەکانیان | ٦١ |
| ١٣ | نەخشەی تاقیکردنەوە | ٦٥ |

| | | |
|---|---|---|
| ١٤ | دابەشكردنی وانەی هەفتانەی گروپەكانی لێكۆڵینەوە | ٧٣ |
| ١٥ | ئەنجامی تاقیكردنەوەی تایی بۆ دەلالەتی جیاوازی لە نێوان ناوەندە نمرەی قوتابیانی هەردوو گروپ لە دەستكەوتی بابەتی خوێندنەوەی كوردیدا | ٨٣ |
| ١٦ | ئەنجامی تاقیكردنەوەی تایی بۆ دەلالەتی جیاوازی لە نێوان ناوەندە ژمێری تاقیكردنەوەی پێشینەو دواییینەی مەیلی خوێندنەوە لای قوتابیانی گروپی ئەزموونگەری دا | ٨٣ |
| ١٧ | ئەنجامی تاقیكردنەوەی تایی بۆ دەلالەتی جیاوازی لە نێوان ناوەندە ژمێری تاقیكردنەوەی پێشینەو دواییینەی مەیلی خوێندنەوە لای قوتابیانی گروپی كۆنترۆڵكاردا | ٨٤ |
| ١٨ | ئەنجامی تاقیكردنەوەی تایی بۆ دەلالەتی جیاوازی لە نێوان ناوەندە نمرەی جیاوازی گەشەپێدانی مەیلی خوێندنەوە لای قوتابیانی هەردوو گروپ دا | ٨٦ |

## پێرستی پاشکۆکان


| ژمارەی پاشکۆ | ناونیشانی پاشکۆ | لاپەڕە |
| --- | --- | --- |
| ١ | تەمەنی قوتابیانی هەردوو گروپی لێکۆڵینەوە بەمانگ | ١٠٠ |
| ٢ | تاقیکردنەوەی دەستکەوت لە خوێندنەوەدا | ١٠١ |
| ٣ | نمرەی قوتابیانی هەردوو گروپ لە تاقیکردنەوەی زانیاری پێشوویان لە بابەتەکانی لە ئەزموونندا دەخوێندرێن | ١٠٣ |
| ٤ | نمرەی قوتابیانی هەردوو گروپ لە بابەتی خوێندنەوەی زمانی کوردی / کۆرسی یەکەم | ١٠٤ |
| ٥ | نمرەی قوتابیانی هەردوو گروپ لە بابەتی رێزمان و خوێندنەوەی کوردی ساڵی پار ( پێنجەمی بنەڕەتی ) | ١٠٥ |
| ٦ | نمرەی قوتابیانی هەردوو گروپ لە تاقیکردنەوەی پێشینەی پێوەری مەیلی خوێندنەوەدا | ١٠٦ |
| ٧ | نمرەی قوتابیانی هەردوو گروپ لە گۆڕاوی زیرەکی دا | ١٠٧ |
| ٨ | ناوی شارەزا و پسپۆران کە لێکۆڵەر ڕای وەرگرتوون دەربارەی هەندێ کرداری لێکۆڵینەوە | ١٠٨ |
| ٩ | ئەنجامی تاقیکردنەوەی تایی بۆ هێزی جیاکەرەوەی دەستەواژەکانی پێوەری مەیلی خوێندنەوە | ١١٠ |
| ١٠ | پێوەری مەیلی خوێندنەوە | ١١٢ |
| ١١ | ئامانجی ڕەوشتی | ١١٦ |
| ١٢ | ئاستی گرانیی و هێزی جیاکەرەوەی بەندەکانی تاقیکردنەوە | ١٢٥ |
| ١٣ | کارایی بەدیلی هەڵەکان | ١٢٦ |
| ١٤ | تاقیکردنەوەی دەستکەوت لە خوێندنەوەدا | ١٢٧ |
| ١٥ | نموونەی پلانێکی وانەوتنەوە بە پێی ستراتیجییەتی ڕۆبنسۆن (SQ3R) | ١٣٢ |
| ١٦ | نموونەی پلانێکی وانەوتنەوە بە پێی ڕێگای ئاسایی | ١٣٧ |
| ١٧ | نمرەی مەیلی خوێندنەوەی هەردوو گروپی لێکۆڵینەوە لە تاقیکردنەوەی دواییدا | ١٤٢ |
| ١٨ | کلیلی وەڵامە ڕاستەکانی تاقیکردنەوەی دەستکەوت لە خوێندنەوەدا | ١٤٣ |

| | | |
|---|---|---|
| ١٩ | نمرەی قوتابیانی هەردوو گروپی لێکۆڵینەوە لە تاقیکردنەوەی دەستکەوت لە خوێندنەوەدا | ١٤٥ |

# بەشی یەکەم

## ناساندنی لێکۆڵینەوە

- ئاریشەی لێکۆڵینەوە
- گرنگی لێکۆڵینەوە
- ئامانجی لێکۆڵینەوە و گریمانەکانی
- سنووری لێکۆڵینەوە
- دیارکردن و پێناسەی زاراوەکان

## ئاریشەی لێکۆڵینەوە

لێکۆڵەر لە ئاکامی پیشەکەیدا وەك مامۆستای بابەتی خوێندنەوەی کوردی لە قوتابخانە بنەڕەتییەکاندا بۆ ماوەی زیاتر لە شەش ساڵ ، ئەوەی تێبینی کردبوو کە قوتابیان بەگشتی ئاستێکی نزمیان هەیە لە خوێندنەوەداو گرنگی پێویست بەم وانەیە نادەن و زۆربەیان بەوانەیەکی لاوەکی دادەنێن نەك لەبەر ئەوەی وانەیەکی گرنگ نییە، بەڵکو لەبەر ئەوەی شێوازی پێشکەشکردنی وانەکەو بابەتەکانی کە دەخرێنە ڕوو تا ڕادەیەکی زۆر سەرنجییان ڕاناکێشێ ،ئەمەش بۆتە کێشە بۆیان و کاری کردۆتە سەر ئاست نزمییان کە کێشەی سست خوێندنەوەو باش تێنەگەیشتنی ناوەرۆکە .

بۆ دووپاتبوونەوەی ئەم هەستەش ، لێکۆڵەر بەهەڕەمەکی چەند چاوپێکەوتنێکی ئەنجامدا لەگەڵ هەندێ مامۆستای کە خوێندنەوەی کوردی دەڵێنەوە لە سێ پۆلەکەی ناوەڕاستی قۆناغی بنەڕەتی دا ، ئەوانیش هەمان بۆچوونیان دەربڕی و جەختیشیان لەوە کردەوە کە ئەم سستی و لاوازیەی قوتابیان لە بابەتی خوێندنەوەدا زۆر هۆکاری بەدواوەیە ، لەدەست پێکیانەوە قوتابی و بابەت و تا دەگاتە مامۆستاو ئەو ڕێگەو شێوازانەی کە دەیگرێتەبەر لە وتنەوەی ئەم بابەتەدا ، کە زۆربەی خۆی ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێ و قوتابی تەنها گوێگرو وەرگرەو ڕۆڵێکی ئەکتیف ناگێڕێ لە بەجێهێنانی پرۆسەی فێربوون و فێرکردندا ، ئەمەش بە پێچەوانەی ئاراستە پەروەردەییەکانە کە بەردەوام جەخت لەوە دەکەنەوە کە هیچ ئامانجێك وەك پێویست نایەتەدی ئەگەر قوتابی تێدا تەوەری سەرەکی پرۆسەیفێرکردن و فێربوون نەبێت و ڕۆڵی ئەرێنی و چالاك و کارا نەگێڕێ ، بێگومان ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی قوتابی هەست بە بێزاری بکات و بیر و هزری لای وانەکە نەبێت و گرنگی پێ نەدات و لە ئەنجامدا حەزو ئارەزوو و مەیلی خوێندنەوەی لەلادا سست دەبێت یان کز دەبێت ، کە ئەمەش بەنەرێنی کاردەکاتە سەر پرۆسەی فێرکردن و فێربوون.

هەر بۆ هەمان مەبەست ، لێکۆڵەر لە هەندێ لێکۆڵینەوەی لە بارەی زمان و ئەدەبی کوردی ئەنجامدراون ، تێبینیئەوەی کرد کە ئەو ستراتیجییەت و ڕێگایانەی لە وتنەوەی زمان و هونەرەکانیدا بەکاردەهێنرێن ، لەوانیش خوێندنەوە ، بەگشتی ، لەوجۆرانە نین قوتابیان ، وەك پێویست ، بەرەو تەوەربوون ببەن لە پرۆسەی فێرکردن و فێربوون دا و حەزو ئارەزووی خوێندن و فێربوونیش ، بە ئاستی خوازراو لە دڵ و دەروونیاندا بروێنن . (سورچی و مصطفی، ١٩٩٨) ، (سلێمان ، ٢٠٠٨) ، (هالو ، ٢٠١٤)

لێکۆڵینەوەی تریش ، بەشێوەی ناڕاستەوخۆ ، تێبینی ئەوەی کردووە کە ئەو هەڵە زۆرانەی کە قوتابی دەیکات ، هەر لە درکاندنی وشەو شێوازی خوێندنەوەی بابەتی بەردەستییان کە

گوزارشت لە تێگەیشتنیان لەمانای خوێنراوەکە ناکات ، بەوەی بتوانن شێوازی دەنگییان بەرزو نزم بکەن بەگوێرەی پێویست و گۆنەکردنی پیتەکان بەڕاست و دروستی و سست خوێندنەوەیان ، کە تاڕادەیەك ئەمانە هەمووی کاریان کردۆتە سەر ئاستی تێگەیشتنی ناوەرۆك بەگشتی . (ئیبراهیم ، ٢٠٠٧)

لە ژێر رۆشنایی ئەوەی باسی لێوەکرا، لێکۆڵەر باوەری وایە کە یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی ئەم کێشەیە پابەندە بە پرۆسەی فێرکردن،ئەویش بەکارنەهێنانی رێگەو شێوازی وانە وتنەوەی گونجاوە کە بە شێوەیەکی نەرێنی کاردەکاتە سەر رۆڵ و چالاکی و مەیل و ئارەزووی قوتابی ، بۆیە لێکۆڵەر بەگرنگ و پێویستی زانی کە ستراتیجییەتێك تاقی بکاتەوە کە لێکۆڵینەوەکان دووپاتی گرنگی و کارایی کردبێت و قوتابی تێیدا تەوەری سەرەکی پرۆسەی فێرکردن بێت و فێربێت چۆن خۆی فێردەکات ، بەمەبەستی بەکارهێنانی لە وتنەوەی بابەتی خوێندنەوەی زمانی کوردی و بەرزکردنەوەی ئاستی دەستکەوتی قوتابیان و پەرەپێدانی مەیلی خوێندنەوەیان ،ئەمیش ستراتیجییەتی (SQ3R)ی رۆبنسۆنە کە یەکێکە لە ستراتیجییەتەکانی میتاکۆگنیشن و ستراتیجییەتێکی نوێ و کاریگەرە لە وتنەوەی بابەتی خوێندنەوەدا ، تا بزانێ چ کاریگەرییەکی دەبێ لە بەرزکردنەوەی ئاستی دەستکەوتی قوتابیانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی و پەرەپێدانی مەیلی خوێندنەوەیان .

لێکۆڵەر لە رێگەی ئەم دوو پرسیارەدا ئاریشەی لێکۆڵینەوە بەم جۆرە دەخاتە ڕوو :

- بەکارهێنانی ستراتیجییەتی (SQ3R)ی رۆبنسۆن چ کاریگەری دەبێت لە دەستکەوتی قوتابیانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی لە بابەتی خوێندنەوەی کوردی دا ؟
- بەکارهێنانی ستراتیجییەتی (SQ3R)ی رۆبنسۆن لە وتنەوەی بابەتی خوێندنەوەی کوردی بۆ قوتابیانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی ،چ کاریگەری دەبێت لە پەرەپێدانی مەیلی خوێندنەوەیان ؟

## گرنگی لێکۆڵینەوە

خوێندنەوە پرۆسەیەکی عەقڵییە ، لەمیانیەوە هێمای نووسراو یان چاپکراو دەکرێن بە لەفز و لای خوێنەر دیارو ڕوون دەبن و بەهۆیەوە مانای ڕاستەوخۆ و هی ناراستەوخۆ و هی نێوان دێرەکان تێدەگات و هی پاش دێرەکانیش سەرئەنجام دەکات، ڕەخنە لە خوێنراوەکە دەگرێ و هەڵی دەسەنگێنێ و بڕیار لەبارەیەوە دەدات ئاخۆ لای باشەو سوودی لێوەردەگرێ لە

دەستکاریکردنی ڕەفتارو فراوانکردنی ئاستی دەستکەوتی مەعریفی ، یان پێی باش نیەو وەلاوەی دەنێت . لەسەر بنەمای ئەم تێگەیەش دەبێ خوێنەر فێری خوێندنەوە بکرێ ، ئەگەر بەم ڕەنگەش هامشۆی لەگەڵدا کرد ، ئەگەری ئەوەی لێدەکرێ کە ئاستی خوازراوی ئامانج لە خوێندنەوە و فێربووندا بەدەست بهێنێت . (السفاسفة ، ٢٠١٠ ، ص ٧٧ - ٧٨ )

خوێندنەوە پرۆسەیەکی بنیاتنەرانەی چالاکە ، ڕۆڵی خوێنەر تێیدا ڕۆڵی چارەسەری ئەرێنی و کارای مەعریفەیە نەك تەنیا وەرگرێکی نەرێنی یە ، ئەمەش پێویستی بە رێکاری ئاڵۆزو ئاوێتەی عەقڵی و دەروونی هەیە ، هەروەها پێویستی بەئاستی بەرزو جۆرەها شێوازی بیرکردنەوەو شیکردنەوەو لێکدان و هەڵسەنگاندن و دەستکاری و بژارکردن و چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکان هەیە ،کە دەبێ خوێنەر بیانکات . لێرەدا ڕۆڵی هەرە گرنگ و سەرەکی خوێندنەوە دیار دەبێ ، کە فێرخوازو قوتابیان لە ئەنجامیدا فێری ئەم چاپووکییانە و هی تر دەبن و ئامانجە خوازراوەکانی خوێندنەوەش ، وەك پرۆسەیەکی فێرکردن و فێربوون ، وەدەست دەهێنن . (عبدالباري، ٢٠١٠ ، ص٢٣ - ٢٦ )

خوێندنەوە کلیلی مەعریفەو تاکە دەروازەی فیکری مرۆڤایەتیە بۆ وەرگرتنی زانست و زانیاری و چاپووك و شارەزایی لە بوارە جیاجیاکانی ژیان ،بەمەبەستی ڕووبەڕووبوونەوەو خۆگونجاندن لەگەڵ تەکنەلۆجیای سەردەم و لێشاوی زانیاریی نوێ کەگشت ڕووەکانی ژیانی گرتۆتەوە . هەروەها خوێندنەوە بنەماییەکی سەرەکییە لەبنیاتنانی کەسایەتی مرۆڤایەتی و هۆکاری تاکە بۆ پەیداکردنی مەیل و ئاراستەکانی ، هەروەها بۆ پارزنکردنی نرخ و بەهاکانی و پتەو قووڵتر کردنی رۆشنبیرییەکەی ، سەرەڕای ئەوەی کەهۆکاری تێگەیشتن و فێربوون و فێرکردنە . (عامر و بلحاح، ١٩٩٢ ، ص ٤٧ - ٤٩ )

خوێندنەوە ڕۆڵی گرنگی هەیە لە فێرکردن و فێربوون دا ، فێربوونی خوازراو بێ خوێندنەوەی ئاراستەکراو نابێ ، فێرکردن و فێربوونی بابەتەکانی خوێندن لە قوتابخانە و فێرگەکاندا ، بەرێگای خوێندنەوەوە ئەنجام دەدرێن . خوێندنەوە هۆکاری فێرخوازە بۆ گەیاندنی زانیاری و ئامرازی فێربوونیەتی ، یارمەتی تاك دەدات بۆ بنیاتنانی کەسایەتی و گەشەپێدانی ، خوێندنەوە سامانی زمانی زیاد دەکات و مێشك ڕادەهێنێ لەسەر پێکەوە گرێدانی هێما نووسراوەکان و ئەو مانایانەی دەیانگەیەنن ، دەستکەوت لە بابەتەکانی خوێندنەوەدا تاڕادەیەکی یەکجار زۆر پشت بەخوێندنەوە دەبەستێ و لاوازی و بێ شیانی فێرخواز لە خوێندنەوەدا دەبێتە نزمبوونەوەی ئاست و دەستکەوتی خوێندن لەگشت بابەتەکاندا. بەهۆی خوێندنەوەیە گەشە بە مەیلی تاك دەدرێ بۆ خوێندنەوەو ئەدەب ، هەروەها بەزیرەکی و بیرتیژی و گیانی دەستپێشخەری

و داهێنان و ڕەخنەگرتن و هەڵسەنگاندن و چارەسەرکردنی کێشەو گرفتەکان لەهەموو ڕووەکانی ژیانیدا . (عطية، ٢٠١٠ ، ص ٢٧ - ٢٩ )

لێکۆڵەریش باوەری وایە کەئەم گرنگییەی خوێندنەوەو هی تریش ، بەتایبەتی لەبواری فێرکردن و فێربووندا ، وادەکات بایەخی تایبەت و پێویست بدرێ بەخوێندنەوە خۆی ، وەك یەکێك لە ئامرازە هەرە سەرەکییەکانی پرۆسەی فێرکردن و فێربوون ، زۆربەی زۆری ئامانجە خوازراوەکانی ئەم پرۆسەیە ، بەرێگای ناوەرۆکی بابەتەکانی خوێندنەوە وەدەست دەهێنرێن ، ئاستی وەدەستهێنانیش پەیوەندی پتەوی هەیە بە چۆنێتی هامشۆو سەرەدەریکردنی قوتابی لەگەڵ ناوەرۆکدا ، کاتێك کە قوتابی فێرکرا چۆن دەخوێنێتەوەو چۆن بیردەکاتەوەو چی دەکات بۆ ئەوەی وەك خوازراو تێبگات و چاپووکی و کارامەیی دەستەبەر بکات و بتوانێت وەك پێویست بەکاریبهێنێت ، ئەوە دەشێت بیکاتە ئامرازێکی بەهێزو گرنگی گونجاو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی شالأوی تەکنەلۆجیای سەردەم و لێشاوی شۆرشی زانین و زانیاری ، بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکان بەئاسانی و پەیداکردنی ئەو شیان و چاپووکییانەی کە بەهۆیانەوە بتوانێت خۆی لەگەڵ ژیاندا ، بەهەموو ڕووەکانیەوە ، بگونجێنێت .

بەواتاییەکی تر ، دەبێ قوتابی فێربکرێ چۆن خۆی فێردەکات و بیربکاتەوە چۆن بیردەکاتەوەو لە هەر هەڵوێستێکی فێربووندا بە چ جۆرو شێوازی بیرکردنەوە هامشۆ دەکات ، هەلبەتە ئەمەش گرنگیەکی ترە و دەبێ حەزو ئارەزووی خوێندنەوەی هەبێ و بەردەوام مەیلی لەسەر هەبێ ، ئەمەش بۆ هەموو قۆناغەکانی خوێندن گرنگە ، بەتایبەتی بۆ قۆناغی فێرکردنی بنەڕەتی کە قوتابی بۆ قۆناغی خوێندنی ئامادەیی بەرهەڤ دەکات .

ئەدەبیاتی پەروەردەیی وادەڕوانێتە مەیل کە ڕەنگدانەوەیەکی دەروونی یەو پاڵدەرە ڕەفتارێکی کەسی یە کە بەرەو جێبەجێکردنی چالأکیێك یان ئەرکێك هانی دەدات ، مەیل یەکسەر بە پاڵدەرەکانی فێربوون گرێدراوەو پێکهاتەیەکی سەرەکییە لە پێکهاتەکانی کرداری فێربوون ، مەیل ئارەزوو و گرنگیپێدانی قوتابی دەردەبرێ و دەبێتە هێزێکی کاریگەر بۆ کاراو باشتر جێبەجێکردنی ئەرك و چالأکییەکان لە هەڵوێستە جۆراوجۆرەکانی فێرکردن و فێربووندا . مەیل پەیوەندییێکی پتەوی بە فێربوون هەیە ، هەرچەندە مەیلی قوتابی بۆ فێربوون بە گشتی یان بۆ بابەتێکی دیاریکراو زۆربێ ، ئەوا کاراتر هان دەدرێ بۆ زانین و زانیاری و تێگەیشتن و کارامەبوون و چاپووکی لێ پەیداکردن . قوتابخانەی نوێش ، مەیل وەك فاکتەرێکی گرنگ بەکاردەهێنێ بۆ ئاراستەو ڕێنماییکردنی پەروەردەیی . (زیتون ، ١٩٨٨ ، ص ٦٠ - ٦١)

بوونی مەیل بۆ خوێندنەوە قوتابی ئاراستە دەکات و هانی دەداتکە وردترو کاراتر گرنگی بە ناوەرۆکی بابەتی خوێندنەوەکە بدات و بەو ڕەنگە هامشۆی لەگەڵدا بکات کە باش تێیبگات و لێی کارامە و چاپووك بێت و کارا وەریبگرێت و بیپارێزێت و لە بنیاتە مەعریفی یەکەیدا هەڵبگرێت . بێگومان ئەمەش دەبێتە هۆی وەدەستهێنانی ئاستی خوازراوی ئامانجەکانی فێرکردن و فێربوون . هەڵبەتە وروژاندن و پەیداکردن و گەشەپێدانی وەك ئەم جۆرە مەیلەش لای قوتابیان دەکەوێتە ئەستۆی زۆر لایەن ، بەلام جووڵێنەرو بەرپرسیاری ڕاستەوخۆ ، مامۆستایەکە دەتوانێت لەمیان هەڵبژاردن و بەکارهێنانی ڕێگاو شێوازی وتنەوەو فێرکردن و دیزاینیکردنی چالاکی و هەڵوێستە جۆراوجۆرەکانی فێرکردن و فێربووندا ئەم ڕۆڵە لەئاستی پێویست دا بگێرێت (شاری ، ١٩٨٧ ، ص ٤٥) ، (جرادات و أخرون ، ص ٨٥) ، هەروەها دابینکردنی کەش و ژینگەی ئاسایی و لەبارو گونجاوی دەروونی بۆ قوتابی لەکاتی کارو چالاکی و پرۆسەی فێرکردن و فێربووندا ، زۆر گرنگە و مەیل و ئارەزوو لای قوتابی بۆ کارابوون دەوروژێنێ و گەشەی پێدەدات . دەستخۆشی و ئافەرین و هاندانیش پاڵی پێوەدەنێن چالاکتر و رژد ترو کاراتر بێ لە جێبەجێکردن و فێربووندا ( Shaw , 1995 , p.13 ) هەلبەتە وەك ئەم هامشۆو کردارانە و هەڵبژاردن و بەکارهێنانی وەك ئەم جۆرە ستراتیجییەت و ڕێگایانەی خوێندنەوە وتنەوە ، هیوای ئەوەیان لێدەکرێ کە ئامانجە خوازراوەکان تا ئاستێکی بەرزی ویستراو بەدەست بهێنرێن .

ڕووکارو ڕامانی نوێ لە وتنەوەی خوێندنەوەو لە هامشۆکردن دا لەگەڵ ئەو ناوەرۆکەی مەبەست خوێندنەوەیەتی بۆ هەر ئامانجێك بێت ، گرنگی دەدات بە ستراتیجییەتەکانی میتاکۆگنیشن ، لەوانیش ستراتیجییەتی ڕۆبنسۆن (SQ3R) ، کە یەکێکە لە گرنگترین ستراتیجییەتەکانی میتاکۆگنیشن لە فێرکردنی خوێندنەوەدا کە قوتابی بەرەو کۆمەڵێك هەنگاوی وردی دەستنیشانکراو دەبات کە لە میانیاندا تێکەڵ بە زانیاییەکانی تێکستە خوێنراوەکە دەبێت و لەئەنجامدا ئاستێکی بەرزی تێگەیشتنی بەدەست دەکەوێت . (حبیب الله . ٢٠٠٠ ، ص ٤١)

ئەم ستراتیجییەتە کە پێنج هەنگاوی وتنەوەی بابەتی خوێندنەوەو هامشۆکردن لەگەڵ دەقە خوێنراوەکە دەگرێتە خۆیەوە کە ( چاوپێخشاندن ، پرسیارکردن ، ورد خوێندنەوە ، گوێگرتن ، پێداچوونەوە )ن، دەتوانرێ لەزۆربەی بابەتەکانی خوێندن دا بەکاربهێنرێ و ڕێکارەکانیش سووك و ئاسانن، وا لە قوتابی دەکات کە زیاتر چالاك و کارا بێت لە کردارەکانی فێربوون دا و باش ناوەرۆکی تێکستی خوێندراو تێبگات ، هەروەها پەرە بە توانای خوێندنەوەی پشکێنەرو ڕەخنەگرانەی قوتابی دەدات و حەزو مەیلی بۆ خوێندنەوە دەوروژێنێ و وای لێدەکات زیاتر پشت بە خۆی ببەستێت و تەنیا داوای یارمەتی سنووردار لە مامۆستاکەیدا بکات . (عطیة، ٢٠١٠ ، ص ١٥٧)

ڕێکارو هەنگاوەکانی ستراتیجییەتی (SQ3R) قوتابی ئاراستە دەکەن کە پێشەکی چاو بە ناوەرۆکەکە بخشێنێت و تەماشای ناونیشانەکان و وێنەو خشتەو چالاکی و ڕاهێنانەکان ( ئەگەر هەبوون ) بکات بۆ ئەوەی پێزانینی گشتی لەبارەیەوە دەستبکەوێت و لەهەمان کاتیشدا پرسیار بۆ خۆی دادەنێت کە ئەگەری ئەوە لە ناوەرۆکەکەدا دەکرێ کە وەڵامیان بداتەوە ، ئینجا دەست بە خوێندنەوەی دەکات ، خوێندنەوەیەکی وردو بەئاگاو پشکێنەرانە بۆ ئەوەی وەڵامی پرسیارەکانی پێشوو و هی ئێستاش بداتەوەو لەگەڵ هزرو بیرەکانیش ، بەشێوازی خۆی کورت و پوخت دایانبڕێژێت و لە دڵی خۆیدا یان بەدەنگێکی بەرز بۆخۆی بڵێتەوەو دووبارەی بکاتەوە بۆ ئەوەی دڵنیا بێ لە باش تێگەیشتنی داو لە چاك چەسپاندنی لەمێشکدا . لەکۆتاییشدا بەوە دادەچێتەوە کە بەدەستی هێناوەو فێربووە . ئەم هەموو کردارانەش واله قوتابی دەکەن کە لە ئەنجامدا فێربێت خۆی فێربکات و بیربکاتەوە چۆن بیردەکاتەوە بەپێی هەڵوێست و چالاکییە جۆراوجۆرو جیاوازەکانی فێرکردن و فێربووندا . لە کۆتاییش دا ، دڵی بەم جۆرە فێربوونە خۆش دەبێ و چێژی لێوەردەگرێت و حەزو مەیلی خوێندن و خوێندنەوەو فێربوونی بەردەوامیشی لا پەرەدەسێنێت . (الهاشمي و الدليمي، ٢٠٠٨ ، ص ١٨٧ - ١٨٩) ، (عباس و العبسی ، ٢٠٠٧ ، ص ١٧٤ - ١٧٦) ئەمەش هیوای لێکۆڵەرە لەم ستراتیجییەتەدا .

لەوەی باسی لێوەکرا ، لێکۆڵەر لایەنە سەرەکییەکانی گرنگی ئەم لێکۆڵینەوە بەم جۆرەی خوارەوە دادەرێژێت :

١. گرنگی خوێندنەوە بەوەی کە ئامرازێکی سەرەکییە لە فێربووندا ، هەروەها گرنگی تێگەیشتنی ناوەرۆکی بابەتی خوێنراو بەوەی کە کاکڵی پرۆسەی خوێندنەوەو مەبەستی سەرەکی خوێندنەوەی هەر تێکستێکە .
٢. ئەنجامدانی هەر لێکۆڵینەوەیەك لەبارەی کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیجییەتەکانی میتاکۆگنیشن بۆ فێرکردن و فێربوونی خوێندنەوەو تێگەیشتنی ناوەرۆکی بابەتی خوێنراو ، گرنگی تایبەتی خۆی دەبێت بەوەی کە هەندێ ئەدەبیاتی پەیوەندار جەخت لەسەر بەکارهێنانیان لەم بوارەدا دەکەن و هەندێ لێکۆڵینەوەش کاراییان لە هەندێ بابەتی خوێندن دا سەلماندووە .
٣. تاقیکردنەوەی کاریگەری هەر ستراتیجییەت و ڕێگایەکی خوێندن و وتنەوەی زمانی کوردی ، لە ئەمیش دا خوێندنەوە بەوەی کە هونەرێکە لە چوار هونەرەکانی ئەم زمانە ، گرنگی تایبەتی خۆی دەبێت لە باشترکردن و پێشخستنی پرۆسەی وتنەوەی زمانی کوردی بەگشتی و خوێندنەوە بەتایبەتی .

٤. تاقیکردنەوەی ڕادەی کارلێکی ستراتیجییەتی (SQ3R)ی ڕۆبنسۆن لەسەر دەستکەوتی قوتابیانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی دا لە بابەتی خوێندنەوەی کوردی و لە گەشەپێدانی مەیلیان بۆ خوێندنەوە .

٥. ئامادەکردنی پێوەرێك بۆ پێوانی مەیلی قوتابیانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی بۆ خوێندنەوە ، کە دەکرێت مامۆستایانی زمانی کوردی لەم پۆلەو ڕەنگە لە سێ دووا پۆلەکانی ئەم قۆناغەش ، بۆ زانینی ئاستی مەیلی خوێندنەوە لای قوتابیانیان ، سوودی لێوەربگرن .

٦. سەرنجراکێشانی مامۆستایانی خوێندنەوەی کوردی دەڵێنەوە بۆ لایەنێکی گرنگی دەروونی کە مەیل بوونە کە دەکرێ وەك هاندەرێك بەکاری بهێنن بۆ پەیداکردن و گەشەپێدانی حەزو ئارەزووی قوتابیان بۆ خوێندنەوە کە ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە تەواوی پرۆسەی فێرکردن و فێربووندا .

٧. گرنگی پۆلی شەشەم بەوەی کە قوتابی بەرەو سێ دووا پۆلی قۆناغی خوێندن و فێرکردنی بنەڕەتی دەبات ، ئەو قۆناغەی کە قوتابی ئامادە دەکات بۆ دووا قۆناغی گرنگی خوێندنی گشتی .

٨. ئەنجام و سەرئەنجام و ڕاسپاردەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیەسوود دەگەیەنێتە لێکۆڵەرەکانو لایەنی پەیوەندار لە وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان .

٩. سوودگەیاندن بە پەرتووکخانەی کوردی کە لە بواری تایبەت بە پرۆسەی فێرکاری و خوێندن و فێربووندا بە گشتی و زمانی کوردی بە هەموو هونەرەکانیەوە بە تایبەتی ، هەژارەو هەر کۆششێك لەم بوارەدا بکرێ ، گرنگی خۆی دەبێت .

١٠. نەبوونی هیچ لێکۆڵینەوەیەك - بەپێی زانینی لێکۆڵەر - کاریگەری ستراتیجییەتی (SQ3R)ی ڕۆبنسۆنی تاقیکردبێتەوە لەسەر دەستکەوتی قوتابیانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی لە بابەتی خوێندنەوەی کوردی و لە گەشەکردنی مەیلی خوێندنەوەیاندا .

## ئامانجی لێکۆڵینەوە

مەبەست لەم لێکۆڵینەوەیە :

١. زانینی کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیجییەتی (SQ3R)ی ڕۆبنسۆنە لەسەر دەسکەوتی قوتابیانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی لە بابەتی خوێندنەوەی کوردی دا .

٢. زانینی کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیجییەتی (SQ3R)ی ڕۆبنسۆن لە وتنەوەی بابەتی خوێندنەوەی کوردی دا لەسەر گەشەکردنی مەیلی خوێندنەوە لای قوتابیانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتیدا .

## گریمانی لێکۆڵینەوە

بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی لێکۆڵینەوە ، لیکۆڵەر ئەم گریمانانەی دارِشت :

گریمانی یەکەم :

**" جیاوازی مانادارى ئامارى نییە لە ئاستی (٠,٠٥) لە دەستکەوتی قوتابیان لە بابەتی خوێندنەوەی کوردیدا لە نێوان ناوەندە ژمێری نمرەی قوتابیانی گروپی ئەزموونگەری کە بابەت بە پێی ستراتیجییەتی (SQ3R)ی رۆبنسۆن وەردەگرن و ناوەندە ژمێری نمرەی قوتابیانی گروپی کۆنترۆڵکار کە هەمان بابەت بە ڕێگای ئاسایی وەردەگرن . "**

گریمانی دووەم :

**" جیاوازی مانادارى ئامارى هەیە لە ئاستی (٠,٠٥) دا لە نێوان ناوەندە ژمێری نمرە جیاوازی گەشەکردنی مەیلی خوێندنەوە لە تاقیکردنەوەی پێشینەو دوایینە لای قوتابیانی گروپی ئەزموونگەری** ئەوانەی **بابەتی خوێندنەوە بە پێی ستراتیجییەتی ( SQ3R )ی ڕۆبنسۆن وەردەگرن و لە بەرژەوەندی تاقیکردنەوەی دوایینە دایە . "**

گریمانی سێیەم :

**" جیاوازی مانادارى ئامارى هەیە لە ئاستی ( ٠,٠٥) لە نێوان ناوەندە ژمێری نمرەی جیاوازی گەشەکردنی مەیلی خوێندنەوە لە تاقیکردنەوەی پێشینە و دواییندا لای قوتابیانی گروپی کۆنترۆڵکار ئەوانەی بابەتی خوێندنەوە بە پێی ڕێگای ئاسایی وەردەگرن و لە بەرژەوەندی تاقیکردنەوەی دوایینە دایە ."**

گریمانی چوارەم :

**" جیاوازی مانادارى ئامارى نییە لە ئاستی (٠,٠٥) لە نێوان ناوەندە ژمێری نمرە جیاوازی گەشەکردنی مەیلی خوێندنەوە لای قوتابیانی گروپی ئەزموونگەری کە بابەتی خوێندنەوە بە پێی ستراتیجییەتی (SQ3R)ی رۆبنسۆن وەردەگرن و ناوەندە ژمێری نمرەی جیاوازی**

**گەشەکردنی مەیلی خوێندنەوە لای قوتابیانی گروپی کۆنترۆڵکار کە هەمان بابەت بە پێی ڕێگای ئاسایی وەردەگرن . "**

## سنووری لێکۆڵینەوە

سنووری لێکۆڵینەوە ئەمەیە :

۱. **قوتابیانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتیی قوتابخانە تێکەڵاوەکانی سەر بە پەروەردەی ناوەندی هەولێر.**
۲. **کۆرسی دووەم بۆ ساڵی خوێندنی ۲۰۱۳ - ۲۰۱٤ .**
۳. **سیانزە بابەت لە بەشی خوێندنەوەی کتێبی ( ڕێزمان و خوێندنەوەی کوردی )ی بڕیاردراوی بۆ پۆلی شەشەمی بنەڕەتی - لە قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان / عیراق بۆ ساڵی خوێندنی ۲۰۱۳ - ۲۰۱٤ ( حکوومەتی هەرێمی کوردستان ، ۲۰۱۲ ، ل ۹۱ - ۱۲۸ ) .**

## دیارکردن و پێناسەی زاراوەکان

### ۱. ستراتیجییەتی SQ3R :

هەر یەکێك لەمانەی خوارەوە ئاوا پێناسەی ( ستراتیجییەتی SQ3R ) یان کردووە :

**Robinson ( 1970 )**

**" ڕێگایەکی کاریگەر و کارایە، لە پێنج هەنگاو پێك دێت ( پێداچوون ، داڕشتنی پرسیار ، خوێندنەوەیەکی سەرەتایی ، گوێدان و گێڕانەوە ، خوێندنەوەی کۆتایی )، ڕێگایەکی باشیشە بۆ کەمکردنەوەی ئەو کاتەی بۆ وەرگرتن و تێگەیشتن و پێکەوە گرێدان و لەبەرکردنی بابەتی زانستی، تەرخان دەکرێت ." ( Robinson , 1970 , p.8 )**

**حبیب الله ( ۲۰۰۰ ) :**

**"کۆمەڵێ پرنسیپ و بنەمای دەروونییە قوتابی بەشێوەیەکی باش بەرەو تێگەیشتنی بابەتی دەخوێنێتەوە دەبات و هاوکاری دەکات ئەو ڕێگرو کۆسپانەی دەکەونە پێشی لە خوێندنەوەدا ڕایان ماڵێت ."( حبیب الله ، ۲۰۰۰ ، ص ۳ )**

**Ruthus( 2002 )**

" ڕێگەیێکە هاوکاری قوتابیان دەکات بەشداریەکی کارا بکەن لە جێبەجێکردنی پێنج هەنگاوەکانی ( پێداچوون ، پرسیار ، خوێندنەوە ، گوێدان ، گێڕانەوە ) ." (Ruthus, 2002 , p.54 )

**عباس و العبسي ( ٢٠٠٧ ) :**

" ستراتیجییەتێکی تێگەیشتنی خوێندنەوەیە ، کە لە میانیدا تاك چوارچێوەیەکی مێشکی دەربارەی ئەو بابەتەی مەبەست خوێندنەوەیەتی پێك دەهێنێت و ئامانجی بۆ دادەنێت بەو شێوەیەی زانین و زانیاریەکان بە دروستی و ڕێکخراوی بچەسپێت و جەخت دەکاتە سەر لەبەرکردنی زانیارییە نووسراوەکان و پشت بە پێنج هەنگاوی سەرەکی دەبەستێت ." (عباس و العبسي، ٢٠٠٧ ، ص ١٧٤ )

**الهاشمي والدليمي ( ٢٠٠٨ ) :**

" گرنگترین ستراتیجییەتی میتاکۆگنیشنە لە فێرکردنی خوێندنەوەدا کە خوێنەران بەرەو کۆمەڵێ هەنگاوی وردو دیارکراو دەبات کە بە هۆیانەوە قوتابیان لەگەڵ زانیارییەکانی تێکستی خوێندراودا تێکەڵ دەبن و لەئەنجامدا ئاستی بەرزی تێگەیشتن بەدەستەوە دێت. " (الهاشمی والدلیمی، ٢٠٠٨، ص١٨٧)

**عطية ( ٢٠١٠ ) :**

" ستراتیجییەتێکی میتاکۆگنیشنە، بە سیستەمی پێنج هەنگاو بۆ خوێندنەوە ناو دەبرێ و لەو ستراتیجییانەیە کە بەشداری لە زێدەکردنی کارایی خوێندنەوەو باشتر وەرگرتن و تێگەیشتن دەکات. " (عطية ، ٢٠١٠ ، ص ٤٤ )

**پێناسەی تیۆری ( ستراتیجییەتی SQ3R ) :**

لێکۆڵەر بەم شێوەیەی خوارەوە پێناسەی تیوری ( ستراتیجییەتی SQ3R ) دەکات :

ستراتیجییەتێکە لە ستراتیجییەتەکانی میتاکۆگنیشن لە پێنج هەنگاوی هامشۆکردن لەگەڵ بابەتی خوێندنەوەدا پێك دێت ، واله قوتابیان دەکات باشترو کاراتر تێکەڵ بەناوەرۆکی خوێنراوەکە بن بۆ وەدەستهێنانی ئاستی خوازراوی ئامانجە فێرکارییەکان .

**پێناسەی ڕێکاری بۆ ( ستراتیجییەتی SQ3R ) :**

به پێی پێناسەکانی سەرەوەو ئامانجی لێکۆڵینەوە ، لێکۆڵەر بەم شێوەیە پێناسەی ڕێکاری ( ستراتیجییەتی SQ3R ) دەکات :

ستراتیجییەتێکە لە ستراتیجییەتەکانی میتاکۆگنیشن ، بریتیە لە پێنج هەنگاو ( چاوپێخشاندن ، پرسیارکردن ، خوێندنەوەی سەرەتایی ، گوێدان و گێڕانەوە ، خوێندنەوەی کۆتایی یان پێداچوونەوە ) کە قوتابیانی گروپی ئەزموونگەری لەسەری دەڕۆن بەشێوەی خودی و بەهاوکاریکردنی مامۆستا/لێکۆڵەر بەمەبەستی تێگەیشتنی ناوەڕۆکی بابەتەکانی خوێندنەوەی کوردی ئەوانەی لە ماوەی ئەزموونداوەریان دەگرن ، هەروەها بۆ گەشەکردنی مەیلیان بۆ خوێندنەوە .

**٢. دەستکەوت :**

هەریەکێك لەمانەی خوارەوە ئاوا پێناسەی دەستکەوتییان کردوە :

**Hannllah&Guriguis( 1998 )**

" گەیشتنە ئاستێکی دیاریکراوی شیانە لە خوێندن دا کە بەتاقیکردنەوەکانی دەستکەوت و ڕاپۆرتی مامۆستایان دەزانرێ. " ( Hannllah&Guriguis, 1998, p.11 )

**الزيود و عليان ( ٢٠٠٥ ) :**

" ڕادەی وەدەستهێنانی ئامانجەکانی فێربوونی بابەتێکە کە قوتابی وەری گرتووە و خوێندوویەتی یان ڕاهێنانی لەسەر کردووە لەکاتی بەشدارکردنی دا لە کارو چالاکییە بەرنامەکراوەکاندا." ( الزيود و عليان ، ٢٠٠٥ ، ص ٣٩ )

**Schmidt ,etal ( 2006 )**

" ڕادەو ئاستی ئەو پێشکەوتنەیە کە لە فێربون و شیانی قوتابی ڕوودەدات لە ئەنجامی تێپەربوونی بە پرۆسەیەکی دیاری فێربووندا." ( Schmidt , 2006 , p.10 )

**علام ( ٢٠٠٦ ) :**

" ڕادەو نمرەی سەرکەوتنە کە قوتابی لە بواری خوێندنی خۆی دا بەدەستی دەهێنێت." ( علام ، ٢٠٠٦ ، ص ١٢٢ )

**پێناسەی رێکاری بۆ دەستکەوت :**

ئەو زانیارییانەن کە قوتابی نموونەی لێکۆڵینەوە بەدەستی دەهێنێت لە بابەتەکانی خوێندنەوەیکوردی دا ئەوانەی کە لەماوەی ئەزمووندا دەیان خوێنێت و بەو نمرەش دەپێورێ کە لەو تاقیکردنەوەی بۆ ئەم مەبەستە ئامادەکراوە ، وەری دەگرێت .

**٣. بابەتی خوێندنەوەی کوردی :**

مەبەست بابەتەکانی خوێندنەوەی کوردین کە بۆ ئەزموونی لێکۆڵینەوە دیارکراون لە پەرتووکی ( خوێندنەوەی کوردی )دا بۆ پۆلی شەشەمی بنەڕەتی لە قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستانی عیراق دا .

**٤. مەیلی خوێندنەوە :**

**فضل الله ( ١٩٩٠ ) :**

" گرنگی دان بە بوارێکیان بابەتێکی دیاریکراوی خوێندنەوەو هاندان و جۆشبوون بۆ خوێندنەوەی زیاتر لە بوارو بابەتی تر ." ( فضل الله ، ١٩٩٠ ، ص ١١ )

**Wilson ( 1991 )**

" ڕێکخستنێکی دەروونیی تاکە ، گرنگی پێدانی بەرامبەر بابەتە نووسراوەکان دەوروژێنێت و هانی دەدات بەشداری بکات لە چالاکییە عەقلییەکان یان ئەداکانی پێیەوە پەیوەستەو جۆرە حەزو خۆشییێکی بۆ پەیدادەکات لەکاتی ئەداکردن و سازدانی دا." ( Wilson , 1991 , p.43 )

**Wittemore( 1992 )**

" هەڵبژاردنی مەبەستداری پەرتووک و بابەتی چاپکراوە کە ئامانجەکەی وەدەستهێنانی جۆرێك خۆشی و چێژ وەرگرتنی تاکە لەوەی دەیخوێنێتەوە."( Wittemore, 1992 , p.2 ) لە ( عبدالباري ، ٢٠١٠ ، ص ١٩٥ )

**عطية ( ١٩٩٦ ) :**

" بریتیە لە جۆرە بابەتێکی خوێندنەوە لە بوارێکی دیاریکراودا کە قوتابی لە جۆرەکانی تر بەباشتر دایدەنێ و لە خوێندنەوەی دا چێژو خۆشییەکی زۆرتری لێوەردەگرێ لە چاو هی تردا . " ( عطية ، ١٩٩٦ ، ص ١٢ )

**اللقاني و الجمل( ٢٠٠٣ ) :**

" گرێدان و پەیوەست بوون و گرنگی پێدانی تاکە بە خوێندنەوەی بابەتێ یا بوارێکی دیاریکراو لە هەر بوارێکی ڕامیاری ، کۆمەڵایەتی ، ڕۆشنبیری ، زانستی ، یاژینگەیی بێ کە بە ڕەوش و ئارەزووی زیاتر لە بابەتێ یابوارێکی تر ڕووی تێدەکات و بەپێی کەس و تەمەن و ژینگەش دەگۆرێت . " ( اللقاني و الجمل، ٢٠٠٣ ، ص ٣٢٠ )

**محمد ( ٢٠٠٣ ) :**

" هەستێکە کۆمەڵێ ڕەگەزی ناوەوە وەك ئارەزوو و گرنگی پێدان و دەرەوە وەك کاردانەوەی تاك بۆ خوێندنەوەی بابەتێکی نووسراو دەگرێتە خۆیەوە ، ئەمانە هانی دەدەن بە جۆش و خۆشی یەوە بابەتەکە بخوێنێتەوە و چێژی لێ وەربگرێت ، ئەمەش واتە - مەیلی خوێندنەوە - لە سێ ئاستی تەواوکەر پێك دێت : حەزی دیتن و گەڕان ، گرنگی پێدان و گرێدانی ویژدانی بە بابەتی خوێندنەوە." ( محمد ، ٢٠٠٣ ، ص ١٤٠ )

**پێناسەی تیوری بۆ مەیلی خوێندنەوە :**

لێکۆڵەر مەیلی خوێندنەوە بە شێوەی تیۆری بەم جۆرە پێناسە دەکات :

حەز و گرنگی دانی تاکە بە بوارێك یا بابەتێکی خوێندنەوە یا هەر شت و چالاکییێکی پەیوەندی بەوەوە هەبێت کە پالی پێوە دەنێت باش و کارا بێت لە فێربوونی یا کردنی دا .

**پێناسەی ڕێکاری بۆ مەیلی خوێندنەوە :**

بە پێی پێناسەکانی سەرەوە و ئامانجی لێکۆڵینەوە ، لێکۆڵەر پێناسەی ڕێکاری بۆ مەیلی خوێندنەوە بەم شێوەیە دادەرێژێت :

حەز و گرنگی دانی قوتابی نموونەی لێکۆڵینەوەیە بە بابەتی خوێندنەوە و شت و چالاکی پەیوەندی پێوە هەبێت ، بەو نمرەیەش دەپێورێ کە وەری دەگرێ لە میانەی وەلامدانەوەی پێوەری مەیلی خوێندنەوە کە لێکۆڵەر بۆ ئەم مەبەستە ئامادەی کردووە .

# بەشی دووەم

## لایەنی تیۆری و لێکۆڵینەوەکانی پێشوو

### یەکەم : لایەنی تیۆری

### دووەم : لێکۆڵینەوەکانی پێشوو

# بەشی دووەم

## لایەنی تیۆری

- تەوەری یەکەم

**میتاکۆگنیشن و ستراتیجییەتی SQ3R**

- تەوەری دووەم

**خوێندنەوە و مەیلی خوێندنەوە**

# تەوەری یەکەم :

## میتاکۆگنیشن و ستراتیجییەتی SQ3R

- دەروازە
- چاپووکییەکانی میتاکۆگنیشن لە خوێندنەوەدا
- گرنگی ستراتیجییەتەکانی میتاکۆگنیشن لە خوێندنەوەدا
- ڕۆڵی مامۆستا لە ستراتیجییەتەکانی میتاکۆگنیشن لە خوێندنەوەدا
- ستراتیجییەتەکانی میتاکۆگنیشن
- ستراتیجییەتی SQ3R
- پێشەکی
- خەسڵەت و گرنگییەکانی ستراتیجییەتی SQ3R
- هەنگاوەکانی ستراتیجییەتی SQ3R
- ڕۆڵی مامۆستا لە ستراتیجییەتی SQ3R دا

## دەروازە

تێگەی میتاکۆگنیشن ( Meta – Cognition ) لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی بیستەم دا پەیدابوو و ڕەهەندێکی نوێی خستەسەر بواری دەروونزانی مەعریفیو ئاسۆیەکی فراوانی لەبەردەم لێکۆڵینەوەی ئەزموونی و دانووستاندنی تیووری والآ کرد لە بابەتەکانی زیرەکی و بیرتیژی و بیرکردنەوەو چاپووکییەکانی فێرکردن و فێربوون،لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا، گرنگی زۆر بەم تێگەیە دراو بەردەوامیش پێی دەدرێت .

تێگەی میتاکۆگنیشن مانای بیرکردنەوە لە پرۆسەی بیرکردنەوەو ڕێکارەکانی بیرکردنەوە دەدات، هاوکارە بۆ ڕەخساندنیژینگەیەکی لەباری فێرکردن و فێربوون کە بیرکردنەوە تێیدا سەر پشکە ،فێرخوازیش تەوەری سەرەکییەو کارایە لە کۆکردنەوەو ڕێکخستنی زانیاری و بەدوواداچوون وبەسەر کردنەوەو هەڵسەنگاندنی زانیارییەکان لە کاتی پرۆسەی فێربووندا . هەروەها تواناوشیان وپێکرانی فێرخواز زێدەو کاراتردەکات لەسەر بەکارهێنانی زانیارییەکان و باش بەگەرخستنی لە هەلۆیستە جیاوازو جۆراوجۆرەکانی فێربوون دا ، سەرباری شارەزابوون و پتر لێهاتوویی وڕاهێنانی چالآکتری لە بیرکردنەوە بە ڕێگاو شێوازی چاکترو پەرەدانی بەردەوام بە ڕوودانی ئاراستەکانی ئەرێنی بەرامبەر بە بابەتەکانی خوێندن، هەلبەتە ئەمەش لە فاکتەرە سەرەکییەکانی بەدەستهێنانی فێربوونێکی کاراو خوازراوە .

تێگەی میتاکۆگنیشن ( Meta – Cognition )، بۆ یەکەمجار لە ساڵی ( ١٩٧٧ )دا لەسەر دەستی دەروونزانی ئەمریکی فلاڤل (Flavell ) سەری هەڵداو مەبەستی لێکۆڵینەوە بەراییەکانیش بە ئەزموون تاقیکردنەوەیکاریگەرییەکەی بوو لە بواری باشترلێکردن و پەرەپێدانی توانای منداڵان لەسەر بیرکەوتنەوە ، ئەمیش لە ڕێگای یارمەتیدانیان بیرکردنەوەو چۆنیەتی بیرکردنەوە لەو ئەرك و کارانەی ڕووبەڕوویان دەبنەوەو ئەو ستراتیجییەتانەی باشن بۆ چارەکردنیان بەکاربهێنرێن . ( الهاشمي والدليمي، ٢٠٠٨ ، ص ٥١ )

میتاکۆگنیشن ، زاراوەیێکە ئاماژە بەوە دەدات کە دەبێ تاك بزانێت چۆن (فێربوون) لای ئەو ڕوودەدات و چۆن زانیارییەکانی ئەم فێربوونەی بیردەکەوێتەوە . بە واتایێکی تر، پێداچوونەوەو ڕێکخستنی خود و ئاگاو وشیاربوون بە ستراتیجییەتەکانی فێربوونفێربێت چۆن خۆی فێردەکات و چۆن بیردەکاتەوەو چۆن لەگەڵخودی خۆیدا دەدوێ بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەو گرفتەکان و بەدواداچوونیان . واتە میتاکۆگنیشن دەسەلآتێکی بالآیە، ئەرکەکەی پلان دانان و چاودێریکردن و هەڵسەنگاندنی ئەدای تاکە لەچارەسەرکردنی کێشەکان،هەروەها چاپووکییەکانی

جێبەجێکردنە ، کارە سەرەکییەکانی ئاراستەکردنی کارامەییە جیاوازو جۆراوجۆرەکانی بیرکردنەوەیە کە لەچارەسەرکردنی گرفت و بەدواداچوونی دا بەکاردەهێنرێن .

زانایان لەسەر ورد دەستنیشانکردنی تێگەی میتاکۆگنیشن رێك نەکەوتوون ، بەلآم بە گشتی هاوڕان لەسەر ئەوەی کە مەبەست لێی بیرکردنەوەیە لە بیرکردنەوەدا، یان بیرکردنەوە لەبارەی زانینە خودییەکان، یان لەبارەی چارەسەرییە خودییەکان، ئەمیش واتە - میتاکۆگنیشن - بریتییەلە : وشیاری ، تێگەیشتن، بالآدەستی ، دارشتنەوەی بابەت ، هەڵبژاردنو هەڵسەنگاندن ، کە لە ئاکامی تێکەلآوبوون لەگەڵ ئەرکە فێرکارییەکان پەیدا دەبن . ( Leauther&Mclaughlin, 2001 ) لە ( العتوم والجراح و بشارة، ٢٠٠٧ ، ص ٢٦٨)

## چاپووکییەکانی میتاکۆگنیشن لە خوێندنەوەدا

هەندێ زانا وئەدەبیاتی پەیوەندار ، چاپووکی و کارامەییەکانی میتاکۆگنیشنیان لە خوێندنەوەدا دیاریکردوون ، کە لە هەندێکیاندا جیاوازن و لەهەندێکی تردا هاوڕان ، بەشێوەیەکی گشتی دەکرێ بەم جۆرەی خوارەوە پوخت رێکبخرێن :

١. وشیاری خودی خوێنەر، کە بەندە بەرێکارەکانی عەقڵی کە لەکاتی خوێندنەوەدا بەکاری دەهێنێت بەمەبەستی تێگەیشتنی ئەوەی دەیخوێنێتەوە، ئەم کارەش بەسێ گۆڕاوی سەرەکی گرێدراوە کە ئەمانەن:

- وشیاری تاك بە تواناکانی عەقڵی و ئامادەباشی و مەیل و ئارەزوو و هەست و بیرکردنەوەی.
- وشیاریتاك بە خەسلەتەکانی ئەو بابەتەی دەیخوێنێتەوە،هەروەهابە چۆنیەتی ڕێکخستن و تێکبەستنەوەی بیرو هزرەکان و ڕادەی پەیوەندی بە زانیارییەکانی پێشووتری،هەروەها بە چۆنیەتی دارشتنی ورستە و دەستەواژەو ناونیشانە لاوەکی و سەرەکییەکان .
- وشیاری تاك بە ڕێگاکانی خوێندن و چالآکییەکانی فێرکاری کە بۆ وەرگرتن و تێگەیشتن بەکاریان دەهێنێت. ( دروزة ، ٢٠٠٤ ، ص ١١٢ - ١١٣ )

٢. چاپووکییەکانی جێبەجێکردن لە خوێندنەوەدا ، کە ئەم چاپووکییەلاوەکییانەی خوارەوەن :

أ- پلان دانان، کە ئەم چاپووکییە لاوەکییانە دەگرێتەوە :

- دیاریکردنی ئامانج لە خوێندنەوەدا .
- دیاریکردنی زانیاریەکانی پێشوو لەبارەی بابەتەکەوە .
- پێشبینیکردنی بیرۆکەی گشتی بابەتەکە .
- پێشبینیکردنیئەو بیرە سەرەکییانەی بابەتەکە دەیانگرێتە خۆیەوە .

- دیاریکردنی بیرە لاوەکییەکانی بابەتەکە .
- دیاریکردنی پەیوەندی بیرە لاوەکییەکان بە بیری گشتی بابەتەکەوە .
- پلان دانان بۆ بابەتەکەو دانانی بە شێوەی وێنە یان نەخشەیەکی مێشکی یان تێگەهان .
- بەسەرکردنەوەی تاك بۆ پرۆسەی پلان دانانەکەی .
- بڕیاردان لەسەر ڕووە باشەکانی پلان .

ب. چاودێری خودی کە ئەم چاپووکییانە دەگرێتەوە :

- خوێنەر بزانێت کەی لەبیرێکەوە دەچێتە بیرێکی تر، یان لە بڕگەیەکەوە بۆ یەکێکی تر.
- بریاردان لەبارەی ئاستی پێشکەوتنی لە خوێندنەوەدا .
- بریاردان لەبارەی ئاستی تێگەیشتنی ئەوەی دەیخوێنێتەوە .
- دۆزینەوەی ئاستەنگەکانی خوێندنەوەو چۆنیەتی چارەسەرکردنیان .

پ. هەڵسەنگاندن، کەئەم چاپووکییانەن :

- بڕیاردانە گشتییەکەی لەسەر بیرو هزرەکانی بابەتەکە .
- بڕیاردان لەبارەی توانای نووسەر لە دەربڕینی ئامانجەکانی دا .
- هەڵسەنگاندنی ئاستی دەستکەوت لە بابەتی خوێنراودا .
- هەڵسەنگاندنی ڕادەی چاودێریکردنی خوێنەر بۆ خوودی خۆی .
- دیاریکردنی ئەو زانیارییە نوێیانەی لەئاکامی خوێندنەوەکەداوەریگرتوون .

ت. ڕێکخستنی خودی، ئەویش :

- تاك ئاستی توانای خۆی بزانێ .
- تێکەڵاوبوون لەگەڵ ناوەرۆکی بابەتە خوێنراوەکەدا .
- دیاریکردنی ستراتیجییەتی لەبار بۆ خوێندنەوەی بابەتەکە .
- دەستکاریکردنی ستراتیجییەتەکە لەکاتی پێویست دا .
- دووبارە بۆ خۆ وتنەوەی هەندێ لە بیرە گرنگەکانی ناو بابەتەکە .
- کورتکردنەوەی بیرە سەرەکی و لاوەکییەکان بە وردی و بەشێوازی خوێنەر .
- پرسیار لەخۆ کردن لەکاتی خوێندنەوە ئاخۆ چی تێگەیشتووەو چی لێ تێنەگەیشتووە .

( اکسفورد، ١٩٩٦ ،ص ١٣٨ - ١٤٠ )، ( الفرماوي و رضوان، ٢٠٠٤ ، ص ١٠٩ - ١١١ )

## گرنگی ستراتیجییەتەکانی میتاکۆگنیشنی خوێندنەوە

بەکارهێنانی فێرخواز بۆ ستراتیجییەتەکانی میتاکۆگنیشن لە خوێندنەوەدا، دەبێتە هۆی پەرەسەندنی توانای بیرکردنەوەی لەو شتەی فێری دەبێتوتوانای بڕیار لەسەردانیفێربوونەکەشی زێدەدەبێت ،کەش و ژینگەیەکی لەباری فێربوونیشی بۆ دەرەخسێنێ کە لەئاکامیداباش

بیربکاتەوە بشێت کێشەو گرفتەکە چارەبکات . بەگشتی، دەتوانرێ گرنگی و سوودەکانی ستراتیجییەتەکانی میتاکۆگنیشن لەم خالأنە بەرچاوبخرێن :

- یارمەتی فێرخواز دەدات زانیاری وشارەزاییە نوێکان تێکەلأو بەهی پێشووی بکات .
- وای لێدەکات بە رۆڵێکی ئەرێنیهەڵبسێت لە کۆکردنەوەو ڕێکخستنی زانیاریو بەدواداچوون و هەڵسەنگاندنی لەکاتی کردارەکانی فێربوون دا .
- فێربوونێکی باش و کارا دەستەبەر دەکات لەئاکامی کاریگەرکردنی توانای بیرکردنەوە لای فێرخواز .
- کاراکردنی توانای فێرخواز لەسەر هەڵبژاردنی لەبارترین ستراتیجییەتبۆ فێربوون .
- باشتر لێکردنی ئەدای ئەو فێرخوازانەی گرفتی فێربوونیان هەیە . ( البادري ، ٢٠١١ ، ص ٦٦٣)
- زێدەکردنی توانای فێرخوازان لە تێگەیشتن و رەخنەگرتن و بەرهەمهێنانی بیروهزرینوێ و داهێنەرانەدا .
- کارابوونی پێکران و شیانی فێرخوازان لە چارەسەرکردنی کێشەو گرفتەکانیاندا .
- یارمەتی گواستنەوەی کارلێکی فێربوون دەدات .
- فێرخواز هان دەدات پتر گرنگی بدات بە پلان دانان وچاودێری کردن و هەڵسەنگاندنی فێربوونەکەی .
- ئەم جۆرە ستراتیجییەتانەلە بواری پراکتیك دا رۆڵی گرنگیان هەیە .
- فێرخواز لە ئاستی فێربوونی چەندێتی بۆ ئاستی فێربوونی جۆرێتی دەبات .
- گەشەپێدانی چەندین چاپووکی جۆراوجۆر لای فێرخوازان کە دەبنە بناغەیەکی پتەو قوتابی لە ئاستی (قوتابی)بەرەو (شارەزا) دەبات .
- واله قوتابی دەکات ئەو شیانەی هەبێت ڕووبەرووی گرفتەکان ببێتەوە لەکاتی خوێندن دا .
- پێی بکرێت ئاستەنگ و گرفتەکان چارەسەر بکات و چاوبگێرێتەوە بەو شێوازو چالأکییە زانینییانەی بەکاری هێناون . ( ابراهیم ، ٢٠٠٥ ، ص ١٠٤ - ١٠٦ ) ( الهاشمی و الدلیمی ، ٢٠٠٨ ، ص ٥٣٥٢ )

کۆستا و کالیك ( Costa &Kallick, 2003 ) ئاماژە بەوە دەدەن کە زۆر ئەرك هەن ستراتیجییەتەکانی میتاکۆگنیشن بەشداری کارای وەدەستهێنانیان دەکەن ، لەمانە :

- واله تاکان دەکەن پلانی کارکردنیان پێشبێخن وتاماوەیەك لە مێشکیاندا بیپارێزن و بەسەری بکەنەوەو پاش تەواوبوونیش، وردودروست هەڵی بسەنگێنن .
- والەتاك دەکەن چاودێری ئەو بڕیارانە بکات ،کە دەیدات و شرۆڤەیان بکاتەوەو تێبینی لەبارەیانەوە بخاتەڕوو .

- کرداری بریاردانەکانی کاتی ئاسان دەکات و ئامادەباشی تاکیش بۆ هەڵسان بە چالاكی تر هەڵدەسەنگێنێ .
- واله تاك دەکات باشتر دەرك بەکارو رەفتارەکان و ئاستی کارلێکی لە کەسانی تردا بکات .
- پەرە بە توانای تاك دەدات کە لەکاتی گەڕان بە شوێن زانیاری و ماناکان، پرسیار لەخۆی بکات و هەردەم لەگەڵ خۆیدا بدوێت .
- پەرە بەچاپووکی دروستکردنی نەخشەی تێگەهان لای فێرخواز دەدات بەرلە جێبەجێکردنی ئەرك وکارەکانی .
- واله تاکەکان دەکات بەردەوام ئاگایان لە پلانەکانیان بێت ولە ڕاستکردنەوەو دەستکاری کردنیش دا پێکراوبن .
- یارمەتی قوتابیان دەدات کە بشێن بەئاسانی زانیارییەکان کۆبکەنەوەو چارەسەری گرفتەکانیان بکەن کە ڕووبەڕوویان دێن .
- پەرە بە ئەدای ئاست نزمەکان دەدات لە ئاکامی ورووژاندن و داگیرساندنی بلێسەی بیرکردنەوەو جۆری بیرکردنەوەیان .
- پەرە بە کرداری خۆهەڵسەنگاندن لای تاك دەدات کە کردارێکی باڵای عەقلی یە بۆ باشترکردن و پێشخستنی کاریگەرە . (costa &Kallick, 2003) لە (ابوجاد و نوفل ، ٢٠١٠ ، ص ٣٤٧ - ٣٤٨ ) .

هەندێ لێکۆڵەرو ئەدەبیاتی تر ئەو رۆڵانەیان پوخت کردوونەوە کە ستراتیجییەتەکانی میتاکۆگنیشن لەبواری فێرکردنی خوێندنەوەو هامشۆکردن لەگەڵ ناوەرۆکەکەیدا دەیگێرن ، لەمانە :

- واله قوتابی دەکات ڕوو لە فێربوونی جۆرەکی بکات و توانای تێگەیشتنی زۆرتر بێت .
- گەشە بە توانای قوتابی دەدات لەڕووی پلان دانان بۆ پرۆسەی فێربوون وچاودێریکردنی خودی خۆی لەکاتی خوێندنەوەداو کردارە عەقلیەکانیشی کۆنترۆڵ بکات .
- پەرە بە توانای قوتابی بدات باشترین و گونجاوترین ستراتیجییەتی فێربوون هەڵبژێرێت ، ئەوەی دەیخوێنێتەوە باش شرۆڤەی بکات و هەڵی بسەنگێنێت .
- واله قوتابی دەکات رێچکەی ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە بکرێتەبەر کەلە چارەسەرکردنی گرفتەکەی نزیك دەکاتەوەو هەموو ئەو زانیارییانەش کەبەردەستن و هەیەتی ، کارایانە بۆ پترو باشتر فێربوون و چارەسەری چاکتر بۆ کێشە و گرفتەکان بەکاربهێنێت .
- قوتابی ڕادەهێنێت لەسەر ئەوەی کە بەرپرسیارێتیفێربوونی و هەڵبژاردنی کردارەکانی لەبار بۆ هەڵوێستی فێربوون ، لە ئەستۆی خۆیدابگرێت .

- قوتابی هان دەدات چالاك بێت لەپەیداکردن و ڕێکخستنی زانیاری و هەڵسەنگاندنی ، بژارکردن و پووختە کردنی ئەوەی پێویستە بۆ هەڵوێستی فێرکردن وفێربووندا .
- واله قوتابیان دەکات خۆیان بالاّ دەست بن لەئاستی خوێندنەوەیان و لەهەڵسەنگاندنی ئەو ئاستەدا بێ ئەوەی لەم ڕووەوە پشت بە مامۆستا ببەستن .
- باش گرنگی دان و حەزو ئارەزوو و پاڵنەری بەهێز لای قوتابی دەردەکەوێت کە کارایانە هامشۆ لەگەڵ ناوەرۆکی بابەتی خوێندنەوەدا بکاتوبەو ئاستەی کەئامانجە خوازراوەکان وەدەست بهێنرێن .
- واله قوتابی دەکات پێی بکرێ ئاستەنگەکانی سەر رێگای باش فێربوونی ڕامالێت و بشێت گرفتەکانی چارەبکات و ڕووە لاوازو بێ هێزەکانی خۆی بزانێت و بەخۆی خۆی هەڵبسەنگێنێت .
- واله قوتابیان دەکات کە خۆیان بگەنە زۆر لەچەمك و تێگەو راستی یەکانی ناو تێکستی بابەتی خوێندنەوەدا .
- پەرە بە توانای بیرکردنەوەی رەخنەگرو داهێنەرانەو شیانی بڕیاردان لای قوتابی دەدات .
- واله قوتابی دەکات کە بتوانێت ئەو شێوازانە بدۆزێتەوە کە باشترو کاریگەرترن بۆ تێگەیشتنی ناوەرۆکی بابەتی خوێندنەوە .
- پەرە بە چاپووکییەکانی بیرکردنەوەی ئاستە بەرزەکان دەدات لای قوتابیان .
- قوتابیان هان دەدات بەشداری بکەن لەو هەڵوێست و چالاکییانەی پەیوەندییان بە خوێندنەوە هەیە بۆ تێرکردنی حەزو ئارەزوو و مەیلی خوێندنەوەیان .
- بەشداری دەکات لە پەیداکردن و گەشەپێدانی باوەربەخۆبوون لای قوتابیان . ( عطية، ٢٠١٠ ، ص ١٤٦ - ١٤٨)، ( الموسوي، ٢٠١٢ ، ص ٢٨ - ٢٩ )

## ڕۆڵی مامۆستا لە ستراتیجییەتەکانی میتاکۆگنیشن لە خوێندنەوەدا

بۆ ئەوەی ستراتیجییەتەکانی میتاکۆگنیشن رۆڵی خۆیان لە بەدەستهێنانیئامانجەکانیاندا لە پرۆسەی خوێندنەوەدا بگێرن ، واباشە مامۆستا بەم رۆڵ و ئەرکانەی خوارەوە هەڵبسێت :

- قوتابیان هان بدات کە کردارەکانی بیرکردنەوەیان لە خوێندنەوەدا، بەشێوەیەکی شیان بەرز بەرێوە ببەن .
- واله قوتابیان بکات کە دەستپێشخەربن لە ئاراستەکردنی بیرکردنەوەیان و بەرێوەبردنی لەپرۆسەی خوێندنەوەدا .
- قوتابیان لەسەر چۆنییەتی سەرنجدان و بیرکردنەوە ڕابهێنێت .

- قوتابیان ڕابهێنێت لەسەر چۆنیەتی خوێندنەوەو بیرکردنەوە لەمانای دیارو شاراوەو تێگەیشتنی .
- قوتابیان ڕابهێنێت لەسەر ئەوەی راست و وردو هۆشمەند ناوەڕۆکی بابەتەکە بخوێننەوەو تێبگەن و پرسیار داڕێژن بۆ وەڵام دانەوەیان بەکورتی و بەشێوازی خۆیان پوختە بکەن و پاشان بڵێنەوەو بەسەریدا بچنەوە بۆ ئەوەی باش و کارا لەمێشکدا بچەسپێ .
- پەرەپێدانی چاپووکی خوودناسین لای فێرخواز بەبەکارهێنانی چالاکییەکانی (خوودناسین) لەمیان ڕێگاو شێوازەکانی وانەوتنەوەدا .
- پەرەدەدات بە چاپووکی پلان دانان بۆ فێربوون و ڕێکخستنی و بەدواداچوونی دا لەمیان ڕاهێنانی قوتابیانی لەسەر ئاخاوتن بەدەنگی بەرز لەبارەی کردارە مێشکییەکانیان لەگەڵ خۆیاندابێت یان لەگەڵ هاورێکانیان دا ، یان بەکارهێنانی ستراتیجییەتی ( بەنموونەکردن)، واتە فێربوون بە چاولێکردنی مامۆستا .
- پەرەدان بەچاپووکی چاودێریکردنی خودی و بەسەرکردنەوەی ڕادەی پێشکەوتن لە کردارەکانی فێربوون لەگشت هەنگاوەکانداو دیاریکردنی ڕووی باش و هی نەخوازراو ، هەروەها زانینی ئەوە ئاخۆ فێرخوازان پێویستیان بە ستراتیجییەتێکی تری نوێ هەیە یان نا ، ئەگەر پێویستیان پێ بوو ، داوایان لێ دەکات بەکارو پلانەکانیاندا بچنەوە، یانیش پلان دانێن بۆ ئەو چالاکی و ئەرکانەی پێیان هەڵدەستن . ( عطية، ٢٠١٠ ، ص ١٤٩ - ١٥٠ )

## ستراتیجییەتەکانی میتاکۆگنیشن

لێکۆڵەران لەسەر ئەوە هاوڕان کە تێگەی میتاکۆگنیشن لەبنەمای بیرکردنەوە لە بیرکردنەوەدا هەڵدەقوڵێ ، لەبەر ئەمە دەبێ فێرخواز پشت بەخۆ ببەستێت لەبەکارهێنانی ستراتیجییەتەکانی میتاکۆگنیشن و دەبێ زانیاری باشیشی هەبێ لەبارەی چۆنێتی بەکارهێنان و هەڵبژاردنی ستراتیجییەتی گونجاو بۆ هەر هەڵوێستێکی فێربوون . بەم جۆرە قوتابی دەبێتە تەوەری خۆفێرکردن و تەواو پشت بەخۆی دەبەستێت و تەنیا لەڕێنمایی و سەرپەرشتی دا پێویستی بە مامۆستا دەبێت .

ئەدەبیاتی پەیوەستدار ئاماژە بەوە دەدەن کە زیاترلە ( ٣٠ ) ستراتیجییەتی جیاجیای فێرکردن وفێربوون هەن ، لەوانە : ( پرسیارکردنی خودی ، خشتەی خودی ، بە نموونەکردن ،بیرکردنەوە بە دەنگی بەرز ، پلان دانان و ڕێکخستنی خودی ، هەژاندنی مێشك ، نەخشەی تێگەهان و ستراتیجییەتەکانی (PLAN) و ( PRTR ) و ( PROR ) و ( PARTS ) و ( SNIPS ) و ( REAP ) و ستراتیجییەتی ( SQ3R )ی ڕۆبنسۆن کە لێرەدا لێکۆڵەر بە درێژی باسی دەکات

چونکە لەم لێکۆڵینەوەیەدا ، کاریگەرییەکەی لەسەر دەستکەوتی خوێندنەوەو گەشەپێدانی مەیلی خوێندنەوەدا بە ئەزموون تاقی دەکرێتەوە .

## ستراتیجییەتی SQ3R

### پێشەکی :

ئەم ستراتیجییەتەیەکێکەلە گرنگترینستراتیجییەتەکانی میتاکۆگنیشنلە خوێندنەوەدا، کەوا لە قوتابیان دەکات لەئاکامی کۆمەڵێ هەنگاوی وردو دیاریکراودا ،تێکەڵاو بە زانیارییەکانی تێکستە خوێنراوەکەدا ببن و لەئەنجامدا ئاستێکی بەرزی تێگەیشتن بەدەست بهێنن . ( الهاشمی والدليمي، ٢٠٠٨ ، ص ١٨٧ )

ئەم ستراتیجییەتە کارایە لە باشترکردنی شێوازەکانی فێربوون و بیرکەوتنەوە لای قوتابیاندا، هەروەها لە کەمکردنەوەی کاتی تەرخانکراو بۆ تێگەیشتن و تێکبەستنەوەو پوختکردنی بابەتی خوێندن و فێربووندا ، ڕۆڵی بەرچاویشی هەیە لەگەشەپێدانی چاپووکییەکانی تێگەیشتنی بیروهزرە سەرەکییەکان و چالاککردنی فێربوونی خودیدا. ( , Ford (1998 , p.218

ئەم ستراتیجییەتەش (SQ3R) ستراتیجییەتێکی تێگەیشتنی بابەتی خوێنراوە، کە تیایدا تاك چوارچێوەیێکی مێشکی دادەنێت بۆ ئەو بابەتانەی مەبەست خوێندنەوەیەتی بۆ ئەوەی زانیارییەکان بە دروستی و بەڕێکوپێکی بچەسپێن .

پیتەکانی ئەم ستراتیجییەتەش ( SQ3R ) ئاماژەن بۆ (5) هەنگاوی سەرەکی ستراتیجییەتەکە ، کە ئەمانەن :

أ. پیتی ( S ) پیتیٍیەکەمی وشەی ( Survey )یە،بە واتای خێرا چاوپێخشاندنی تێکستی خوێندنەوە بۆ ئەوەی خوێنەر بیری گشتی تێکستەکە بزانێت.

ب. پیتی ( Q ) پیتی یەکەمی وشەی ( Question )ەو واتای پرسیارکردن دەدات، واتە خوێنەر پرسیار لەخۆی دەکات لەبارەی ئەوەی کە دەیەوێت فێربێت و وادادەنێت کە وەلأمیلە ناوەرۆکەکەدا دەست دەکەوێت . پرسیارکردنەکەش بۆ ئەوەیە کە خوێندنەوە ببێتە کردارێکی مەبەستدارو ڕێچکە دروستەکەی بەرەو ئامانجە دیاریکراوە خوازراوەکان وەربگرێت .

پ. پیتی ( R ) کە لە پێشی دا ژمارە ( 3 ) هاتووە، مانای ( 3 ) پیتی ( R ) ی ( 3 ) وشەی جودا دەدات، کە ئەمانەن :

- پیتی ( R )ی یەکەم لەوشەی ( Read )ە ، بەواتای بخوێنەوە،واتە داوا لە خوێنەر دەکرێ تێکستی خوێندنەوەکە ورد بخوێنێتەوە بۆ ئەوەی وەڵامی ئەو پرسیارانەی دەستکەوێت کە لە هەنگاوی دووەمدا داڕشتوون .
- پیتی ( R )ی دووەم هی وشەی (Recite )ە، کەواتای (ببیسە) دەدات ، خوێنەر لەم هەنگاوەدا وەڵامی ئەو پرسیارانەی داڕشتوون دەداتەوە،بەزار یا بەنووسین بەپێی تێگەیشتنەکەی لە ناوەڕۆکی بابەتەکەوە .
- پیتی ( R )ی سێیەم پیتی یەکەمی وشەی (Review )ە، بە واتای بەسەرداچوونەوەی ئەوەی خوێندوویەتیەوەو نووسیویەتی یان دووبارەگێڕانەوەی و شرۆڤەکردنی بەمەبەستی بەدەستهێنانی ئامانجە ویستراوەکان .واتە لەم هەنگاوەدا خوێنەر چاو بەوەی دەستی کەوتووە و فێربووە دەخشێنێتەوە بۆ ئەوەی دڵنیا بێت لە دروستی زانیاری وەڵامەکان و دڵنیا بێت کە لە ناوەڕۆکەکە تێگەیشتووە و لەمێشکیدا چەسپاوە . ( عطية، ٢٠١٠ ، ص ١٥٤ - ١٥٥ )( الهاشمي و الدليمي،٢٠٠٨ ، ص ١٨٩ )

## خەسڵەت و گرنگییەکانی ستراتیجییەتی SQ3R

ستراتیجییەتی ( SQ3R ) زۆر خەسڵەت و ڕووی گرنگی هەیە لەمانە :

- واله قوتابی دەکات کاراو چالاك بێت لە پرۆسەی فێربوون دا .
- ڕێکارییەکانی و پراکتیك کردنی ئاسانن .
- گەشە بە شیانی خوێندنەوەی بە ئاگاو ڕەخنەگرانە دەدات .
- پەرە بە توانای قوتابی دەدات کەلە فێربوون دا پشت بەخۆ ببەستێت .
- تێگەیشتنی ناوەڕۆکی بابەتی خوێندراو ئاسان دەکات بەو ڕەنگەی کە باش لەمێشکدا بچەسپێت .
- دەکرێ لە زۆربەی بابەتەکاندا بەکاربهێنرێت جگە لەو بابەتانەی کە ژمارەدارن، وەك بیرکاری وئامار .
- قوتابی لەسەر ئەوە ڕادەهێنێت کە هەردەم ئاگای لە خودی خۆی بێت و بزانێت کردارو ڕێکارەکان لەکاتی فێربوون دا چۆن بەرێوە دەچن .
- واله خوێندنەوە دەکات ببێتە پرۆسەیەکی چالاك کە ئاگالێبوون و سەرنجدان و باش بیرکەوتنەوە دەستەبەربکات . ( عطية، ٢٠١٠ ، ص ١٥٧ )، ( Thirede, 2003 , p.66 )

- ڕێکارەکانی ئەم ستراتیجییەتە وا دەکات قوتابی ببێتە تەوەری سەرەکی فێربوون و لە هەر ڕێکارێکدا تێکەڵ بە ناوەڕۆك دەبێت و ئەگەری تێگەیشتن زێدە دەبێ و ئەمەش قوتابی هاندەدات ئارەزووی خوێندنەوە بکات و حەزی لا پەیدا ببێت گرنگی پێ بدات ، بەمەش پەیوەندییەکی زیندوویی و دەروونی لەگەڵ خوێندنەوەو چالاکییەکانی دا دروست دەبێت . ( عەبدوللا ، ٢٠١٤ ، ل ٣١ )
- قوتابی بەرەو هامشۆکردنی کارا لەگەڵ ناوەڕۆکی تێکستدا دەبات و واشی لێدەکات بەسەر ئەو تەگەرانە زاڵ بێ کە ڕێگرو ئاستەنگ بێ لەبەردەم باش فێربوون . ( حبيب الله ، ٢٠٠٠ ، ص٣)

## هەنگاوەکانیستراتیجییەتی SQ3R

ستراتیجییەتی ( SQ3R ) بە (5) هەنگاوی سەرەکی دا تێپەردەبێت :

١. **خوێندنەوەی چاوپێخشێنەر :**

مەبەست لەم جۆرە خوێندنەوەیە ، وەرگرتنی بیری گشتی یە لە بابەتەکەدا ، ئەمیش لە ئاکامی :

- تەماشاکردنی ناونیشانی تێکستەکە .
- خوێندنەوەی پێشەکی و کورتەی تێکستەکە ، کە نووسەر لەپێشەکیدا ئاماژە دەدات بە بیرۆکەی بابەت و دیارترین خاڵە سەرەکییەکان ، لەکورتەشدا بیروبۆچوون و زانیارییەکان بە چڕی پیشان دەدات .
- چاوخشاندن بە ناونیشانە سەرەکی و لاوەکییەکانی بابەت بەمەبەستی زانینی بیرە سەرەکییەکان و لاوەکییەکان بەشێوەیەکی گشتی .
- سەیرکردنی وێنەو هێلکاری و خشتە ... هتد ، کە بۆمەبەستی ڕوونکردنەوە دانراون .
- تێبینی کردنی وشەو رستەی سەرنجڕاکێشەر ئەوانەی کە ڕەنگی ڕەشتر یان قەبارە گەورەتر یان بەرەنگێکی جیاواز نووسراون .
- چاوخشاندن بە پەراوێز و پرسیارو ڕاهێنان و چالاکی و ئەرکەکان .

٢. **پرسیار دانان :**

لەم هەنگاوەدا قوتابی پرسیار لەخۆی دەکات لەبارەی هەندێ شت ، لەمانە :

- شیانی دارشتنی ناونیشانی لاوەکی کە ناوەڕۆکی بابەتەکە پێك دەهێنن .
- ئەو پرسیارانەی ڕەنگە بابەتەکە وەلامیان بداتەوە .

- دوای چاوپێخشاندن و هەڵگێرو وەرگێڕکردنی بابەتەکە ، ئاخۆ چی فێربووە و دەیەوێ چی فێربێت ؟ دەبێ ئەم پرسیارانەش بنووسێت .

**٣. خوێندنەوەی وردو هۆشمەند :**

لەمهەنگاوەدا تاك وردو بە ئاگاو ڕەخنەگرانە بابەتەکە دەخوێنێتەوەو هەموو ئەو پرسیارانەی نووسیوویەتی و لەمێشکی دا هەن ، بە شێوازی خۆی وەڵام دەداتەوە . واباشیشە کە پەرەگراف پەرەگراف بخوێنێتەوەو زانیارییەکانی تێبگات و گرنگەکان دیاربکات و بۆخۆی دووبارە بکاتەوە بەمەبەستی زانینی ئاستی تێگەیشتنی .

**٤. گوێ لەخۆگرتن و بیرهێنانەوە :**

لەم هەنگاوەدا خوێنەر بیرو هزرەکانی بابەت کورت و پوختە دەکات و پێکیان دەبەستێتەوەو بە شێوازی خۆی دایان دەڕێژێت و بۆخۆی دەڵێتەوەو دووبارەیان دەکاتەوە .

**٥. پێدا چوونەوە :**

پاش خوێندنەوەی بابەتەکەو وەڵامدانەوەی پرسارەکان و داڕشتنی زانیاری و بیرە سەرەکی و لاوەکییەکان و پوختەو کورتکردنەوەیان و خۆ پێ تاقیکردنەوەیان بەمەبەستی چۆنێتی تێگەیشتن و چەسپاندنی لە مێشکدا ، دوا هەنگاو دەست پێدەکات کە هەنگاوی گەڕاندنەوەو پێداچوونەوەی ئەوەی خوێندرایەوەو نووسرایەوەو وەڵامدرایەوە ، هەروەها بەبەراوردکردنی ئەوەی دەستکەوت لەگەڵ ئەوەی دەبێ دەستیکەوێت بۆ دەستنیشانکردنی ڕووەکانی بەهێزو بێ هێز لە فێربوونی بابەتەکە و ئاستی تێگەیشتن .

کرداری پێداچوونەوەش زۆر لایەن دەگرێتەوە :

- نووسنی پرسیار لەبارەی ئەو لایەنانەی خوێنەر بە گرنگیان دادەنێت و دەبێ جێی بایەخ پێدان بێ .
- نووسینی پرسیار لەبارەی تێبینی و بیرە لاوەکییەکانی ناو ناوەرۆك .
- وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی کۆتایی بابەتەکەئەگەر هەبوون .
- دانانی ئەو پرسیارانەی کە بە گران و گرینگ دەیانزانێ لەگەڵ وەڵامەکانیان لەناو (دۆسێ)ی تایبەتی بابەتەکان و پێداچوونەوەیان لەکاتی پێویست دا . ( عطية، ٢٠١٠ ، ص ١٥٥ - ١٥٦ ) ، ( عباس و العبسي، ٢٠٠٧ ، ص ١٧٤ - ١٧٦ )

هەندێ ئەدەبیاتی تریش هەنگاوەکانی ئەم ستراتیجییەتە وردتر و دیاریکراوتر دەستنیشان دەکەن بەم جۆرە :

١. **پرسیارکردن** ، خوێنەر کاتێك چاو بە بابەتەکە دەخشێنێ و هەڵگێرو وەرگێری دەکات ، هەندێ پرسیار لەخۆی دەکات لێرەدا :
أ. ناوی بابەت و ناونیشانە لاوەکییەکان دەکاتە پرسیار .
ب. پرسیارەکانی کۆتایی هەر ناونیشانێکی سەرەکی یا لاوەکی - ئەگەر هەبن - دەیانخوێنێتەوە.
پ. پرسیار لە خۆی دەکات : چی لەم بابەتە تێگەیشتم ؟

٢. **خوێندنەوە** ، خوێنەر بابەتەکە دەخوێنێتەوەو لێرەدا :
أ. بە شوێن وەڵامی پرسیارەکان دەگەڕێت .
ب. لە خشتە و هێلکاری و وێنە ... تاد ورد دەبێتەوە .
ت. دووبارە ئەو پەرەگرافانە دەخوێنێتەوە کە باش لێیان تێنەگەیشتووە .
پ. ئەوەی لە ناوەرۆکی پەرەگراف تێیگەیشتووە، بۆخۆی دەڵێتەوەو دووبارەی دەکاتەوە پێش ئەوەی بچێتە پەرەگرافێکی تر .

٣. **بۆ خۆ وتنەوەو گێڕانەوەی** ،لەم هەنگاوەش دا :
أ. خوێنەر وەڵامی پرسیاران پوختە دەکات و دایان دەرێژێت .
ب. بە شێوازی خۆی گرنگترین زانیاری و بیرو هزرەکانی ناو بابەتەکە تۆمار دەکات .
پ. بە هێل لە ژێر راکێشان جەخت لەسەر خاڵە گرنگەکانی بابەتەکە دەکات .

٤. **پێداچوونەوە**،خوێنەر بەردەوام ئەوەی دەیخوێنێتەوە پێدادەچێتەوە، لەم هەنگاوەش دا :
أ. پرسیار لەبارەی تەواوی بابەتەکە دادەنێت .
ب. پرسیار بۆ ئەوتێبینیانەدادەنێت کە لە کاتی خوێندنەوەدانووسیویەتی .
ت. دووبارە تەواوی بابەتەکە هەڵگێرو وەرگێر دەکات بۆ ئەوەی خاڵە سەرەکییەکانی بیربکەونەوە .
پ. وەڵامی پرسیارەکانی کۆتایی و پەراوێز - ئەگەر هەبن - دەداتەوە بێ ئەوەی تەماشای ناوەرۆك بکات .
ج. پرسیاری گران و گرنگ لە شوێنێکی تایبەت دا تۆمار دەکات بۆ ئەوەی دواتر پێیان دابچێتەوە . ( الهاشمي والدليمي، ٢٠٠٨ ، ص ١٩٠ )

لێکۆڵەر سوودی لەم هەنگاوانە وەرگرت و رێکی خستن و رەچاویکردن لەکاتی وتنەوەی بابەت بەم ستراتیجییەتە بۆ قوتابیانی گروپی ئەزموونی دا .

## ڕۆڵی مامۆستا لە ستراتیجییەتی SQ3R

هەرچەندە قوتابی لە هەموو ڕێکارو کردەکانی ئەم ستراتیجییەتەدا تەوەرو چالاکە لە پرۆسەی فێربووندا بەلاّم ئەم فێربوونە کاراتر دەبێ ئەگەر مامۆستاش بە ڕۆڵە سەرەکییەکانی هەڵسا کە دیارترینیان ئەمانەن :

- قوتابیانی ڕابهێنێت لەسەر کارامەیی و چاپووکییەکانی مەعریفی و هی میتاکۆگنیشن.
- قوتابیانی فێری چۆنیەتی دانانی پرسیار و جۆرەکانی و دارشتنییان بکات .
- قوتابیانی فێری چۆنیەتی دەرهێنانی بیرە سەرەکی و لاوەکییەکانی ناو تێکستی خوێندنەوە بکات .
- قوتابیانی ڕابهێنێت لەسەر چاپووکی کورتکردنەوەی زانیاری بە شێوازی تایبەتی خۆیان .
- جەخت لەسەر ئەوە بکات قوتابیانی گرنگی بدەن بە ناوەڕۆك و پەرەگرافێك بازنەدەن ئەگەر باش تێی نەگەن و هەردەم هەوڵی ئەوە بدەن تێبینی یەکانیان بنووسن و ئەوەی دروست تێی ناگەن لێی بپرسن .
- وا قوتابیان ئاراستە بکات ببنە مامۆستای خۆیان و بە دەورو ئەرکی مامۆستایی هەڵسن .
- نابێ مامۆستا ئەوە لەبیربکات کە لە ڕێکارەکانی ئەم ستراتیجییەتەدا دەورەکەی زیاتر دەوری ڕاوێژکاری و نیشاندەر و بەدواداچوونە . ( عەبدوللا ، ٢٠١٤ ، ل ٣٤ - ٣٥ ) ( Ruthmus, 2002 , p.55 )

# تەوەری دووەم

## خوێندنەوە و مەیلی خوێندنەوە

- دەروازە
- خەسلەتەکانی مەیل بۆ خوێندنەوە
- گرنگی مەیل بۆ خوێندنەوە
- فاکتەرەکانی پەرەسەندنی مەیل بۆ خوێندنەوە
- دەستنیشانکردن و پێوانی مەیل بۆ خوێندنەوە
- رۆڵی قوتابخانەو مامۆستاله گەشەپێدانی مەیل بۆ خوێندنەوە

## • تەوەری دووەم : خوێندنەوەو مەیلی خوێندنەوە

### دەروازە

خوێندنەوە چالاکییەکی بیری و عەقڵییە ، خوێنەر تێکەڵاوی دەبێت ئەوەی دەخوێنێتەوە تێیدەگات ورەخنەی لێدەگرێت ولە چارەسەرکردنی ئەو کێشەو گرفتانەی ڕووبەڕووی دەبنەوە بەکاری دێنێت ، لە هەڵوێستە جیاجیاکانیشدا کەڵکی لێوەردەگرێت، سەرباری ئەوەی لەگەڵ نووسەریش دا لە لەقاڵبدانی ماناو دارشتنەوەی بنیادنانی تێکستیخوێندنەوەدا، بەشدار دەبێت . ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە (٦) دوورده هەن بۆ تێگەی نوێی خوێندنەوە ،کە ئەمانەن :

- ناسینی پیت و وشە و دەستەواژە و گۆکردنیان .
- تێگەیشتن لە بابەتی خوێندراوەدا .
- رەخنەگرتن لە بابەتی خوێندراوەدا .
- بەکارهێنانی خوێندنەوە لە چارەسەرکردنی گرفتەکاندا .
- دڵخۆشبوون بە بابەتی خوێندراوەوباش چێژ لێوەرگرتنی .
- بنیات نانەوەی مانا لای خوێنەرەوە . ( ابو الضبعات، ٢٠٠٧ ، ص ١٠٧ - ١١١ )

خوێندنەوە لە گرنگترین فاکتەرو شێوازەکانی وەرگرتنی زانیارییە ، والە مرۆڤ دەکات بشێت پەیوەندی ڕاستەوخۆ ببەستێت لەگەڵ زانیارییە مرۆڤایەتییەکان لەئێستاو رابردووەکەیداو گرنگترین هۆکاری پەیوەندی کردنی مرۆڤە لەگەڵ هزرو بیری کەسانی تر، سەرباری ئەوەی کە رۆڵی کاریگەری هەیە لە پێکهێنانی کەسایەتی مرۆڤایەتی بە هەموو ڕەهەندە جیاجیاکانیەوە ، هەڵبەتە جیاوازی هەیە لەنێوان کەسێکی خوێنەر کەزۆر شت لە ئەنجامی خوێندنەوەدا فێربووە و لەنێوان کەسێکی تر کە مەیلی خوێندنەوەی نییەو ڕەنگە لێشی نزیك نەبێتەوە . خوێندنەوە (٣) شتی گرنگ دەگرێتە خۆیەوە :

- تێبینی کردن و سەرنجدان .
- پشکنین و دۆزینەوە .
- گەڕانی خودی بەشوێن زانین و زانیارییەوە . ( ابو الهیجاء، ٢٠٠٧ ، ص ٨٦ )

خوێندنەوە شێوازێکە لە شێوازەکانی چالاکی فیکری کە تێگەیشتن، تێکبەستنەوە، هاوسەنگی، هەڵبژاردن، بیرکەوتنەوە،ڕێکخستن، خۆشی و چێژ وەرگرتن،رەخنەو داهێنان و هی تر دەگرێتە خۆیەوە ، قوتابیان لە ئاکامی خوێنەوەدا فێری چەندین چاپووکی جۆراوجۆری خوێندنەوە دەبن ، هەر لەمیانیشدا حەزو مەیلی خوێندنەوە یان لەلا پەیدا دەبێ و پەرە

دەسێنێت ودەستکەوتی زمانیشیان گەشە دەکات و ئەمانە هەموویان دەبنە بنەمای کارا بۆ فێربوونی ویستراو . ( السفاسفة ، ٢٠٠٤ ، ص ٧٧ - ٧٩ )

ئەگەر خوێندنەوەی ئاسایی " لە پێناو فێربوون "دا مەبەستەکەی گۆرانکاریی رەفتاری عەقڵی و پەرەپێدانی بیرکردنەوە بێ، بگرە لە وەرگرتنی زانیاری و توانای تێگەیشتن و شرۆڤەکردن و شیکردنەوەو شیانی بەکارهێنانی زانیارییەکان لە هەڵوێست و گرفتەکاندا، تا دەگاتە بیرکردنەوەی رەخنەگرانە و هی داهێنەرانە، ئەوە خوێندنەوە (بۆ خۆشی و چێژ وەرگرتن) ڕاستەوخۆ بە بواری سۆزەوە بەستراوەتەوە و پەیوەستە بە گۆڕینی رەفتارەکانی کۆمەڵایەتی و ڕەوشتی وپەرەپێدانی کەسایەتیی تاك و پارزاندنی چێژی هونەری ، کە مۆرکی سروشتێکی تایبەتیپێ دەدات وای لێ بکات جیاواز بێ لە کەسانی تر .

خوێنەری (خوێندنەوە بۆ خۆشی و چێژ) ، پێشوەخت لە ڕووی دەروونییەوە ئامادەیە کە ڕەنگە بگۆڕێ و ئەوەی دەیخوێنێتەوە کاری تێبکات ، چونکە ناوەرۆکی هەر بابەتێکی خوێندنەوە نرخ و بەهای جیاجیای تێدایە لە هەموو بوارەکانی ژیاندا . بۆ نموونە ، خوێندنەوەی کتابێکی ئەدەبی ، چیرۆك بێ یا هۆزان یان وتار،کار دەکاتە سەر کەسایەتی خوێنەرزۆر یان کەم ، چونکە بە سۆزەوە تێکەلاو دەبێت لەگەڵ ئەو ماناو بەهاو بیرو هزرانەی بە دڵیەتی و ئەوانەی لەگەڵیدا ناگونجێن ڕەتیان دەکاتەوە .

ئەگەر خوێندنەوە بۆ فێربوون و بۆ دەستکەوت پێویستی کۆمەڵایەتی و ئابوری و کرداریی تاك دابین بکات ، ئەوە خوێندنەوە بۆ خۆشی و چێژ وەرگرتن پێویستی یە دەروونیەکەی دابین دەکات ، هەر ئەو پێویستییەش مەیلی تاك یان فێرخواز و قوتابی بۆ خوێندنەوە لێکدەداتەوە و شیدەکاتەوە ، لێرەدا گرنگی پەیداکردن و گەشەپێدانی مەیل بۆ خوێندنەوە لای قوتابیان دیاردەبێ . (حبیب الله ، ٢٠٠٠ ، ص ١٥٦ - ١٥٧)

## خەسڵەتەکانی مەیل بۆ خوێندنەوە

مەیل بۆخوێندنەوە زۆر خەسڵەتی هەیە لەمانە :

- مەیل پێکهاتەیێکی دەروونیی کەسایەتی مرۆڤە .
- مەیل خەسلەتێکی نەگۆڕی ڕێژەیی یە لای تاك .
- لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاوازە .
- گۆڕاوێکە بەر کاریگەریی گۆڕاوی تر دەکەوێت .

- به تێگەی خودی تاك پەیوەسته .
- پێویستییەکانی تاك تێر دەکات و جۆرە خۆشییێکی پێ دەبەخشێت .
- مەیلبۆ خوێندنەوە لە ئاراستە بۆ خوێندنەوە جیایە ، یەکەمیان بە کاردانەوەی دەروونی (بەڵێ یان نەخێر) بەستراوەتەوە بێئەوەی بنەماییێکی عەقلانی هەبێت ، بە پێچەوانەی ئاراستە ، کە لە پێکهاتەکەیدا پشت بە بنەماییێکی عەقلی - مەعریفیش دەبەستێ .
- مەیل بە گشتی سێ ئاستی هەیە :
- حەزی پەیپێبرد (حەزی گەڕان و دیتن) .
- گرنگی پێدان .
- تێکەڵبوونی دەروونی بە بابەتی خوێندنەوە . ( عبدالباري، ٢٠١٠ ، ص ١٩٦ - ١٩٧ )

## گرنگی مەیلی خوێندنەوە

مەیل بۆ خوێندنەوەو پەرەپێدانی گرنگییەکی بەرچاوی هەیە بۆمامۆستایان و بۆ قوتابیان وبۆ پرۆسەی فێرکردنو فێربوونی خوێندنەوەکەش خۆی،لەم گرنگییانەش :

- مەیلی خوێندنەوە سوود بە مامۆستا دەگەیەنێت بەوەی کە لە تەك بابەتەکانی خوێندنەوەو تێکستەکاندا چالاکی و هەڵوێستی وا بۆ قوتابیانبڕەخسێنێ لەگەڵ حەزو ئارەزوو و مەیلیان بگونجێت.
- بوونی مەیلی خوێندنەوە، گرنگە بۆ پەرەپێدانی دەستکەوتی زمان و تێگەیشتنی ناوەڕۆك و گەشەپێدانی چاپووکییەکانی بیرکردنەوە لای قوتابیان لە ئەنجامی خوێندنەوەی ئەو بابەتانەی مەیلیان لێیانە .
- سوود بە مامۆستا دەگەیەنێ لە کاتی پلان دانان بۆ پرۆسەی وانەوتنەوە و فێرکردن و فێربوون و هەڵبژاردنی چالاکی و هەڵوێستەکانی فێرکاری بەگشتی وا لە قوتابی و فێرخوازان دەکات کە بە خوێندنەوە دڵخۆش بن و چێژی لێوەربگرن .
- مەیل بوون بۆ خوێندنەوە، گرانیی و ئاستەنگەکانی خوێندنەوە ڕادەماڵێ و چارەسەر دەکات لە ئاکامی دابینکردنی بابەت و تێکستی وای خوێندنەوە کە دەرفەت بۆیان بڕەخسێنێ بە زانیاری دڵخۆشکەر و هەستی خۆش و چێژدەر تێپەر ببن .
- بوونی مەیل بۆ خوێندنەوە، حەزی خوێندنەوەو پەرەپێدانی چاپووکییەکانی خوێندنەوە لای قوتابیان پتەو دەکات . ( عطية ، ١٩٩٦ ، ص ٨٥ - ٨٦ )

- کات دەستەبەر دەکات وپێویستییە دەروونیەکان تێر دەکات ودەبێتە هۆی زێدە بوونی زانیاری.
- مەیل بوون شیان و توانای خوێندنەوەی بابەتی گران پەیدا دەکات چونکە هاندانی فێرخواز تێکەڵ بە ناوەرۆکی بابەتەکە دەبێت و خوێندنەوەی تێکستەکە و تێگەیشتن ئاسان دەکات .
- مەیلی خوێندنەوە لای تاك، ویستەکانی لە ئاکامی خوێندنەوەدا تێر دەکات و پتر رێز لە خودی خۆی دەنێت و حەزو ئارەزووەکەی لەسەرکەوتن و دەستکەوتی بەرز دابین دەکات .
- کۆششی کاردانەوە و هەمە جۆری و قووڵبوونەوەی فێرخواز چالاك دەکات وبۆ داهێنان و گیانی داهێنەرانە پاڵی دەدات .
- مەیل بوون بۆ خوێندنەوە یارمەتی فێرخواز دەدات پێویستییە جۆراوجۆرەکانی بەدەستبهێنێت و پەرە بە چاپووکییەکانی خوێندنەوە بدات، بەتایبەتی چونکە جۆرە پەیوەندییێکی ئەرینی هەیە لە نێوان پەرەسەندنی مەیلی خوێندنەوەو چاپووکییەکانی تێگەیشتنی خوێندنەوەو نێوان مەیلی خوێندنەوەو دەستکەوتی خوێندن . ( العقیل ، ١٩٩٧ ، ص ٨ )
- مەیلی خوێندنەوە قوتابی هان دەدات ببێتە تەوەری پرۆسەی فێرکردن و فێربوون ، تێکەڵ بە ناوەرۆکی تێکستەکە دەبێت و تواناو شیانەکانی لە پێناو تێگەیشتنی دا دەخاتە گەڕ و بیرکردنەوەکەشی ، بە هەموو ئاست و جۆرەکانی و نەریتەکانی عەقڵی یەوە بۆ بەدەستهێنان و تێرکردنی بابەتی مەیلی خوێندنەوەو چالاکی و هەڵوێستەکانی پەیوەست پێیەوە ، بەردەست دەخات .
- خوێندنەوەش خۆی لە خۆیدا مەیلێکی هاندەرانەیە بۆ فێرکردن و فێربوون و جاڕدانی هەڵوێست و چالاکییەکانی . هەلبەتە مەیلی بە هێزیش بۆ خوێندنەوە ، بەهێز قوتابی هان دەدات بۆ کۆشش و چالاکیی زۆرتر بۆ تێرکردنی ئەو مەیلە .
- بوونی وەك ئەم جۆرە مەیلانە ، قوتابی بۆ خوێندنەوەی ئازاد هان دەدات و بواری هەڵبژاردنی ئەوەی مەیلیشی لەسەرە بۆی دەرەخسێنێ ، هەلبەتە ئەمەش دەبێتە هۆی پەیدابوونی ئاراستەی ئەرێنی بۆ فێربوونی بەردەوام بە درێژایی تەمەن دا .
- چالاکییەکانی خوێندنەوەی ئازاد لەبەر ڕۆشنایی مەیلەکانی فێرخوازدا ، یارمەتی دەدات کە چاپووکییەکانی قووڵ دانووستاندن و پرسیار لە خۆ کردن بەکاربهێنێت ، کە ئەمانەش رۆڵی بنەڕەت دەبینن لە هەڵێنجانی مانای ویستراو لە خوێندنەوەکەدا و لە پارزنکردنی دا، هەروەها لە پەرەپێدانی چاپووکییەکانی ڕەخنەگر و داهێنەرانە و چێژوەرگرتن و هەڵچوونی نەرێنی و شڵەژاوی دەروونی لا کەم دەکاتەوە . ( محمد ، ٢٠٠٣ ، ص ١٣٤ - ١٣٨ )

## فاکتەرەکانی پەرەسەندنی مەیل بۆ خوێندنەوە

مەیل بۆ خوێندنەوە لە ئەنجامی ئەو تێکەڵاوبوونە پەیدادەبێ‌کە ڕوودەدات لە نێوان فاکتەرەکانی خودی فێرخوازو خەسڵەتە کەسایەتییەکانی و نێوان فاکتەرەکانی ژینگەیی و کارلێکەرە دەرەکییەکان کە لە ژینگەی خێزان و ژینگەی فێرکاری و کۆمەڵ داڕووبەڕووی دەبنەوە ، ئەمانەش پێکەوە ، نەك هەر یەکێك بەتەنیا ، وەك تۆڕێکی سەر لەبەر کاردەکەن ، هەرچەندە کە لێکۆڵینەوەکان ، تا ئێستا بە ڕوونی سروشتی پەیوەندی نێوان ئەم فاکتەرانەیان ڕوون نەکردووەتەوە چونکە بەیەکەوە پەیوەستن و جیاکردنەوەیان لە یەکتری دا ئاسان نییە . ( عطية ، ١٩٩٦ ، ص ٨٧ - ٨٨ )

لێرەدا ئاماژە بەو فاکتەرانە دەکەین کە ڕۆڵی بنەڕەتیان هەیە لە پەرەسەندن و گەشەپێدانی مەیل بۆ خوێندنەوە :

١. تەمەن

لێکچوونێکی ڕێژەیی لە مەیلی خوێندنەوەدا لە ئاستە جیاجیاکانی تەمەندا هەیە ، بەلاّم جیاوازی هەیە لە بوارەکان یا بابەتەکانی مەیل لەسەر ئاستی یەك قۆناغی تەمەن دا . ئەم جۆرە مەیلەش زیاتر لەتەمەنی (١٢) و (١٣)ساڵی دا گەشە دەکات .

هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆش نییە لەم ڕووەوە لە نێوان هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ پێش تەمەنی (٨) و (٩) ساڵی دا ، بەلاّم دواتر جیاوازی بەرچاودەکەوێت :

٢. زیرەکی

لێکۆڵینەوەکان سەلماندوویانە کە قوتابییە زیرەکەکان ، بە ڕێژەی زیاتر لە کەمتر زیرەکەکان دەخوێننەوە ، دەستکەوتە بەرزەکانیش پێویستی زیاتریان بە خوێندنەوە هەیە . ئەمەش ئاماژەیە بۆ بوونی پەیوەندییێك بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ لە نێوان زیرەکی و مەیل بۆ خوێندنەوە ، بەتایبەتی چونکە دەستکەوت پەیوەندی بە زیرەکییەوە هەیە ، لەگەڵ ئەمەشدا هاوڕاییێك لە نێوان لێکۆڵینەوەکاندا نیە پەیوەندی زیرەکی بە مەیل بۆ خوێندنەوە دووپات بکاتەوە . (Stevens , 2001 , p.38 )

٣. مەیلی دایك و باوکان

هەندێك لێکۆڵینەوە دووپاتیان کرووەتەوە کە ئەو دایك و باوکانەی مەیلی ئەدەبییان هەیە ، بە ئەرێنی منداڵەکانیان دەکەونە ژێر کاریگەریی ئەم جۆرە مەیلە و ئەوانەی مەیلی زانستیشیان هەیە ، منداڵەکانیان بەم ئاراستە و ڕێچکەیەوە کاریگەر دەبن . ( ایفانز ، ١٩٩٣ ، ص ١٣٧ )

### ٤. ئاستی رۆشنبیری دایك و باوك

هەندێ لێکۆڵینەوە ئاماژە بەوە دەدەن ئەو دایك باوکانەی لە ڕووی رۆشنبیریی دا ئاست بەرزن ، منداڵەکانیان لەسەر حەزو مەیل بۆ خوێندنەوە پەروەردە دەکەن ، بە پێچەوانەی ئەوانەی ئاستی رۆشنبیرییانسنووردارە یان نزمە .

### ٥. ژینگەی قوتابخانە و دەوروبەری

ئەو قوتابخانانەی کەشێکی ئازاد بۆ قوتابییەکانیان دەڕەخسێنن ، پەیدابوون و گەشەبوونی هەموو جۆرە مەیلێکیان لێ دەکەوێتەوە .

هەندێ لێکۆڵینەوەش سەلماندوویانە کە ئەو قوتابیانەی لە ژینگەی شارستانێتییەکان نیشتەجێن ، مەیلی خوێندنەوەیان زۆرەترە لەوانەی گوند و لادێ نیشتەجێن .

### ٦. ئاستی گرانیی بابەتی خوێندنەوە

مەیل بۆ خوێندنەوە پەیوەستە بەئاستی گرانی و ئاسانی بابەتی خوێندنەوە ، بەلأم بە تێپەربوونی کات و ئاستی پێگەیشتنی عەقڵی و زمانی ، کەمە کەمە ئەو ئەگەرە نامێنێ ، بەتایبەتی کاتێك دایك و باوك و مامۆستا یارمەتی فێرخواز دەدەن بەسەر ئاستە گرانەکانی بابەتی خوێندنەوەدا زاڵ بێت .

### ٧. شیان و توانای خوێندنەوە

ئەم فاکتەرە فاکتەرێکی گرنگە کە کار لە مەیلی قوتابی دا دەکات ، ئەوەی تواناو شیانێکی بەرزی خوێندنەوەی هەبێ ، مەیلی خوێندنەوەی بەرزترە لەوەی شیانی خوێندنەوەی کەمترە . لێرەوە ڕۆڵی مامۆستاو دایك و باوك لە پەیداکردن و گەشەپێدانی توانای خوێندنەوە لای قوتابی و منداڵەکانیان ، بە گرنگ دەزانرێ .

### ٨. رۆڵی دایك و باوك

زۆر ئەدەبیات ئاماژە بەوە دەدەن کە دایك و باوکان رۆڵی گرنگ و بنەڕەتیان هەیە لە هێنانەکایەوە و گەشەکردنی مەیلی خوێندنەوە لای رۆڵەکانیان ، هەلبەتە ڕەخساندنی ژینگەیەکی رۆشنبیری و مەعریفی لە ئاکامی بەردەست خستنی جۆرەها کتێب و چیرۆك و گۆڤارو هاندانی منداڵەکانیان بۆ خوێندنەوەی رۆژانەو پێدانی پانتاییێکی زۆری ئازادی بۆ دەربڕینی حەزو ئارەزوو و مەیلەکانیان و رێزگرتن و وەڵامدانەوەی پرسیارەکانیان و هاوکاریکردنیان لە ئاسانکردنی بابەتی قورس و گران ولەگەڵ خۆ بردنیان بۆ پێشانگاو پەرتووکخانە بۆ کرینی ئەو گۆڤارو کتێب و چاپەمەنییانەی مەیلیان لەسەرە و لە ئاستی پێگەیشتنی عەقڵی و فیکری و دەروونی یان دان ، وریایی کردن و تێگەیاندنیان کە خوێندنەوە و مەیلی خوێندنەوە لە ژیاندا چەند گرنگە ، ئەمانە هەموویان و هی تریش ، فاکتەری بنەڕەتین یارمەتی منداڵان و فێرخوازان دەدەن بۆ سەرهەڵدان و گەشە بوونی مەیل بۆ خوێندنەوە. (عبدالباري، ٢٠١٠ ، ص ١٩٧ - ١٩٩)

## دەستنیشانکردن و پێوانی مەیل بۆ خوێندنەوە

هەندێك ئەدەبیاتی پەیوەستدار ئاماژە بەوە دەدەن کە چەند رێگا و پێوەری جیاجیا هەن بۆ دەستنیشانکردن و پێوانی مەیل بۆ خوێندنەوە لای قوتابیانی قۆناغە جوداکانی تەمەن، لەوانە:

- فۆرمی تێبینی کردن بۆ پێوانی مەیلی خوێندنەوە هی ( Gallant )، کە ژمارەیێکدەستەواژە دەگرێتە خۆیەوە و دەتوانرێ لە رێگایانەوە مەیلەکانی خوێندنەوەو جۆرەکانی بزانرێن و پێوانە بکرێن. ( Gallant ,1978 , p.130-131 )
- ( Paul Campbell )یش پێوەرێکی بۆ مەیلی خوێندنەوە داناوە لە (١٤) پرسیاری کراوە پێکهاتووە و قوتابیان ئازادانە وەڵامیان دەدەنەوە . (Lapp & Flood , 1978 , p.135-137 )
- نووسینگەی خوێندنەوەی دروست و رەوان لە واشنتۆن ساڵی (١٩٧٦)دا پێوەرێکی بۆ ئاراستەکان و مەیلی خوێندنەوە دانا کە (١٠) بڕگە بوو بەرامبەر بۆ هەریەکێکیان سێ بەدیل هەن . ( Lapp&Flood , 1978 ,p.138 )
- هەروەها (Molly Ranbury) لە ساڵی (١٩٧١)دا پێوەرێکی بۆ پێوانی ئاراستەکانی خوێندنەوە ئامادەکردووە کەلە (٦٤) دەستەواژەدا پێکهاتووە و بەرامبەر هەر یەکێکیان دوو بەدیل بۆ هەڵبژاردن هەیە . ( Lapp & Flood , 1978 ,p.135-142 )
- (Karlin ) ساڵی (١٩٨٤)دا پێوەرێکی بۆ پێوانی مەیلی خوێندنەوە ئامادە کرد کە لە (٨٠) بڕگەی کراوە و سنورداردا پێکهاتبوو . ( Karlin, 1984 , p.322-324 )

چەندین لێکۆڵینەوەی تری بیانی و عەرەبیش ئامرازیان بۆ زانین و پێوانی مەیل بۆ خوێندنەوە بەرهەڤ کردوون کە ( سەرنجدانلە کاتی خوێندنەوەدا ، شیکردنەوەی وەڵامی پرسیارەکانی تاقیکردنەوە،پێوەری مەیلی خوێندنەوە ، تۆماری چالاکی قوتابی و حەزو .... تاد) و هی تریان وەك ئامراز بەکارهێناوە .( محمد ، ٢٠٠٣ ، ص ١٦٥ )

لێکۆڵەریش پێوەرێکی تایبەت بە پێوانی مەیلی خوێندنەوە لای قوتابیانی لێکۆڵینەوە ئامادە دەکات .

## ڕۆڵی قوتابخانە و مامۆستا لە پەرەپێدانی مەیل بۆ خوێندنەوە

قوتابخانە بە گشتی و مامۆستا بە تایبەتی رۆڵی بنەڕەت و سەرەکییان لە پێکهێنان و گەشەپێدانی مەیلی خوێندنەوە لای قوتابیان دا هەیە ، لەمانە :

١. دەستنیشانکردنی مەیلی خوێندنەوەیقوتابیانی قۆناغەکانی خوێندن بەپێی ڕەگەز ، بە لەبەرچاوگرتنی دابینکردنی بابەتە گونجاوەکانی خوێندن .

٢. قوتابخانە گرنگی پێویست بە پەرتووکخانەی قوتابخانەو هی پۆل بدات و بە پێی ویستن و گونجاوی و مەیلی قوتابیان بابەتی بەشێوەیەکی گشتی ، پەرتووك و چاپەمەنی جۆراوجۆر دابین بکات .
٣. پشت بە تۆمارو دۆسێی قوتابی ببەسترێ بۆ تێدا نووسینی حەزو ئارەزوو و مەیلەکانی خوێندنەوە بە مەبەستی هاندانی و دەستەبەرکردنی ژینگەیەکی لەباری خوێندنەوە .
٤. دیاریکردنی مەبەستەکانی خوێندنەوە بۆ قوتابیان بۆ ئەوەی تێکەڵبوونی لەگەڵ ناوەرۆك وچێژ لێوەرگرتنی بەردەست بخرێت .
٥. هاوکاریکردن لە نێوان ژینگەکانی قوتابخانەو ماڵەوەو پەرتووکخانەکان و میدیا تایبەتمەندەکان وەك یەك تیم و تۆڕی پێکەوە کارکەر بۆ دەردانی مەیلی خوێندنەوە و گەشەپێدانی بەردەوام لای فێرخواز و قوتابیان .
٦. جاڕدانی چالاکی ناو پۆل و دەرەوەی پۆل بۆ هاندانی قوتابیان لەسەر خوێندنەوە و چێژ لێوەرگرتنی .
٧. مامۆستایان پشت بە ستراتیجییەت و ڕێگاو شێوازو چالاکی و هەڵوێستە جیاجیاکانی فێرکردن و فێربوون ببەستن ئەوانەی کە فێرخوازو قوتابیان هان دەدەن بۆخوێندنەوە و گرنگی باش تێگەیشتنی ناوەرۆك و ئامادەکردنی کورتە و پوختە کردنی و داڕشتنی بە شێوازی خۆیان .
٨. ڕاسپاردنی قوتابیان - لەو کاتەی مامۆستا بە گونجاو دایدەنێ - بەوەی هەر یەکێکیان پەرتووکێك کە حەزی لێدەکات و مەیلی خوێندنەوەی دەکات ، هەڵیبژێرێت و ورد بیخوێنێتەوە و بیرە سەرەکییەکانی کورت بکاتەوە و بە شێوازی خۆی دایبڕێژێت و بۆ هاورێیانی باس بکات .
٩. قوتابیان هان بدرێن ئەو بابەتانە هەڵبژێرێن کە حەزیان لێیانە و مەیلی خوێندنەوە دەکەن.
١٠. بەکارهێنانی شێواز و چالاکی وا کە ژینگەیمەعریفی قوتابی کارا بکات،بەتایبەتی چالاکی و شێوازەکانی میتاکۆگنیشن بۆ پتر تێکەڵبوونی قوتابی لەگەڵ ناوەرۆکی بابەتی خوێندنەوە بۆ ئەوەی مەیلی بۆ خوێندنەوە زیاتر و بەرەوشتر بێ .
١١. قوتابیان هان بدرێن هەندێ پارچە شیعر یان چیرۆك هەڵبژێرن و بیخوێننەوە بۆ ئەوەی چێژی جوانکاری و ئەدەبی و ویژدانی لێیان وەربگرن . ( محمد ، ٢٠٠٣ ، ص ١٥١ - ١٥٣ ، ١٦١ ) ( Harris &Smith , 1992 , p. 89 )

هەلبەتە لێکۆڵەریش بە پێی پێکران و بۆ ڕەخسان ، ئەم کردەو ڕاسپاردانە لەبەرچاو دەگرێت و کاریان پێ دەکات .

# بەشی دووەم

## دووەم : لێکۆڵینەوەکانی پێشوو

- خستنە ڕووی لێکۆڵینەوەکان

- تەوەری یەکەم : لێکۆڵینەوە لە بارەی کاریگەری ستراتیجییەتی (SQ3R) لەسەر دەستکەوت لە خوێندنەوەدا و هەندێ گۆڕاوی تردا .
- تەوەری دووەم : لێکۆڵینەوە لە بارەی هەندێ ستراتییجییەت و ڕێگا لەسەر پەرەپێدانی مەیلی خوێندنەوەدا و هەندێ گۆڕاوی تر .

- ئاماژە بۆ هەندێ لایەنی لێکۆڵینەوەکان و سوود لێوەرگرتنیان

## خستنەڕووی لێکۆڵینەوەکان

کاتێك لێکۆڵەر لەو لێکۆڵینەوانە دەگەڕا ئەوانەی باسیان لە کاریگەری ستراتیجییەتی ( SQ3R ) لەسەر دەستکەوت لە بابەتی خوێندنەوەو لە پەرەپێدانی مەیلی خوێندنەوە لای قوتابیان دا کردووە ، (١٠) لێکۆڵینەوەی بەردەست کەوت کە هەموویان باسیان لە کاریگەری ئەم ستراتیجییەتە لەسەر دەستکەوت لە خوێندنەوەدا و هەندێ گۆڕاوی تر کردووە ، بەلاَم هیچی دەست نەکەوت باسیان لە کاریگەرییەکەی لە پەرەپێدانی مەیلی خوێندنەوەدا کردبێ ، لەبەر ئەوەی مەیلی خوێندنەوە لەم لێکۆڵینەوەیەدا گۆڕاوێکی (سەربەو)ەو لای لێکۆڵەر گرنگە بزانێ ئاخۆ چ ستراتیجییەت و ڕێگای فێرکردن و شێوازی فێربوون تاقی کراونەتەوە کە پەرە بە مەیلی خوێندنەوە لای قوتابیان دەدەن ، بۆیە بۆ وەك ئەم لێکۆڵینەوانە گەڕاو (٤) لێکۆڵینەوەی دەست کەوت لەبارەی کاریگەری هەندێ ستراتیجییەت و ڕێگا لەسەر گەشەدان بەمەیلی خوێندنەوە .

لێکۆڵەر لێکۆڵینەوەکانی لە دوو تەوەر بەم جۆرەی خوارەوە دانان :

- **تەوەری یەکەم :**

لێکۆڵینەوە لە بارەی کاریگەری ستراتیجییەتی ( SQ3R ) لەسەر دەستکەوت لە خوێندنەوەدا و هەندێ گۆڕاوی تر .

لێکۆڵینەوەکانیش ئەمانەن :

١. لێکۆڵینەوەی ( Wander , 1996 )
٢. لێکۆڵینەوەی( القطبي ، ٢٠٠٠ )
٣. لێکۆڵینەوەی( الشاي ، ٢٠٠٢ )
٤. لێکۆڵینەوەی ( سعيد ، ٢٠٠٩ )
٥. لێکۆڵینەوەی ( الجبوري ، ٢٠١١ )
٦. لێکۆڵینەوەی ( الموسوي ، ٢٠١٢ )
٧. لێکۆڵینەوەی( التميمي، ٢٠١٢ )
٨. لێکۆڵینەوەی ( العزاوي، ٢٠١٣ )
٩. لێکۆڵینەوەی ( عەبدوللا ، ٢٠١٤ )
١٠. لێکۆڵینەوەی ( هادي، ٢٠١٤ )

- **تەوەری دووەم :**

**لێکۆڵینەوە لە بارەی هەندێ ستراتیجییەت و ڕێگا لەسەر پەرەپێدانی مەیلی خوێندنەوەدا و هەندێ گۆڕاوی تر .**

**لێکۆڵینەوەکانیش ئەمانەن :**

١. **لێکۆڵینەوەی ( الجبوري ، ٢٠٠٦ )**

٢. **لێکۆڵینەوەی ( السعدي ، ٢٠٠٧ )**

٣. **لێکۆڵینەوەی ( محمود ، ٢٠٠٧ )**

٤. **لێکۆڵینەوەی ( العبيدي ، ٢٠١٣ )**

- **تەوەری یەکەم :**

**لێکۆڵینەوە لەبارەی هەندێ کاریگەری ستراتیجییەتی ( SQ3R ) لەسەر دەستکەوت لە خوێندنەوەدا و هەندێ گۆڕاوی تر .**

١. **لێکۆڵینەوەی ( Wander , 1996 ) :**

**ئەم لێکۆڵینەوەیە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ئەنجام دراوەو ئامانجەکەی زانینی کاریگەری ستراتیجییەتی (SQ4R) و ستراتیجییەتی (SQ3R ی ڕۆبنسۆن) بوو لە وتنەوەی خوێندنەوەدا بۆ باشترکردنی کارامەیی بیرهاتنەوەو داڕشتنی پرسیاری خودی لای قوتابیانی پۆلی پێنجەمی دواناوەندی وئاراستەکانیان بەرامبەر بە هەردوو ستراتیجییەتەکە .**

**لێکۆڵەر قوتابخانەیەکی دواناوەندی بەمەبەست هەڵبژارد لە ناوچەی فلۆریدا کە (٧٦) قوتابی بوو ، بەشێوەی هەڕەمەکیش دابەشیکردونەتە سەر سێ گروپ ، دووان ئەزموونی و ئەوەیتر کۆنترۆڵکار .**

**لێکۆڵەر سێ ئامرازی ئامادەکرد، کە تاقیکردنەوەی تێگەیشتنی خوێندنەوەو کارامەیی بیرهاتنەوەو بەرهەمهێنانی پرسیاری خودی و پێوەری ئاراستەکان بەرامبەر بە بەکارهێنانی دوو ستراتیجییەتەکان بوون و خەسڵەتەکانی سایکۆمەتریشی بۆ هەرسێکیان دەرهێنا .**

**پاش تەواو بوونی ماوەی ئەزموون ، لێکۆڵەر ئامرازەکانی بەسەر قوتابیانی هەرسێ گروپەکەدا پراکتیزە کردو داتاکانی دەرهێناو بە تاقیکردنەوەی (T.test ) هامشۆی ئاماری لەگەڵیان دا کرد ، لەئەنجامدا دیاربوو کە هەردوو ستراتیجییەتی (SQ3R) و (SQ4R) لە تێگەیشتنی بابەتی خوێندراو و لەکارامەیی بیرهاتنەوەدا کاریگەرن و لەدانان و پۆلینکردنی**

پرسیاری خودیش کاران ، ئاراستەی قوتابیانیش بەرامبەریانەوە ئەرێنی یە . ( Wander 1996 , p 1 - 3, ) وەرگیراوە لە : ( الموسوي، ٢٠١٢ ، ص ٥٦ - ٥٧ ) و (عەبدوللا ، ٢٠١٤ ، لا ٥٠)

**٢. لێکۆڵینەوەی( القطبي ، ٢٠٠٠ ) :**

ئامانجی ئەم لێکۆڵینەوەیە ، کە لە ولاتی عەرەبستانی سعودیە ئەنجام دراوە ، زانینی کاریگەری ستراتیجییەتی (SQ3R)ی رۆبنسۆن بوو لەسەر تێگەیشتنی خوێندراو و مانەوەی لای قوتابیانی پۆلی یەکەمی دواناوەندی .

لێکۆڵەر پشتی بە دیزاینیی گروپی هاوسەنگ بەست، نموونەی لێکۆڵینەوەکەش (١٧) قوتابی بوو ، لیستەیەك چاپووکییەکانی تێگەیشتنی خوێندراوی ئامادەکرد کە بە گوێرەیانەوە تاقیکردنەوەیەکی دەستکەوتی خوێندنەوەی ئامادە کردو دروستی و نەگۆری بۆ دەرهێنا .

پاش کۆتایی هاتنی ماوەی ئەزموون کە دوو مانگی خایاند، لێکۆڵەر تاقیکردنەوەی بەسەردا پراکتیزە کردو داتاکانی دەرهێنان و تاقیکردنەوەی (T.test )ی لەگەڵیاندا بەکارهێناو ئەوەی سەرئەنجام کرد کاتێك قوتابیان لە بەکارهێنانی ستراتیجییەتی (SQ3R) لە خوێندنەوەدا رادەهێنرێن ، بە ئەرێنی کار لە چاپووکییەکانی تێگەیشتنی خوێندراو دەکات ،پاش نزیکەی مانگێکیش کاتێك لێکۆڵەر تاقیکردنەوەکەی بەسەریان دا دووبارە کردەوە ، بۆی دیاربوو کە ئەم ستراتیجییەتە لە ( مانەوەی تێگەیشتنی خوێندراو ) یش دا هەر کاریگەرە . (القطبي ، ٢٠٠٠ ، ص ١٣ - ١٤) (عەبدوللا ، ٢٠١٤ ، لا ٥٠)

**٣. لێکۆڵینەوەی ( الشاي، ٢٠٠٢ ) :**

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە ولاتی کوێت ئەنجام دراوە،ئامانجی زانینی کاریگەری هەردوو ستراتیجییەتی (SQ3R)ی رۆبنسۆن و ستراتیجییەتی ( K.W.L ) هەریەکەیان بەتەنیا و پێکەوە بوو لە تێگەیشتن لە خوێندنەوە لای قوتابیانی پۆلی یازدە لە بابەتی زمانی ئینگلیزی دا .

لێکۆڵەر نموونەیەکی دیاریکردو بەهەڕەمەکی دابەشیکردە سەر (٤) گروپ ، سێیانیان گروپی ئەزموونگەری و یەکیان گروپی کۆنترۆڵکار . تاقیکردنەوەیەکی بابەتی بۆ تێگەیشتن لە خوێندنەوەدا ئامادەکردو نەگۆری بۆ دەرهێنا ، دوای تەواوبوونی ماوەی ئەزموون و پراکتیزەکردنی تاقیکردنەوەو دەرهێنانی داتاکان و هامشۆکردنی ئاماری بە ( شیکردنەوەی تەباینی فرەڕوو ) ، لێکۆڵەر گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە هەردوو ستراتیجییەتەکان چ بەتەنیا چ پێکەوە، کاریگەرو کاران لە تێگەیشتنی ناوەرۆکی خوێندراوەو چاپووکییەکانی تێگەیشتن بە بەراوردکردنی لەگەڵ رێگای ئاسایی خوێندنەوەدا . لە (الربيحات ، ٢٠٠٩ ، ص ٥١ - ٥٢ وەرگیراوە)*

---

* ئەم سەرچاوەیە لە (الربيحات ، ٢٠٠٩) نەنووسرابوو .

**٤. لیکۆڵینەوەی ( سعید ، ٢٠٠٩ ) :**

ئامانجی ئەم لێکۆڵینەوەیە زانینی کاریگەری ستراتیجییەتەکانی میتاکۆگنیشن (SQ3R و K.W.L) بوو لەسەر دەستکەوتی خوێندن و پەرەپێدانی بیرکردنەوەی رەخنەگرانە و ئاراستەیان بۆ بابەتی رێزمان لای قوتابیانی پۆلی سێیەمی ئامادەیی .

لێکۆڵەر نموونەیەکی هەڵبژارد کە (٩٠) قوتابی بوون و بەشێوەیەکی هەرەمەکی دابەشیکردنە سەر (٣) گروپ کە هەر گروپەی (٣٠) قوتابی لە خۆ دەگرت ، هاوسەنگی لەنێوانیاندا کرد لە هەندێ گۆڕاودا . لێکۆڵەر سێ ئامرازی ئامادەکرد یەکەمیان تاقیکردنەوەی دەستکەوت و دووەمیان تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەو سێیەمیان پێوەری ئاراستە بۆ بابەتی رێزمان بوو ، خەسڵەتەکانی سایکۆمەتریشی بۆ هەرسێکیان دەرهێنا . پاش تەواوبوونی ئەزموون ، لێکۆڵەر هەرسێ ئامرازەکەی بەسەر گروپاندا پراکتیزە کردوداتاکانی دەرهێنان و بە ( شیکردنەوەی تەبایینی یەك لا ) هامشۆی ئاماری لەگەڵیاندا کرد ، ئەوەی سەرئەنجام کرد کە هەردوو ستراتیجییەتی ( SQ3R ) و ( K.W.L ) لە دەستکەوتی خوێندن لە رێزمان و لە گەشەپێدانی بیرکردنەوەی رەخنەگرانە و ئاراستەیان بەرامبەر بەرێزمان دا کاریگەرن . ( سعید ، ٢٠٠٩ ، ص ٢٦ - ٣٤ *) و ( التمیمي، ٢٠١٢ ، ص ٥٠ - ٥١ )

**٥. لێکۆڵینەوەی ( الجبوري، ٢٠١١ ) :**

ئەم لێکۆڵینەوەیە لەشاری ( بابل ) ئەنجام دراوە و ئامانجەکەی زانینی کاریگەری ستراتیجییەتی ( بەنموونە کردنی بیرکردنەوە ) و ستراتیجییەتی ( SQ3R )ی رۆبنسۆن بوو لەسەر تێگەیشتنی خوێندراو لەبابەتی خوێندنەوەداو بیرکردنەوەی رەخنەگرانە لای قوتابیانی پۆلی چوارەمی وێژەیی .

لێکۆڵەر دیزایینی ئەزموونی نیمچە کۆنترۆڵی هەڵبژارد ، دوو گروپی ئەزموونی ویەکێکی کۆنترۆڵکار ، قوتابخانەیەکی ئامادەیی کچانیشی بەئەنقەست هەڵبژاردو بەهەرەمەکی سێ هۆبەی دەستنیشان کردو بەهەمان شێوە دابەشیکردنە سەر سێ گروپەکە کە ژمارەیان (٣٥) ، (٣٤) ، (٣٥) قوتابی کچ بوون . هاوسەنگیشی لەنێوانیاندا کرد لە چەند گۆڕاوێکدا ، وەك : تەمەن و ئاستی خوێندنی دایك و باوك وشارەزایی پێشووی بابەتی خوێندنەوەو بیرکردنەوەی رەخنەگرانە .

لێکۆڵەر دوو ئامرازی ئامادەکرد ، یەکەمیان تاقیکردنەوەی تێگەیشتن لە بابەتی خوێندنەوەدا کە (٣٠) برگە بوو لە توێی پرسیاری جۆری هەڵبژاردن وگوتاریی وەڵام سنووردار ، دروستی تاقیکردنەوە و گرانیی برگەکان و هێزی جیاکەرەوە و جێگیری بە رێگای (دابەشکردنی

---

*ئەم سەرچاوەیە لە لیستەی سەرچاوەکانی لێکۆڵینەوەی ( التمیمي ، ٢٠١٢ ) دا ، نەنووسراوە .

نیوەیی ) دەرهێنا . دووەمیان تاقیکردنەوەی رەخنەگرانە کە پشتی بە تاقیکردنەوەکەی ( علي، ٢٠٠٤ ) بەستبوو کە بەپێی تاقیکردنەوەی (Watson & Glaser) دیزایین کرابوو .

پاش تەواوبوونی ماوەی ئەزموون کە (١٠) هەفتەی خایاندو لێکۆڵەر خۆی وانەی دەوتەوە ، هەردوو ئامرازەکەی بەسەر نموونەی لێکۆڵینەوەدا پراکتیزە کردو داتاکانی دەرهێناو بەتاقیکردنەوەی (T.test) هامشۆی ئاماری لەگەڵیاندا کرد ، لەئەنجامدا - ئەوەی پەیوەندی بە ستراتیجییەتی ( SQ3R )ەوە هەبێ دیاربوو کە ئەم ستراتیجییەتە کاراو کاریگەربوو لە دەستکەوت لە خوێندنەوەدا و لە گەشەپێدانی بیرکردنەوەی رەخنەگرانە بە بەراوردکردن لەگەڵ رێگای ئاسایی بەکارهێنراو لە وتنەوەی بابەتەکەدا . (الجبوري، ٢٠١١ ، ص ن - ع )

**٦. لێکۆڵینەوەی ( الموسوي، ٢٠١٢ ) :**

ئەم لێکۆڵینەوەیە کە لە شاری کەربەلادا ئەنجام دراوە ، ئامانجی زانینی کاریگەری ستراتیجییەتی (SQ3R)ی رۆبنسۆن و ستراتیجییەتی ( پرسیاری خودی ) بوو لەسەر پەرەپێدانی تێگەیشتن لە خوێندنەوەو بەرهەمهێنانی پرسیاری خودی لای قوتابیانی پۆلی دووەمی ناوەندی .

لێکۆڵەر پشتی بە دیزاینیی ئەزموونی گروپی هاوسەنگ بەست ، دوو گروپی ئەزموونی و گروپێکی کۆنترۆڵکار . بەئەنقەست قوتابخانەیەکی ناوەندی هەڵبژاردو بە هەرەمەکی سێ هۆبەی لێ هەڵبژاردن و بەهەمان شێوە دابەشیکردنە سەر سێ گروپ کە ژمارەیان (٣٠) ، (٣١) ، (٣١) قوتابی بوون ، هاوسەنگیشی لە نێوانیاندا کرد لە گۆراوەکانی تەمەن و ئاستی خوێندنی دایك و باوك و نمرەی بابەت هی ساڵی رابردوو و زیرەکی و توانای زمانی .

لێکۆڵەر دوو ئامرازی ئامادەکرد ، یەکەمیان تاقیکردنەوەی (تێگەیشتن لە خوێندوەنەدا) کە (٤٠) برگە بوو لە تویێی چوار پرسیار (هەڵبژاردن ، رێکخستن ، تێکبەستنەوە ، بۆشایی ) ، دووەمیشیان تاقیکردنەوەی بەرهەمهێنانی پرسیاری خودی بوو کە سێ تێکستی خوێندنەوە بوو ،خەسڵەتەکانی سایکۆمەتری بۆ ئامرازەکان دەرهێنا .

لێکۆڵەر خۆی وانەی وتەوەو ماوەی ئەزموونیش نزیکی ساڵێکی خوێندن بوو ، پاش تەواو بوونی ئەزموون ، هەردوو تاقیکردنەوەکەی بەسەر گروپەکانی لێکۆڵینەوەدا پراکتیزە کردو داتای دەرهێناو بە (شیکردنەوە تەبایینی یەك لا) هامشۆی ئاماری لەگەڵیان داکرد ، لەئەنجامدا دیاربوو کە قوتابیانی هەردوو گروپی ئەزموونی کە بابەتی (خوێندنەوەو تێکست) یان بە ستراتیجییەتی (SQ3R) و بە (پرسیارکردنی خودی) خوێندبوو ، لەتێگەیشتنی خوێندنەوەو بەرهەمهێنانی پرسیارکردنی خودی، سەرکەوتووتر بوون لە هاورێکانیان کە هەمان بابەتیان بە رێگای ئاسایی خوێندووە . ( الموسوي ، ٢٠١٢ ، ص ظ - ع )

7. لێکۆڵینەوەی ( التميمي، ٢٠١٢ ) :

ئامانجی ئەم لێکۆڵینەوەیە زانینی کاریگەری ستراتیجییەتی (پێداچوونەوە ، پرسیارکردن ، تێڕامان ، گوێگرتن و دووبارە کردنەوە) بوو لەپەرەپێدانی چاپووکییەکانی خوێندنەوەی بەدەنگ لای قوتابیانی پۆلی پێنجەمی سەرەتایی دا .

لێکۆڵەر پشتی بە دیزایینی ئەزموونی گروپی هاوسەنگ بەست ، گروپێکی ئەزموونی و یەکێکی کۆنترۆڵکار . قوتابخانەیەکی سەرەتایی لەشاری بەغدا بەئەنقەست هەڵبژاردو دوو هۆبەی بەهەڕەمەکی لێ هەڵبژاردن و هەر بەهەرەمەکیش دابەشیکردنە سەر دوو گروپەکان کە ژمارەیان (٢٥) ، (٢٧) قوتابی بوون و لەچەند گۆڕاوێکیش دا (تەمەن ، ئاستی دایك و باوك ، زیرەکی ، چاپووکییەکانی خوێندنەوەدا) هاوسەنگی لە نێوانیان دا کرد .

لێکۆڵەر بابەتێك لە بابەتەکانی کۆتایی کتێبەکەی هەڵبژارد کە نەخوێندرابوو لەماوەی ئەزموونەکەدا، بۆ تاقیکردنەوەی قوتابیان لە خێرایی خوێندنەوەو دروست خوێندنەوە ، هەروەها بۆ تێگەیشتن لە بابەتەکانی خوێندنەوەدا ، تاقیکردنەوەیەکی ئامادەکرد (٤٠) بەند بوو لە توێی پێنج پرسیار ودروستی و نەگۆری بۆ دەهێنا .

دوای تەواوبوونی ماوەی ئەزموون کە وەرزێکی تەواوی خوێندن بوو ، لێکۆڵەر تاقیکردنەوەکانی (دروستی خوێندنەوەو، خێرایی خوێندنەوەو، تێگەیشتن لە خوێندنەوە)ی بەسەر گروپاندا پراکتیزە کردو داتاکانی دەرهێناو بە تاقیکردنەوەی (T.test) هامشۆی ئاماری لەگەڵیان دا کرد ، گەیشتە ئەو سەرئەنجامە کە بەکارهێنانی ئەم ستراتیجییەتە گەشە بە هەرسێ چاپووکییەکانی خوێندنەوە دەدات . ( التميمي، ٢٠١٢ ، ص ٦٤ - ٧٩ )

8. لێکۆڵینەوەی ( العزاوي ، ٢٠١٣ ) :

مەبەستی ئەم لێکۆڵینەوەیە زانینی کاریگەری ستراتیجییەتی (SQ3R)ی رۆبنسۆن بوو لەپەرەپێدانی خوێندنەوەی رەخنەگرانە لای قوتابیانی پۆلی چوارەمی زانستی و رووکاریان بەرامبەر بە بابەتی خوێندنەوە .

لێکۆڵەر پشتی بە دیزاینیی ئەزموونی نیمچە کۆنترۆڵ بەست ، گروپێکی ئەزموونی و یەکێکی کۆنترۆڵکار . دوو قوتابخانەی دواناوەندی بەئەنقەست لەناو شاری تکریت دەستنیشان کردن و لەهەر یەکێکیان بەهەرەمەکی هۆبەیەکی هەڵبژاردو بەهەمان شێوە دابەشیکردنە سەر دوو گروپەکە کە ژمارەیان (٣٢) ، (٣٤) قوتابی بوون و لەچەند گۆڕاوێکیش دا هاوسەنگی لەنێوانیان دا کرد .

لێکۆڵەر دوو ئامرازی ئامادە کرد ، یەکەمیان تاقیکردنەوەی خوێندنەوەی رەخنەگرانە بوو کە لە (٤٠) بەند پێکهاتبوو، دووەمیشیان پێوەری رووکار بەرامبەر بە بابەتی خوێندنەوە بوو کە لە (٣٠) دەستەواژە پێکهاتبوو ، خەسڵەتەکانی سایکۆمەتری بۆ دەرهێنان .

پاش تەواوبوونی ئەزموون کە دوومانگی خایاند ، لێکۆڵەر دوو ئامرازەکەی بەسەر دوو گروپەکاندا جێبەجێ کردو داتای دەرهێنان و بە (شیکردنەوەی تەباینی یەك لا) هامشۆی ئاماری لەگەڵیان دا کردو بۆی دەرکەوت کە ستراتیجییەتی (SQ3R) پەرە بە خوێندنەوەی رەخنەگرانە لای قوتابیان دەدات و ئاراستەشیان بەرامبەر بە خوێندنەوە گەشە پێ دەکات بە بەراوردکردن لەگەڵ وتنەوەی ئاسایی بابەتەکە . ( العزاوي، ٢٠١٣ ، ص ١١١ - ١٢٩ )

### ٩. لێکۆڵینەوەی ( عەبدوللا ، ٢٠١٤ ) :

ئەم لێکۆڵینەوەیە کە لەشاری دهۆکی هەرێمی کوردستان ئەنجام دراوە ،مەبەستی زانینی کاریگەری ستراتیجییەتی (SQ3R)ی رۆبنسۆن بوو لەسەر دەستکەوتی قوتابیانی پۆلی یازدەی ئامادەیی لە بابەتی ئەدەبی کوردی و گەشەکردنی مەیلی ئەدەبی لایان .

لێکۆڵەر بۆ هاتنە دی ئامانج دیزاینیی گروپی هاوسەنگی هەڵبژاردو بەمەبەست لە دوو قوتابخانەی ئامادەیی نموونەی لێکۆڵینەوەکەی دیاریکرد ، کە ژمارەیان ( ٥٧ ) قوتابی بوون و بە هەڕەمەکی دابەشی کردنە سەر دوو گروپ کە ژمارەی قوتابیانی گروپی ئەزموونگەری ( ٣١ ) قوتابی و ژمارەی قوتابیانی گروپی کۆنترۆڵکار ( ٢٦ ) قوتابی بوون . لێکۆڵەر هاوسەنگی لە (تەمەن و ئاستی دایك و باوك و زانیاری پێشوو و زیرەکی و مەیلی ئەدەبی) لە نێوانیاندا کرد .

لێکۆڵەر دوو ئامرازی ئامادەکرد ، یەکەمیان تاقیکردنەوەی دەستکەوت کە ( ٤٠ ) بەند بوو ، لە توێی دوو پرسیاری هەڵبژاردن و گوتاری وەڵام سنوردار، دووەمیشیان پێوەری مەیلی ئەدەبی بوو کە لە ( ٢٨ ) بەند پێکهاتبوو بەرامبەر هەر یەکێکیان سێ بەدیل هەبوون ، خەسڵەتەکانی سایکۆمەتری بۆ هەردوو ئامرازەکە دەرهێنا .

پاش تەواو بوونی ماوەی ئەزموون کە وەرزێکی تەواوی خوێندنی خایاند ، لێکۆڵەر هەردوو ئامرازەکەی بەسەر نموونەی لێکۆڵینەوە جێبەجێکردو داتای دەرهێنان و هامشۆی ئاماری بە تاقیکردنەوەی (T.test) لەگەڵیاندا کرد ، بۆی دەرکەوت کە بەکارهێنانی ستراتیجییەتی (SQ3R) لە وتنەوەی بابەتی ئەدەبی کوردی دا بۆ قوتابیانی پۆلی دەیەمی ئامادەیی ، دەستکەوتی خوێندنیان زیاد دەکات و گەشەش دەدات بەمەیلی ئەدەبییان لەچاو رێگای ئاسایی بەکارهێنراو بۆ وتنەوەی بابەتەکە . ( عەبدوللا ، ٢٠١٤ ، لا أ - پ )

**١٠. لێکۆڵینەوەی ( هادي، ٢٠١٤ ) :**

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە شاری بابل ئەنجام دراوەو ئامانجەکەی زانینی کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیجییەتی (SQ3R) بوو لەسەر دەستکەوتی قوتابیانی پۆلی پێنجەمی وێژەیی لە بابەتی جوگرافیای سروشتی دا .

لێکۆڵەر پشتی بە دیزایینی ئەزموونی نیمچە کۆنترۆڵ بەست ، گروپی ئەزموونی و گروپی کۆنترۆڵکار. نموونەی قوتابیانی لێکۆڵینەوەکەشی کە (٥٠) قوتابی بوون لە قوتابخانەیەکی بە ئەنقەست دەست نیشان کراو هەڵبژاردو دوو هۆبەی بەهەرەمەکی لێ هەڵبژاردن و بەهەرەمەکیش دابەشیکردنە سەر دوو گروپەکە . هاوسەنگی لەنێوانیاندا لە چەند گۆڕاوێکدا کرد .

لێکۆڵەر تاقیکردنەوەیەکی دەستکەوتی ئامادەکرد (٥٠) بەند بوو ، دروستی و نەگۆری و ئاستی زەحمەتی بەندەکان وکارایی بەدیلی هەڵە وهێزی لێکجودایی دەرهێنا .

پاش تەواو بوونی ئەزموون کە (٨) هەفتەی خایاند ، لێکۆڵەر تاقیکردنەوەکەی بەسەر قوتابیانی دوو گروپەکە جێبەجێکردو داتای دەرهێنان و بەتاقیکردنەوەی (T.test) هامشۆی ئاماری لەگەڵیاندا کردو تێبینی ئەوەی کردکە وتنەوەی بابەتی جوگرافیا بۆ قوتابیانی پۆلی پێنجەمی وێژەیی بە پێی ستراتیجییەتی (SQ3R)، دەستکەوتیان زیاتر دەکات لەوەی کە بە رێگای ئاسایی بوترێتەوە . ( هادي . ٢٠١٤ ص د )

- **تەوەری دووەم :**

لێکۆڵینەوە لە بارەی هەندێ ستراتیجییەت و ڕێگا لەسەر پەرەپێدانی مەیلی خوێندنەوەدا و هەندێ گۆڕاوی تر .

لێکۆڵینەوەکانیش ئەمانەن :

١. **لێکۆڵینەوەی ( الجبوري، ٢٠٠٦ ) :**

ئەم لیکۆڵینەوەیە کە لە شاری موسڵ ئەنجام دراوە ،ئامانجی زانینی کاریگەری بەکارهێنانی (چیرۆکی وێنەیی) بوو لەسەر دەستکەوتی قوتابیانی پۆلی چوارەمی سەرەتایی و مەیلیان بۆ بابەتی خوێندنەوە .

لێکۆڵەر دیزایینی نیمچە کۆنترۆڵی هەڵبژارد ، دوو گروپ ، گروپی ئەزموونی و گروپی کۆنترۆڵکار بە تاقیکردنەوەی پێشینە بۆ مەیلی خوێندنەوەو تاقیکردنەوەی پێشینە و دواییینە بۆ دەستکەوت لە خوێندنەوەداو مەیلی خوێندنەوە .

لێکۆڵەر بە ئەنقەست دوو قوتابخانەی سەرەتایی هەڵبژاردن و لە هەر یەکێکیشیان بەهەڕەمەکی هۆبەیەکی هەڵبژاردو بەهەمان شێوەش دابەشیکردنە سەر دوو گروپەکە کە ژمارەیان (٢٤) ، (٢٧) قوتابی بوون .

لێکۆڵەر دوو ئامرازی ئامادەکرد، یەکەمیان تاقیکردنەوەی دەستکەوت لە خوێندنەوەو دووەمیان پێوەری مەیل بۆ زانینی ئاستی مەیلی خوێندنەوەیان بۆ بابەتی خوێندنەوە .

پاش تەواوبوونی ئەزموون کە وەرزێکی خایاند ، لێکۆڵەر ئامرازەکانی بەسەر گروپان دا پراکتیزە کردو داتای دەرهێنان و بە تاقیکردنەوەی (T.test) هامشۆی ئاماری لەگەڵیاندا کرد ، گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە کاتێك بابەتی خوێندنەوە بە (چیرۆکی وێنەیی) دەوترێتەوە ، دەستکەوت زیاد دەکات و گەشەش دەدات بە مەیلی قوتابیان بۆ خوێندنەوە . ( الجبوري، ٢٠٠٦ ، ص ٢ - ٧٥ )

٢. **لێکۆڵینەوەی ( السعدي ، ٢٠٠٧ ) :**

ئەم لێکۆڵینەوەیە ئامانجی زانینی کاریگەری (نموونەی بینراو - بیستراو) بوو لەسەر ( ئیلقاکردن )و مەیلی خوێندنەوەی تێکستە ئەدەبییەکان لای قوتابیانی پۆلی چوارەمی گشتی دا .

لێکۆڵەر پشتی بە دیزایینی ئەزموونی نیمچە کۆنترۆڵ بەست ، دوو گروپ ، یەکێکی ئەزموونی و یەکێکی کۆنترۆڵکار . لە قوتابخانەیەکی ئامادەیی بەئەنقەست دیاریکراو لەناو شاری بابل ، دوو هۆبەی بەهەڕەمەکی لێ هەڵبژاردن و هەر بەهەڕەمەکیش دابەشیکردنە سەر دوو گروپەکە کە ژمارەی قوتابیانی هەریەکێکیان (٤٠) قوتابی بوو . هاوسەنگیشی لە (تەمەن و ئاستی دایك و باوك و زیرەکی و مەیل بۆ خوێندنەوە) لەنێوانیان دا کرد .

لێکۆڵەر پێویستییەکانی لێکۆڵینەوەی ئامادەکردن ، لەمانە ئامادەکردنی دوو پێوەر، یەکەمیان پێوەری ( ئیلقا کردن )ی تێکستی ئەدەبی کە پشتی بە پێوەرەکەی ( الفتلاوي، ٢٠٠٥ ) بەستبوو کە (٢٠) دەستەواژە بوو ، دووەمیان پێوەری مەیل بۆ خوێندنەوە کە (٣٥) برگە بوو،بەرامبەر هەر یەکێکیان سێ بژێتی هەبوون . خەسڵەتەکانی سایکۆمەتری بۆ هەردوو پێوەرەکە دەرهێنان .

پاش ئەوەی ئەزموون کۆتایی پێهات کە (٩) هەفتەی خایاند بوو ، لێکۆڵەر دوو پێوەرەکەی پراکتیزە کردو داتای دەرهێنان و بە تاقیکردنەوەی (T.test) هامشۆی ئاماری لەگەڵیاندا کردو ئەوەی سەرئەنجامی کرد کە کاتێك (نموونەی بینراو - بیستراو ) لە وتنەوەی تێکستە ئەدەبییەکان دا بەکاردەهێنرێ ، چۆنێتی (ئیلقا کردن) باشتر دەبێ و مەیلی قوتابیانیش بۆ خوێندنەوەیان دا گەشە دەکات . ( السعدي، ٢٠٠٧ ، ص خ - ذ )

### ٣. لێکۆڵینەوەی ( محمود، ٢٠٠٧ ) :

ئەم لێکۆڵینەوەیە کە لە شاری مقدادیەی سەر بە پارێزگای دیالا ئەنجام دراوە ، ئامانجی زانینی کاریگەری هەردوو ستراتیجییەتی (نەخشەی چەمکەکان و وانەوتنەوەی ئاڵوگۆڕی) بوو لەتێگەیشتن لە خوێندنەوەو مەیلی خوێندنەوە ، لای قوتابیانی پۆلی یەکەمی ناوەندی .

لێکۆڵەر پشتی بە دیزایینی ئەزموونی گروپی هاوسەنگ بەست ، دوو گروپی ئەزموونی و یەکێکی کۆنترۆڵکار . قوتابخانەیەکی ناوەندی بە ئەنقەست هەڵبژارد کە سێ هۆبە بوو و (١٠٢) قوتابی کچ بوون ، بەهەڕەمەکی سێ گروپەکەی لێکۆڵینەوەی دابەشکردنە سەر سێ هۆبەکە ، هاوسەنگیشی لە نێوانیان دا کرد لە تەمەن و ئاستی دایك و باوك و توانای زمانی و مەیل بۆ خوێندنەوە .

لێکۆڵەر دوو ئامرازی ئامادەکرد ، یەکەمیان تاقیکردنەوەی (تێگەیشتن لە خوێندنەوەدا) بوو کە (٦٠) برگە بوو لە جۆری (هەڵبژاردن) ، دووەمیشیان پێوەری مەیلی خوێندنەوە بوو کە پشتی بەستبوو بە پێوەرەی لێکۆڵەران (العبیدي و الربیعي، ٢٠٠٥) بۆ پێوانەکردنی مەیلی خوێندنەوە لای قوتابیان .

پاش تەواوبوونی ماوەی ئەزموون کە وەرزێکی تەواوی خوێندنی خایاند ، لێکۆڵەر ئامرازەکانی بەسەر قوتابیانی هەرسێ گروپەکەدا پراکتیزە کردو داتاکانی دەرهێنان و بە (شیکردنەوەی تەباینی یەك لا) هامشۆی ئاماری لەگەڵیان دا کرد ، لە ئەنجام دا دیاربوو کە هەردوو ستراتیجییەتی (نەخشەی چەمکەکان و وانەوتنەوەی ئاڵوگۆڕی) لە دەستکەوتی

خوێندنەوە و لە گەشەپێدانی مەیل بۆ خوێندنەوەدا کاراو کاریگەر بوون بە بەراورد لەگەڵ ڕێگای ئاسایی بەکارهێنراو . ( محمود، ٢٠٠٧ ، ص د - ز )

### ٤. لێکۆڵینەوەی ( العبیدي، ٢٠١٣ ) :

ئەم لێکۆڵینەوەیە کەلە شاری موسڵ ئەنجامدراوە ، مەبەستەکەی زانینی کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیجییەتی ( وانە وتنەوەی ئاڵوگۆڕی ) بوو لەسەر پەرەپێدانی هەندێ چاپووکی بیرکردنەوەی داهێنەرانە لای قوتابیانی پۆلی شەشەمی سەرەتایی و مەیلیان بۆ خوێندنەوەی عەرەبی .

لێکۆڵەر دیزایینی ئەزموونی گروپانی هاوسەنگی بەکارهێنا ، دوو گروپ، گروپی ئەزموونی و گروپی کۆنترۆڵکار .

قوتابخانەیەکی سەرەتایی بە ئەنقەست هەڵبژارد ، بەشێوەی هەرەمەکی دوو هۆبەی لێ هەڵبژاردن و بەهەمان شێوە دابەشیکردنە سەر دوو گروپەکان کە ژمارەی قوتابیانی هەریەکێکیان (٢٠) قوتابی بوو . لە تەمەن و ئاستی دایك و باوك و چاپووکییەکانی بیرکرنەوەی داهێنەرانە و مەیل بۆ خوێندنەوە ، هاوسەنگی لە نێوانیاندا کرد .

لێکۆڵەر دوو ئامرازی ئامادەکردن، یەکەمیان تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی داهێنەرانە بۆ زانینی ڕادەی پەرەپێدانی چاپووکییەکانی ئەم بیرکردنەوەیە کە سێ چاپووکی بوون (ڕەوانی ونەرمی ورەسەنی) لە تویێی (٩) پرسیاردا . دووەمیشیان پێوەری مەیل بۆ خوێندنەوە بوو کە لە (٣٤) برگە پێکهاتبوو،خەسڵەتەکانی سایکۆمەتری بۆ هەردوو ئامرازەکان دەرهێنا .

پاش تەواوبوونی ئەزموون کە (٧) هەفتەی خایاند، لێکۆڵەر دوو ئامرازەکەی پراکتیزەکردو داتاکانی بەردەست کردن و بە تاقیکردنەوەی (T.test) هامشۆی ئاماری لەگەڵیاندا کردو گەیشتە ئەو ئەنجامە کە بەکارهێنانی ستراتیجییەتی (وانە وتنەوەی ئاڵوگۆڕی) لە بابەتی خوێندنەوەدا، گەشە بە سێ چاپووکییەکەی بیرکردنەوەی داهێنەرانە و بەمەیل بۆ خوێندنەوە دەدات . ( العبیدي ، ٢٠١٣ ، ص ٧٥ - ١١٤ )

- **ئاماژە کردن بە لێکۆڵینەوەکانی پێشوو و سوود لێوەرگرتنیان :**

1. **ئامانجی لێکۆڵینەوە :**

جۆراوجۆری ئامانجی لێکۆڵینەوەکانی پێشوو بە گوێرەی ئەو گۆڕاوانەی لەخۆیان گرتبوو ، هەندێك لەوان ئامانجیان (دەستکەوت) بوو وەکو لێکۆڵینەوەی (الجبوري، ٢٠٠٦) و (سعيد، ٢٠٠٩) و (عەبدوللا، ٢٠١٤) و (هادي، ٢٠١٤) ، هەندێکی تر تێگەیشتن لە بابەتی خوێندن بوو وەکو لێکۆڵینەوەی (القطبي، ٢٠٠٠) و (الشاي، ٢٠٠٢) و (محمود، ٢٠٠٧) و (الجبوري، ٢٠١١) و (الموسوي، ٢٠١٢) و (محمود، ٢٠٠٧) ،هەندێکیشیان لەسەر مەیلی خوێندنەوەی ئەو بابەتانەی باسییان کردووە وەکو لێکۆڵینەوەی (الجبوري، ٢٠٠٦) و (السعدي، ٢٠٠٧) و (محمود، ٢٠٠٧) و (العبيدى، ٢٠١٣) .

ئامانجی ئەم لێکۆڵینەوەیەی بەردەست (دەستکەوتی خوێندن و پەرەپێدانی مەیلی خوێندنەوە) یە .

2. **دیزایینی ئەزموونی :**

لێکۆڵینەوەکانی پێشوو هەریەکەیان بە گوێرەی گریمان و ئامانج و ژمارەی نموونەکەیان ، دیزایینی ئەزموونی نیمچە کۆنترۆڵ یان هەڵبژاردووە ، گروپێك یان زیاتر ئەزموونگەری و یەکێکی کۆنترۆڵکار .

ئەم لێکۆڵینەوەی ئێستاش دیزایینی گروپی هاوسەنگی هەڵبژاردووە گروپێکی ئەزموونگەری و یەکێکی کۆنترۆڵکار .

3. **لێکۆڵینەوەکانی پێشوو لەسەر بابەتی جیاجیای خوێندن ئەنجام دراوە** ،وەك : (خویندنەوە، ڕێزمان، ئەدەبی کوردی، جوگرافیای سروشتی) لە ولاّتی جیاجیا وەك ( هەرێمی کوردستانی عیراق، ولاّتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، عەرەبستانی سعودیە، عیراق) ئەمەش گرنگیدانی شوێنە جیاجیاکانی جیهان دەردەخات بە پرۆسەی فێربوون و فێرکردن و هەوڵدانە بۆ بەرەو پێشبردنی .

4. **نموونەی لێکۆڵینەوە :**

لێکۆڵینەوەکانی پێشوو لێکۆڵینەوەکانیان لەسەر قۆناغی جیا ئەنجام داوە وەکو لێکۆڵینەوەی (الجبوري، ٢٠٠٦) و (التميمي، ٢٠١٢) و (العبيدي، ٢٠١٣) لەسەر قۆناغی سەرەتایی ، و لێکۆڵینەوەی (القطبي، ٢٠٠٠) و (محمود، ٢٠٠٧) و (سعيد، ٢٠٠٩) و (الموسوي، ٢٠١٢) لەسەر قۆناغی ناوەندی، و لێکۆڵینەوەی (Wander, 1996) و (الشاي، ٢٠٠٢) و (السعدي، ٢٠٠٧) و (الجبوري، ٢٠١١) و (العزاوي، ٢٠١٣) و (عەبدوللا، ٢٠١٤) و (هادي، ٢٠١٤) لەسەر قۆناغی ئامادەیی . ژمارەی نموونەکانیش لە نێوان (١٧) قوتابی لە لێکۆڵینەوەی (القطبي، ٢٠٠٠) و (١٠٤) قوتابی

له لێکۆڵینەوەی (الجبوري، ٢٠١١) بوو ، لێکۆڵینەوەی بەردەستیش لەسەر پۆلی شەشەمی بنەڕەتی و ژمارەی نموونەش (٥٤) قوتابییە .

**٥. ماوەی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە :**

ماوەی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەکان له نێوان (٧) حەفتە وەك لێکۆڵینەوەی (العبيدي، ٢٠١٣) و له لێکۆڵینەوەی (الموسوي، ٢٠١٢) نزیکەی (ساڵێکی خوێندن)ی خایاند و زۆربەی زۆری لێکۆڵینەوەکانی تر (وەرزێکی خوێندن)ی خایاند .

لێکۆڵینەوەی بەردەستیش وەرزێکی تەواوی خوێندنه و به (٢) وانه له هەفتەیەکدا که گونجاوه بۆ دیاربوونی کاریگەریی گۆڕاوی کارتێکەرەکه (SQ3R)ی رۆبنسۆن لەسەر گۆڕاوه کارتێکراوەکان (دەستکەوتی خوێندن و مەیلی خوێندنەوە) .

**٦. ئامرازی لێکۆڵینەوە :**

ئەو ئامرازانەی له لێکۆڵینەوەکانی پێشتر بەکارهاتوون جۆراوجۆرن هەر لێکۆڵینەوەیەك بەگوێرەی گۆڕاوەکانی ، که تیایاندابوو تاقیکردنەوەی بەکارهێناوه له جۆری ( هەڵبژاردن، رێکخستن، بەستنەوە، بۆشایی) یا ( هەلبژاردن و گوتاریی وەڵام سنووردار) ، هەشیانه لەپاڵ تاقیکردنەوەکه پشتی به (پێوەر) بەستبوو وەك پێوەری (ئاراسته ، مەیلی ئەدەبی ، مەیلی خوێندنەوە ) که خۆیان ئامادەیان کردبوو تەنها (السعدي، ٢٠٠٧) و (محمود، ٢٠٠٧) پشتیان به پێوەری تر بەستبوو ، زۆربەشیان خەسڵەتەکانی سایکۆمەتریان بۆ ئامرازەکان دەرهێنا ، ئەم لێکۆڵینەوەیەی ئێستاش ئامرازەکانی ئامادەکردو خەسڵەتەکانی بۆ دەرهێنا .

**٧. ئامرازی ئاماری :**

لەلێکۆڵینەوەکانی پێشوو به شێوەیەکی گشتی ئەو ئامرازه ئامارییانه بەکارهاتوون که لەگەڵ گریمان و ئامانجەکانیان گونجاون وەکو ( تاقیکردنەوەی تایی، شیکردنەوەی تەباینی فرەڕوو، شیکردنەوەی تەباینی یەك لا).

لەم لێکۆڵینەوەیەشدا (تاقیکردنەوەی تایی) و هەندێکی تر بەکاردەهێنرێن .

٨. **لێکۆڵینەوەکانی پێشوو هاو ڕان لەوەی که بەکارهێنانی ستراتیجییەتی (SQ3R)ی رۆبنسۆن رۆڵێکی کاراو ئەرێنی هەیه** له دەستکەوت و گەشەپێدانی بیرکردنەوەی رەخنەگرانەو ئاراستەو مەیل و تێگەیشتن له خوێندنەوەو گەلێك گۆڕاوی تردا .

٩. **سوودوەرگرتن له لێکۆڵینەوەکانی پێشوو** : لێکۆڵەر گەلێك سوودی له لێکۆڵینەوەکانی پێشوو وەرگرتووە هەر له دیاریکردنی کێشەی لێکۆڵینەوەو گرنگی وچۆنیەتی ئامادەکردنی ئامرازەکان و دیزایینی ئەزموونی و هەڵبژاردنی نموونەی لێکۆڵینەوەو چۆنیەتی دیاریکردنی ئامانجه ڕەوشتیەکان و سەرەرای ئەمانەش سەیرکردنی زۆربەی ئەو سەرچاوانەی بەکاریان هێناوه که پەیوەندی بەباتی لێکۆڵینەوەی بەردەست هەبووە .

# بەشی سێیەم

## ڕێباز و کردارەکانی لێکۆڵینەوە

**یەکەم : دیزاینی ئەزموونگەری**

**دووەم : کۆمەڵ و نموونەی لێکۆڵینەوە**

أ- کۆمەڵی لێکۆڵینەوە
ب- نموونەی لیکۆڵینەوە

**سێیەم : هاوسەنگی کردنی گروپەکانی لێکۆڵینەوە**

**چوارەم : ئامرازەکانی لێکۆڵینەوە**

أ. پێوەری مەیلی خوێندنەوە
ب. تاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندنەوە

**پێنجەم : ئامادەکردنی پلانی وانەوتنەوە**

**شەشەم : دروستی دیزایین**

**حەوتەم : جێبەجێکردنی ئەزموون**

**هەشتەم : پراکتیزەکردنی ئامرازەکانی لێکۆڵینەوە و ڕاستکردنەوەیان**

أ- پراکتیزەکردنی ئامرازەکانی لێکۆڵینەوە
ب- ڕاستکردنەوەی ئامرازەکان

**نۆیەم : هۆکاری ئاماری**

## ڕێباز و کردارەکانی لیکۆڵینەوە

ئەم بەشە لەو ڕێباز و کردارانەی کە لێکۆڵەر ئەنجامی دەدات بۆ بەدیهێنانی ئامانج و گریمانەکانی لێکۆڵینەوەپێك دێت ، کە بریتین لە هەڵبژاردنی دیزایین و دیاریکردنی کۆمەڵ و هەڵبژاردنی نموونەی لێکۆڵینەوەو هاوسەنگی کردنی گروپەکان و ئامادەکردنی ئامرازو پێداویستییەکانی تری جێبەجێکردنی ئەزموون ، پاشان پراکتیزەکردنی ئامرازەکان و هەڵبژاردنی هۆیەکانی لەباری ئاماری، بەم جۆرەی خوارەوە :-

### یەکەم : دیزایینی ئەزموونگەری

لە ئاکامی سروشتی دیاردە پەروەردەییە تێکەڵاو و ئاڵۆزەکان و نەشیاوی تەواوی بژارکردن و لادانی ئەو گۆڕاو و فاکتەرانەی کاردەکەنە سەر دیاردەیەك تاکو ئێستا، لەم بوارەوە دیزاینێکی ئەزموونگەری ئەوتۆ نەهاتۆتە کایەوە بگاتە تۆپکەی کۆنترۆڵکردنی تەواوی کارلێکی گۆڕاوەکان (داود ، ٢٠٠٦، ص ٩٩ - ١٠٠ ) . هەڵبژاردنی دیزایینی گونجاو بەندە بەسروشتی گرفت وئامانج و گریمانی لێکۆڵینەوە ( الحمداني و اخرون، ٢٠٠٦ ، ص ١٥٦ ) .

بۆ بەدەستهێنانی ئامانجی لێکۆڵینەوەو گریمانەکانی، لێکۆڵەر پشتی بەو دیزایینە بەست کە پێی دەوترێت دیزایینی گروپی هاوسەنگ بە تاقیکردنەوەی پێشینەو دوایینە (ڤان دالین، ٢٠٠٧ ، ص ٤٠٤) دیزاینەکەش لە دوو گروپ پێك دێت، یەکێکیان گروپی ئەزموونگەری و ئەوەیتر گروپی کۆنترۆڵکار، بابەت لە گروپی ئەزموونگەریدا بەپێی ستراتیجییەتی (SQ3R)ی ڕۆبنسۆن و لەگروپی کۆنترۆڵکار بەڕێگەی ئاسایی دەخوێندرێ، بە تاقیکردنەوەی پێشینەو دوایینە بۆ گۆڕاوی مەیلی خوێندنەوەو تاقیکردنەوەی دوایینە بۆ گۆڕاوی دەستکەوتی خوێندنەوە. هەروەك لە هێلکاری ژمارە (١) دا دیارە .

| گروپ | تاقیکردنەوەی پێشینە | ستراتیجییەت / رێگای وانەوتنەوە | تاقیکردنەوەی دوایینە |
|---|---|---|---|
| ئەزموونگەری | مەیلی خوێندنەوە | (SQ3R)ی ڕۆبنسۆن | مەیلی خوێندنەوە دەستکەوتی خوێندنەوە |
| کۆنترۆلکار | | رێگای ئاسایی | |

هێلکاری ژمارە (١)

دیزاینی ئەزموونگەری لێکۆڵینەوە

**دووەم : کۆمەڵ و نموونەی لێکۆڵینەوە**

**أ - کۆمەڵی لێکۆڵینەوە :**

مەبەست لە کۆمەڵی لێکۆڵینەوە گشت تاکەکانی ئەو شتە یا ئەو دیاردەیە کە لێکۆڵەر لێی دەکۆڵێتەوە (ملحم، ٢٠٠٥، ص١٤٩). کۆمەڵی ئەم لێکۆڵینەوەیە بریتییە لە هەموو قوتابیانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی قوتابخانە بنەڕەتییەکانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ناوەند/ شاری هەولێر بۆساڵی خوێندنی ( ٢٠١٣-٢٠١٤ ) ، کە ژمارەیان (٢٢٤) قوتابخانەیە و (٨٣٨٩ قوتابی کوڕ و ٧٩٥٠ قوتابی کچ*)ن .

**ب - نموونەی لێکۆڵینەوە :**

مەبەست لە نموونەی لیکۆڵینەوە ئەو تاکانەن کە لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵەکەیدا هەڵدەبژێردرێن بە رێگای گونجاوی ئاماریدا لە ڕووی رێگای هەڵبژاردن و ژمارەی تاکەکان ، (عدس والعنيزي، ٢٠٠٨،ص٢١٣) دوای دیاریکردنی کۆمەڵی لیکۆڵینەوە ، لێکۆڵەر قوتابخانەی (هەڤاڵانی بنەڕەتی تێکەڵاو)ی بەشێوەیەکی مەبەستدار هەڵبژارد ، هۆکاری هەڵبژاردنی ئەو قوتابخانەیەش دەگەرێتەوە بۆ پیشاندانی حەزو و ئارەزوو و هاوکاری تەواوی بەڕێوەبەری قوتابخانە و کارگێری و مامۆستای وانە ونزیکی قوتابخانە لە شوێنی نیشتەجێبوونی لێکۆڵەر .

*لێکۆڵەر ئەم زانیارییانەی لە بەشی ئاماری پەروەردەی ناوەند دەستکەوت . ( بە پێی نووسراوی کۆلیژی پەروەردەی بنەڕەتی، ژمارە (٣ / ١ / ٥٩٦ ) لە ( ٢٧ / ١ / ٢٠١٤ )

دوای ئەوەی کە لێکۆڵەر سەردانی قوتابخانەکەی کرد*، بۆی دەرکەوت کە پۆلی شەش دوو هۆبەن (أ) و (ب) و ژمارەیان (٢٨) ، (٢٧) قوتابین . پاشان بە شێوازی هەڕەمەکی سادە دوو گروپەکەی دابەش کردە سەریان ، لەئەنجامدا هۆبەی (أ) بوو بە گروپی ئەزموونگەری و هۆبەی (ب)یش بوو بە گروپی کۆنترۆڵکار هەروەك لە خشتەی ژمارە (١) دا دیارە .

**خشتەی ژمارە (١)**

**گروپ و هۆبە و ژمارەی قوتابیانی نموونەی لێکۆڵینەوە**

| هۆبە | گروپ | ستراتیجییەت / ڕێگای وانەوتنەوە | ژمارەی قوتابیان | ژمارەی قوتابیانی**دوورخراو (کەوتوو) | ژمارەی کۆتایی قوتابیان |
|---|---|---|---|---|---|
| أ | ئەزموونگەری | (SQ3R)ی رۆبنسۆن | ٢٨ | ١ | ٢٧ |
| ب | کۆنترۆڵکار | ڕێگەی ئاسایی | ٢٧ | - | ٢٧ |
| کۆی | | | ٥٥ | ١ | ٥٤ |

**سێیەم : هاوسەنگی گروپەکانی لێکۆڵینەوە**

هەرچەندە هەردوو گروپی لێکۆڵینەوە بە هەڕەمەکی دابەشکراون کە جۆرە هاوسەنگییەك پێك دێنێت ، بەڵام لێکۆڵەر بە گرنگی زانی هاوسەنگی لە نێوانیاندا بکات لە هەندێك گۆڕاو ، کە ڕەنگە کار لەسەر گۆڕاوەکانی کارتێکراو بکەن ، گۆڕاوەکانیش ئەمانەن :

١- **تەمەنی قوتابیان بە مانگ :**

لێکۆڵەر تەمەنی قوتابیانی لە کارگێری قوتابخانەو لە قوتابیان خۆیانەوە وەرگرت و بە مانگ تا ٢٠١٤/٢/١ (کاتی دەستپێکردنی ئەزموون) تەمەنی هەریەکەیانی دەرهێنا و پاشان ناوەندە ژمێری تەمەنی قوتابیانی هەردوو گروپی ئەزموونگەری و کۆنترۆڵکاری دەرهێنا کە (١٤٢,٨١) ، (١٤٠,٠٣) مانگ بوو . (پاشکۆی ژمارە ١)

*بە پێی نووسراوی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ناوەندی، ژمارە ( ٢٤٨ ) لە ( ٢٠١٤/١/٥ )

**تەنیا بۆ مەبەستی لێکۆڵینەوە دوورخراونەوە .

بۆ زانینی دەلالەتی جیاوازی نێوان هەردوو ناوەندە ژمێر لێکۆڵەر تاقیکردنەوەی تایی ( T. test) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆی ژمارە یەکسانی بەکارهێنا (أبراهیم ، ۲۰۰۰، ص۳٦۰) لە ئەنجامدا دەرکەوت کەوا جیاوازی مانادارى ئامارى لە نێوانیاندا نییە چونکە نرخی تایی دەرهێنراو کە (۰,۷٦٥) ، کەمترە لەنرخە خشتەییەکەی ، کە (۲,۰۰۸) لە ئاستی دەلالەتی (۰,۰٥) بە نمرەی ئازاد (٥۲). ئەمەش مانای ئەوە دەدات کە هەردوو گروپەکان لە گۆڕاوی تەمەن دا هاوسەنگن . خشتەی ژمارە (۲)

**خشتەی ژمارە (۲)**

**ئەنجامی تاقیکردنەوەی تایی بۆ دەلالەتی جیاوازی نێوان ناوەندە ژمێری تەمەنی قوتابیانی هەردوو گروپی لێکۆڵینەوە**

| گروپ | ناوەندە ژمێر | لادانی پێوەری | نرخی تایی | | دەلالەت لە ئاستی (۰,۰٥) |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | دەرهێنراو | خشتەیی | |
| ئەزموونگەری | ۱٤۲,۸۱ | ۱۷,۲۹ | ۰,۷٦٥ | ۲,۰۰۸ | مانادار نییە |
| کۆنترۆڵکار | ۱٤۰,۰۳ | ٦,٦٥ | | | |

**۲- زانیاری پێشووی قوتابیان لە بابەتەکانی لە ئەزموونداد دەخوێندرێن :**

لێکۆڵەر بۆ ئەم مەبەستە تاقیکردنەوەیەکی ئامادەکرد کە (۱٥) بەند بوو لە دوو پرسیاردا ( ڕاست و هەڵە ) و ( هەڵبژاردن )*، ( پاشکۆی ژمارە ۲ ) ، پاشان قوتابیانی هەردوو گروپی ئەزموونگەری و کۆنترۆڵکاری تیایدا تاقیکردەوە، دوای ڕاستکردنەوەی وەڵامەکان ، ناوەندە ژمێری دەرهێنا کە ( ٤,۱۸٥ ) ، ( ٤,٥۱۹ ) نمرە بوو . ( پاشکۆی ژمارە ۳ )

*ڕای ئەم مامۆستایانەی بابەت لە بارەیەوە وەرگیرا :

لوقمان عوسمان حەسەن - مامۆستای زمانی کوردی / قوتابخانەی (هەڤاڵان)ی بنەڕەتی تێکەڵاو

شیرین مەحمود عوسمان - مامۆستای زمانی کوردی / قوتابخانەی (شەهیدخدرسوارە)ی بنەڕەتی تێکەڵاو

فائیزە رەسول سابیر - مامۆستای زمانی کوردی / قوتابخانەی (هانا)ی بنەڕەتی تێکەڵاو

- نمرەی تاقیکردنەوەکە لە نێوان ( ۰ - ۱٥ ) نمرە بوو .

بۆ زانینی ماناداری جیاوازی نێوان هەردوو ناوەندە ژمێر، لێکۆڵەر تاقیکردنەوەی تایی (T.test) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆی ژمارە یەکسان بەکارهێناو دەرکەوت کە جیاوازی ماناداری لە نێوانیاندا نییە چونکە نرخی تایی دەرهێنراو کە ( ٠,٧٣٤ ) نمرەیە کەمترە لە نرخە خشتەییەکەی کە ( ٢,٠٠٨ ) نمرەیە لەئاستی (٠,٠٥) بەنمرەی ئازاد (٥٢) ، ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێ کە قوتابیانی هەردوو گروپ لە زانیارییەکانی پێشووی بابەتەکانی لە ئەزمووندا دەخوێندرێن هاوسەنگن . لەخشتەی ژمارە ( ٣ ) دا دیارە .

**خشتەی ژمارە (٣)**

**ئەنجامی تاقیکردنەوەی تایی بۆ دەلالەتی جیاوازی نێوان ناوەندە ژمێری زانیاری پێشووی قوتابیانی هەردوو گروپ لە بابەتەکانی لە ئەزمووندا دەخوێندرێن**

| گروپ | ناوەندە ژمێر | لادانی پێوەری | نرخی تایی | | دەلالەت لە ئاستی (٠,٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | دەرهێنراو | خشتەیی | |
| ئەزموونگەری | ٤,١٨٥ | ١,٦٧٢ | ٠,٧٣٤ | ٢,٠٠٨ | مانادار نییە |
| کۆنترۆڵکار | ٤,٥١٩ | ١,٦١٥ | | | |

٣- **نمرەی بابەتی خوێندنەوەی زمانی کوردی لە کۆرسی یەکەم دا :**

لێکۆڵەر نمرەی بابەتی خوێندنەوەی کۆرسی یەکەمی لە تۆماری نمرەی قوتابیان کە لەسەر (١٠) نمرە بوو ، وەرگرت و پاشان ناوەندە ژمێری قوتابیانی هەردوو گروپی ئەزموونگەری و کۆنترۆڵکاری دەرهێنا کە (٧,٨٥) ،(٨,٢٢) نمرە بوو . (پاشکۆ ژمارە ٤ )

بۆ زانینی ماناداری جیاوازی نێوان هەردوو ناوەندە ژمێر، لێکۆڵەر تاقیکردنەوەی تایی (T.test) بۆ دوو نمونەی سەربەخۆی ژمارە یەکسان بەکارهێنا و دەرکەوت کە جیاوازی ماناداری ئاماری لە نێوانیاندا نییە چونکە نرخی تایی دەرهێنراو (٠,٧١٣) نمرەیە کەمترە لە نرخە خشتەییەکەی کە (٢,٠٠٨) نمرەیە لە ئاستی (٠,٠٥) بە نمرەی ئازاد (٥٢) . ئەمەش مانای ئەوە دەدات کە قوتابیانی هەردوو گروپ لە نمرەی بابەتی خوێندنەوەی زمانی کوردی هی کۆرسی یەکەم هاوسەنگن . لە خشتەی ژمارە (٤)دا دیارە .

**خشتەی ژمارە (٤)**

**ئەنجامی تاقیکردنەوەی تایی بۆ دەلالەتی جیاوازی نێوان ناوەندە ژمێری قوتابیانی هەردوو گروپ لە بابەتی خوێندنەوەی زمانی کوردی / لە کۆرسی یەکەمدا**

| گروپ | ناوەندە ژمێر | لادانی پێوەری | نرخی تائی | | دەلالەت لە ئاستی ٠,٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | دەرهێنراو | خشتەیی | |
| ئەزموونگەری | ٧,٨٥ | ٢,٥٠ | ٠,٧١٣ | ٢,٠٠٨ | مانادار نییە |
| کۆنترۆڵکار | ٨,٢٢ | ٠,٨٦ | | | |

**٤- نمرەی بابەتی ڕێزمان و خوێندنەوەی کوردی ساڵی پار (پێنجەمی بنەڕەتی) :**

دوای بەدەستهێنانی نمرەی کۆتایی قوتابیان لە بابەتی ڕێزمان وخوێندنەوەی کوردی هی ساڵی پار (٢٠١٢ - ٢٠١٣) لە کارگێڕی قوتابخانە ، لێکۆڵەر ناوەندە ژمێری هەردوو گروپی ئەزموونگەری و کۆنترۆڵکاری دەرهێناکە (٧٥,٨٨) ، (٧٧,٨٨) نمرە بوو . (پاشکۆی ژمارە ٥ )

بۆ زانینی ماناداری جیاوازینێوان هەردوو ناوەندەژمێر، لیکۆڵەر تاقیکردنەوەی تایی (T.test) بۆ دوو نمونەی سەربەخۆی ژمارە یەکسان بەکارهێناو لەئەنجامدا دیاربوو کە جیاوازی ماناداری ئاماری لەنێوانیاندا نیە چونکە نرخی تایی دەرهێنراو کە (٠,٥٠٤) نمرەیە کەمترە لەنرخی خشتەیی کە (٢,٠٠٨) نمرەیە لەئاستی (٠,٠٥) بە پلەی ئازاد (٥٢). ئەمەش مانای ئەوە دەدات کە قوتابیانی هەردوو گروپ لە نمرەی بابەتی ڕێزمان وخوێندنەوەی کوردی ساڵی رابردوودا هاوسەنگن . خشتەی ژمارە (٥)

### خشتەی ژمارە (٥)

### ئەنجامی تاقیکردنەوەی تایی بۆ دەلالەتی جیاوازی نێوان ناوەندە ژمێری قوتابیانی هەردوو گروپ لە بابەتی رێزمان و خوێندنەوەی کوردی ساڵی پاردا

| گروپ | ناوەندە ژمێر | لادانی پێوەری | نرخی تایی | | دەلالەت لە ئاستی ٠,٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | ئەنجام | خشتە | |
| ئەزموونگەری | ٧٥,٨٨ | ١٥,٠٦ | ٠,٥٠٤ | ٢,٠٠٨ | مانادار نییە |
| کۆنترۆڵکار | ٧٧,٨٨ | ١٣,٥٤ | | | |

### ٥- ئاستی خوێندنی باوکانی قوتابیان :

لێکۆڵەر ئاستی خوێندنی باوکانی قوتابیانی هەردوو گروپی لە دۆسیەی قوتابیانی قوتابخانەو قوتابیان خۆیان بەدەست هێنا ، پاشان (کای دووجا)ی لەگەڵ داتاکان بەکارهێنا (عودة والخليلي،٢٠٠٠،ص٢٨٤) . لەئەنجامدا دیاربوو کە نرخی (دووجا)ی دەرهێنراو (٠,٩٦) کە کەمترە لە نرخە خشتەییەکەی (٧,٨٢) لە ئاستی دەلالەتی (٠,٠٥) بە پلەی ئازاد (٣). واتە جیاوازی ماناداری ئاماری نییە لە نێوان قوتابیانی هەردوو گروپ لەئاستی خوێندنی باوکانییاندا. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە قوتابیانی هەردوو گروپ لە گۆڕاوی ئاستی خوێندنی باوك دا هاوسەنگن . خشتەکانی ژمارە (٦) و (٧) ئەمە ڕوون دەکەنەوە .

### خشتەی ژمارە (٦)

### ئاستی خوێندنی باوکانی قوتابیانی هەردوو گروپ

| گروپ | نەخوێندەوار | دەخوێنێت و دەنووسێت | سەرەتایی | ناوەندی | ئامادەیی | پەیمانگا | کۆلێژ بەسەرەوە | سەرجەم |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەزموونگەری | - | ١ | ٥ | ٨ | ٥ | ٢ | ٦ | ٢٧ |
| کۆنترۆڵکار | ١ | ١ | ٥ | ٥ | ٥ | ٣ | ٧ | ٢٧ |

دوای لێکدانی خانەکان ، ئەنجام بەم جۆرە بوو* .

### خشتەی ژمارە (٧)

### نرخی کایی دووجا بۆ دەلالەتی جیاوازی لە نێوان قوتابیانی هەردوو گروپ لە ئاستی خوێندنی باوکانیاندا

| گروپ | نەخوێندەوار و دەخوێنێت و دەنووسێت و سەرەتایی | ناوەندی | ئامادەیی | پەیمانگا و کۆلیژ بەسەرەوە | سەرجەم | نرخی کا دووجا | | دەلالەت لە ئاستی ٠,٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | ئەنجام | خشتە | |
| ئەزموونگەری | ٦ | ٨ | ٥ | ٨ | ٢٧ | ٠,٩٦ | ٧,٨٢ | مانادار نییە |
| کۆنترۆڵکار | ٧ | ٥ | ٥ | ١٠ | ٢٧ | | | |

### ٦- ئاستی خوێندنی دایکانی قوتابیان :

لێکۆڵەر ئاستی خوێندنی دایکانی قوتابیانی هەردوو گروپی لە دۆسیەی قوتابیانی قوتابخانە و قوتابیان خۆیان بەدەست هێنا ، پاشان (کای دووجا)ی لەگەڵ داتاکان بەکارهێنا لەئەنجامدا دیاربوو کە نرخی (دووجا)ی دەرهێنراو کە (٣,١) کەمترە لە نرخی خشتەیی (٥,٩٩) لە ئاستی (٠,٠٥) بە پلەی ئازاد (٢). واتە جیاوازی ماناداری ئاماری نیە لە نێوان قوتابیانی هەردوو گروپ لەئاستی خوێندنی دایکانیاندا . واتە قوتابیانی هەردوو گروپ لە گۆڕاوی ئاستی خوێندنی دایك دا هاوسەنگن . خشتەکانی ژمارە(٨) و (٩) ئەمە ڕوون دەکەنەوە .

---

*بۆ ئەوەی ژمارە لەهەر خانەیەکدا ببێتە (٥) وبەسەرەوە ئەم خانانە لێکدران :

- (نەخوێندەوار ، دەخوێنێت و دەنووسێت ، سەرەتایی) .
- (پەیمانگا، کۆلیژ بەسەرەوە) .

## خشتەی ژمارە (٨)

## ئاستی خوێندنی دایکانی قوتابیانی هەردوو گروپ

| گروپ | نەخوێندەوار | دەخوێنێت و دەنووسێت | سەرەتایی | ناوەندی | ئامادەیی | پەیمانگا | کۆلیژ بەسەرەوە | سەرجەم |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەزموونگەری | ٤ | ٢ | ١٠ | ١ | ٦ | ٢ | ٢ | ٢٧ |
| کۆنترۆڵکار | ٥ | ٧ | ٨ | ١ | ٢ | ٣ | ١ | ٢٧ |

دوای لێکدانی خانەکان*، ئەنجام بەو جۆرە بوو .

## خشتەی ژمارە (٩)

## نرخی کایی دووجا بۆ دەلالەتی جیاوازی لە نێوان قوتابیانی هەردوو گروپ لە ئاستی خوێندنی دایکانیاندا

| گروپ | نەخوێندەوار و دەخوێنێت و دەنووسێتەوە | سەرەتایی | ناوەندی و ئامادەیی و پەیمانگا و کۆلیژ بەسەرەوە | سەرجەم | نرخی کا دووجا | | دەلالەت لە ئاستی ٠,٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | ئەنجام | خشتە | |
| ئەزموونگەری | ٦ | ١٠ | ١١ | ٢٧ | ٣,١ | ٥,٩٩ | مانادار نییە |
| کۆنترۆڵکار | ١٢ | ٨ | ٧ | ٢٧ | | | |

*بۆ ئەوەی ژمارە لەهەر خانەیەکدا ببێتە (٥) وبەسەرەوە ئەم خانانە لێکدران :

- (نەخوێندەوار ، دەخوێنێت و دەنووسێت) .
- (ناوەندی و ئامادەیی و پەیمانگا و کۆلیژ و بەسەرەوە) .

٧- **مەیلی خوێندنەوە :**

پێوەری مەیلی خوێندنەوە کە لێکۆڵەر بۆ مەبەستەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە ئامادەی کردبوو*بەسەر قوتابیانی هەردوو گروپی ئەزموونگەری و کۆنترۆڵکاری جێبەجێکرد ، ئنجا ناوەندە ژمێری دەرهێنا کە (٦٤,٣٣) ، (٦٦,٤٠) نمرە بوو. ( پاشکۆی ژمارە ٦ ) .

بۆ زانینی دەلالەتی جیاوازیی نێوان ئەم دوو ناوەندە ژمێرە ، لێکۆڵەر تاقیکردنەوەی تایی (T.test) بۆ دوو نمونەی سەربەخۆی ژمارە یەکسان بەکارهێنا و لە ئەنجامدا دیار بوو کە جیاوازیی ماناداری ئاماری لە نێوانیاندا نیە ، چونکە نرخی تایی دەرهێنراو کە (٠,٨٨) نمرەیە کەمترە لە نرخە خشتەییەکەی کە ( ٢,٠٠٨ ) نمرەیە لە ئاستی ( ٠,٠٥ ) بە پلەی ئازاد ( ٥٢ ). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە قوتابیانی هەردوو گروپ لە مەیلی خوێندنەوەیاندا هاوسەنگن . خشتەی ژمارە ( ١٠ )

**خشتەی ژمارە ( ١٠ )**

**ئەنجامی تاقیکردنەوەی تایی بۆ دەلالەتی جیاوازی نێوان ناوەندە ژمێری مەیلی خوێندنەوە لای قوتابیانی هەردوو گروپ**

| گروپ | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوەری | نرخی ( ت ) | | دەلالەت لەئاستی ( ٠,٠٥ ) |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | دەرهێنراو | خشتەیی | |
| ئەزموونگەری | ٦٤,٣٣ | ٩,٦٩ | ٠,٨٨ | ٢,٠٠٨ | مانادار نییە |
| کۆنترۆڵکار | ٦٦,٤٠ | ٦,٩٣ | | | |

*پاشان لێکۆڵەر کردارەکانی ئامادەکردنی ئەم پێوەرە ڕوون دەکاتەوە .

## ٧- زیرەکی :

لێکۆڵەر تاقیکردنەوەی وێنەداری زیرەکی کە ( احمد زكی صالح ، ١٩٧٦ ) ئامادەی کردووەو (القزاز ، ١٩٨٩) تەقنینی کردووە بەکاری هێنا ، کە لە( ٦٠ ) بڕگە پێك دێت و هەر بڕگەیەك ( ٥ ) وێنەیەو یەکێکیان جیاوازە داوا لە قوتابی دەکرێ لە فۆرمی وەڵامدانەوە دیاری بکات کە بەم جۆرەش نمرە لە نێوان ( ٠ - ٦٠ ) دا دەبێ ، بەسەر قوتابیانی هەردوو گروپی ئەزموونگەری و کۆنترۆڵکار جێبەجێکردو پاشان ناوەندە ژمێری دەرهێنا کە ( ٣٩,٢٥٩ ) و ( ٣٨,٦٦٧ ) نمرە بوو . (پاشکۆی ژمارە ٧ )

بۆ زانینی دەلالەتی جیاوازیی نێوان هەردوو ناوەندە ژمێرەکە ،لێکۆڵەر تاقیکردنەوەی تایی ( T. test ) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆی ژمارە یەکسان بەکارهێنا، لە ئەنجامدا دیاربوو کە جیاوازیی ماناداری ئاماری لە نێوان دوو ناوەندەژمێریەکەدا نییە ، چونکە نرخی تایی دەرهێنراو ( ٠,٢٩٤ ) کەمترە لە ترخی خشتەیی ( ٢,٠٠٨ ) لە ئاستی ( ٠,٠٥ ) بە پلەی ئازاد ( ٥٢ ). ئەمەش مانای ئەوەیە کە لە گۆڕاوی زیرەکی دا قوتابیانی هەردوو گروپ هاوسەنگن . خشتەی ژمارە ( ١١ )

**خشتەی ژمارە (١١)**

**ئەنجامی تاقیکردنەوەی تایی بۆ دەلالەتی جیاوازی نێوان ناوەندەژمێری هەردوو گروپ لە زیرەکی دا**

| گروپ | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوەری | نرخی ( ت ) | | دەلالەت لەئاستی ( ٠,٠٥ ) |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | دەرهێنراو | خشتەیی | |
| ئەزموونگەری | ٣٩,٢٥٩ | ٧,١٥٤ | ٠,٢٩٤ | ٢,٠٠٨ | مانادار نییە |
| کۆنترۆڵکار | ٣٨,٦٦٧ | ٧,٣٦٣ | | | |

## چوارەم : ئامرازی لێکۆڵینەوە :

بەدەستهێنانی ئامانج و گریمانەکانی لێکۆڵینەوە ، پێویست بە ئامادەکردنی دوو ئامراز دەکات ، یەکەمیان پێوەری مەیلی خوێندنەوە و دووەمیشیان دەستکەوت لە بابەتی خوێندنەوەدا .

لێکۆڵەر ئەم دوو ئامرازەی بەم جۆرەی خوارەوە ئامادەکرد :

### أ. پێوەری مەیلی خوێندنەوە :

بۆ پێوانی مەیلی خوێندنەوە لای قوتابیان و لەبەرنەبوونی پێوەرێکی گونجاو بۆ مەبەستی ئەم لێکۆڵینەوەیە، لێکۆڵەر هەندێ هەنگاوی گرتەبەر بۆ ئامادەکردنی ئەم پێوەرە کە ئەمانەی لای خوارەوەن :

١. سوود وەرگرتن لەو پێوەرانەی کە لە لێکۆڵینەوەکانی پێشوودا بەکارهاتوون و لەم لێکۆڵینەوەیە ئاماژەیان پێکراون .

٢. سوود وەرگرتن لەو لێکۆڵینەوانەی کەباس لە مەیل بۆ بابەتی خوێندن دەکەن وەك لێکۆڵینەوەی (الجبوري، ٢٠٠٦) ، (محمود، ٢٠٠٧) ، (السعدي، ٢٠٠٧) ، هەروەها لە هەندێ ئەدەبییاتی پەیوەندار ، وەك : (زيتون ، ١٩٨٨) ، (أيفانز ، ١٩٩٣) ، (محمد ، ٢٠٠٣) .

٣. لەژێر رۆشنایی ئەم هەنگاوانەی سەرەوە لێکۆڵەر پێوەرێکی سەرەتایی ئامادەکرد پێکهاتبوو لە ( ٣٥ ) دەستەواژە .

- **دروستی پێوەر**

مەبەست لە دروستی پێوەر رادەو توانای پێوەرەکەیە لەسەر بەدەستهێنانی ئەو ئامانجەی لە پێناویەوە بۆی دانراوە و تەنیا ئەو شتە بپێوێ کە بۆ پێوانی دانراوە نەك شتێکی تر ( Anastasi & Urbina , 1997 , p113 ) .

بۆ ئەم مەبەستە لێکۆڵەر شێوە سەرەتاییەکەی پێوەرەکەی دایە لیژنەیەکی حوکمدەرانی شارەزا لەبواری ئەدەبی کوردی و پەروەردە و دەروونزانی ( پاشکۆی ژمارە ٨ ) بۆخستنەرووی بیرو بۆچوونییان دەربارەی گونجاوی یا نەگونجاوی دەستەواژەکان و دەستکاری کردن و لابردن و زیادکردن و چۆنییەتی جۆری دارشتنی دەستەواژەکان .

دوای کۆکردنەوەی فۆرمەکان و تەماشاکردنی پێشنیارو رای بەرێزیان وبە بەکارهێنانی هاوکێشەی (جی. کۆپەر- J.Cooper) و بە پشتبەستن بەرێژەی رازیبوونی ( ٨٠٪ ) و بەسەرەوەی

حوکمدەران لەسەرهەر دەستەواژەیەك ( ٣٠ ) دەستەواژە پەسندکران و لێکۆڵەریش ئەو دەستکارییانەی پێشنیار کرابوون دەربارەی لایەنی زمان و داڕشتنی هەندێ دەستەواژەی ڕەچاو کرد و ئەو ( ٥ ) دەستەواژانەشی لابرد کە حوکمدەران بەڕێژەی دیاریکراو لەسەری رازی نەبوون . بەم جۆرە دروستی ڕواڵەتی پێوەر دابینکرا .

- **تاقیکردنەوەی پەیپێبرد بۆ پێوەر**

بۆ دەرخستنی هێزی جیاکەرەوەی دەستەواژەکان و دڵنیابوون لە ڕوونی هەر دەستەواژەیەك و ڕێنمایی وەلامدانەوەو کاتی پێویست، لێکۆڵەر پێوەرەکەی بەسەر ( ١٠٠ ) قوتابی ئەنجامدا کەبەشێوەیەکی هەڕەمەکی هەڵبژێردران لە قوتابخانەی ( بەرخودانی بنەڕەتی )ی تێکەڵاو پاش ڕاستکردنەوەی وەڵامەکان و ڕیزکردنی نمرەکان لەبەرزترین نمرە بۆ نزمترین نمرە، لێکۆڵەر ڕێژەی ( ٢٧٪ )ی نمرە بەرزەکانی سەرەوەو ڕێژەی ( ٢٧٪ )ی نمرە نزمەکانی خوارەوەی هەڵبژارد کە دەکاتە ( ٥٤ ) نمرە، ئنجا تاقیکردنەوەی تایی (T. test) بۆ دوو نمونەی سەربەخۆی ژمارە یەکسانی بۆ هەر بڕگەیەك لە بڕگەکان بەکارهێنا، لە ئەنجامدا دەرکەوت کە نرخی تایی دەرهێنراو بۆ هەر بڕگەیەك گەورەترە لە نرخە خشتەییەکەی کە (٢،٠٠٨)یە لە ئاستی ( ٠،٠٥) بە پلەی ئازاد ( ٥٢ ). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە جیاوازیی ماناداری ئاماری هەیە لە نێوان ناوەندەژمێری نمرەی مەیلی خوێندنەوەی هەردوو گروپ ( سەرەوە و خوارەوە )، بەم جۆرەش هەموو بڕگەکان بە جیاکەرەوە دادەنرێن. داڕشتنی بڕگەکان و ڕێنمایی وەڵامدانەوەش ڕوون بوون و (٤٠ ) خولەکیش ماوەیەکی گونجاو بوو بۆ وەڵامدانەوە (پاشکۆی ژمارە ٩ ) .

- **نەگۆڕی پێوەر**

نەگۆڕی ئەوەیە کاتێ تاقیکردنەوەیەك یا پێوەرێك بەسەر هەمان تاکەکان لە هەمان بارودۆخ دا یان وەك ئەو، دووبارە دەکرێتەوە هەمان ئەنجام یان نزیکی ئەوبەدەست بهێنێت . ( ملحم، ٢٠٠٥، ل ٢٤٦ ) .

لێکۆڵەر هاوکێشەی ( ئەلفا – کرونباخ –Coefficient,(a) )ی بەکارهێنا بۆ دابینکردنی نەگۆڕی پێوەرەکە، کە گونجاوە بۆ پێوەرێك کە هێزی تێدا بێت وەك ئەو تاقیکردنەوانەی یان پێوەرانەی بۆ نموونە هێزیان لە ( ١ – ٥ )، ( علام، ٢٠٠٦، ل١٠٠ ). پاش هامشۆکردنی ئاماری لەگەڵ وەڵامەکانی نموونەی پەیپێبرد کە ( ٥٤ ) قوتابی بوون ، نرخی نەگۆڕی دەرکەوت ( ٠،٨٢) کە ئەمەش نرخێکی گونجاوە بۆ ئەو پێوەرانەی لەناو پۆل جێبەجێ

دەکرێن ( ابو حويج واخرون، ٢٠٠٢، ل ١٣٩ ). بەم شێوەیە پێوەر بەشێوازی کۆتایی ئامادەبوو ، کە (٣٠) دەستەواژە دەگرێتە خۆیەوە بەرامبەر هەر دەستەواژەیەك ( ٣ ) بریتی/بەدیل هەن ( بەڵێ ، تاڕادەیەك ، نەخێر ) و نمرەکانیشیان ( ٣ ، ٢ ، ١ ) نمرەن بۆ دەستەواژەکان . ( پاشکۆی ژمارە ١٠)

**ب. تاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندنەوە**

بۆ زانینی دەستکەوتی قوتابیانی هەردوو گروپی لێکۆڵینەوە لە بابەتەکانی خوێندنەوەی کوردیدا کە لەماوەی ئەزموونیدا دەخوێنرێن، لێکۆڵەر تاقیکردنەوەیەکی بە پێی ئەم هەنگاوانەی خوارەوە ئامادەکرد :-

**دەستنیشان کردنی بابەت :**

ئەو بابەتانەی دیاریکران بۆ خوێندن لەبەشی خوێندنەوەی پەرتووکی ( ڕێزمان و خوێندنەوەی کوردی )دا ( ١٣ ) بابەتن کە دەخوێندرێن لەماوەی جێبەجێکردنی ئەزموونەکە بۆ قوتابیانی هەردوو گروپی لێکۆڵینەوە، هەروەك لەخشتەی ژمارە ( ١٢ )دا دیارە .

**خشتەی ژمارە ( ١٢ )**

**بابەتەکانی لەماوەی ئەزموونیدا دەخوێندرێن و ژمارەی لاپەڕەکانیان**

| ژ | بابەت | ژمارەی لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | کۆمپیوتەر | ٤ |
| ٢ | سەدەی زانست ( هۆنراوە ) | ٢ |
| ٣ | لەیلا قاسم | ٣ |
| ٤ | شەڕەفخانی بەدلیسی | ٣ |
| ٥ | ڕێنماییەکانی هاتوچۆ | ٤ |

| | | |
|---|---|---|
| ٦ | تەپڵ ( هۆنراوە ) | ١ |
| ٧ | هەڵەبجەی شەهید | ٥ |
| ٨ | نەجمەدین مەلا | ٢ |
| ٩ | دار و داربڕ | ٤ |
| ١٠ | ژینگە | ٢ |
| ١١ | کۆتر و ڕاوکەر ( هۆنراوە ) | ٣ |
| ١٢ | کاغەز و چاپکاری | ٤ |
| ١٣ | نەورۆز ( هۆنراوە ) | ١ |
| کۆی گشتی | | ٣٨ |

١. **هەڵێنجان و داڕشتنی ئامانجە ڕەوشتییەکان:**

پسپۆڕانی بواری پەروەردەو فێرکردن گرنگیی بە ئامانجی فێرکردن دەدەن و پێگیریی دەکەن لەسەر داڕشتنی ئامانج بە دەستەواژەی ڕەوشتی کە بەرهەمی فێربوون دەربڕێ و شیاوی سەرنجدان بێ و ئەگەری دیاردانی لە ڕەوشتی قوتابیاندا لێ بکرێ لە ماوەیەکی دیاریکراوی خوێندن دا ( ابو جادو، ٢٠٠٦ ، ص٢٥٤ ). ئامانجی ڕەوشتی وەك ڕێگا نەخشەی کاری مامۆستاو لێکۆڵەرانە ، بۆ ئامادەکردنی پلانی وانەوتنەوە و ئامادەکردنی تاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندن. ( ابو لبدة، ٢٠٠٨ ، ص ١٣٩ )

بۆ ئەم مەبەستە ، لێکۆڵەر ناوەرۆکی بابەتەکانی شیکردەوەو ئامانجی ڕەوشتی دەرهێناو دایڕشتن بە پشتبەستن بە هەرسێ ئاستی یەکەمی بواری مەعریفی پۆلینی ( بلوم –bloom) و

ژمارەیان گەیشتە ( ١٢٤ ) ئامانج، کە ( ٦٥ ) ئامانج بۆ ئاستی ( بیرهێنان ) و ( ٤٤ ) ئامانج بۆ ئاستی ( تێگەیشتن ) و ( ١٥ ) ئامانج بۆ ئاستی ( پراکتیك ) بوون .

بۆ مەبەستی دڵنیابوون لە هەڵێنجان و داڕشتنی ئامانجەکان و دروستی پۆلینکردنیان بەسەر ئاستەکان، لێکۆڵەر لیستی ئامانج و ناوەڕۆکی بابەتەکەی دایە لیژنەیەکی حوکمدەران لە بواری ئەدەبی کوردی پەروەردە و دەروونزانی، ( پاشکۆی ژمارە ٨ ). دوای بەکارهێنانی هاوکێشەی ( جی کۆپەر –J.cooper )، ( الوكيل والمفتى ، ٢٠١٤، ص٢٢٦ ) بەسەر حوکمدەران بۆ وەرگرتنی ڕای بەرێزیان، بەرامبەر هەر ئامانجێك لەو ئامانجانە و پشت بەستن بەڕێژەی رازیبوونی ( ٨٠ ٪ وپتر )ی ئەوان لەسەر هەر ئامانجێك، ژمارەی ئامانجەکان لە کۆتایی گەیشتە ( ١١٤ ) ئامانج. لەمانیش ( ٦٠ ) ئامانج بۆ ئاستی ( بیرهێنان ) و (٤١) ئامانج بۆ ئاستی ( تێگەیشتن ) و (١٣) ئامانج بۆ ئاستی ( پراکتیك ) ( پاشکۆی ژمارە ١١ )، لیکۆڵەر ئەو تێبینییانەی کە تایبەت بوون بەلایەنی زمان و داڕشتن بەرچاوی وەرگرتن .

### ٢. ئامادەکردنی نەخشەی تاقیکردنەوە:

نەخشەی تاقیکردنەوە رێکارێکی گرنگ و بنەڕەتە لە دانانی تاقیکردنەوەکانی دەستکەوتی خوێندن . چونکە هاوسەنگی و هەماهەنگی دەکات لەنێوان ناوەرۆکی بابەت و ئامانجی ڕەوشتی (الكبيسي، ٢٠٠٧، ص١٤١ ). بۆ ئامادەکردنی تاقیکردنەوە بە پێی ئەم نەخشەیە، لێکۆڵەر ئەم هەنگاوانەی گرتەبەر :-

أ. دەرهێنانی ڕێژەی گرنگی ناوەرۆك بەم شێوەیە :

$$\text{ڕێژەی گرنگی ناوەرۆك} = \frac{\text{ژمارەی وانەی بابەتی خوێندن}}{\text{کۆی ژمارەی وانەی بابەتەکانی خوێندن}} \times ١٠٠$$

ب. دەرهێنانی رێژەی گرنگی ئامانجی رەوشتی لەهەر ئاستێك دا، بەم شێوەیە

$$\text{ڕێژەی گرنگی ئامانجی ڕەوشتی لەهەر ئاستێکدا} = \frac{\text{ژمارەی ئامانجی ڕەوشتی لەهەر ئاستێکدا}}{\text{ژمارەی گشتی ئامانجە ڕەوشتییەکان}} \times ١٠٠$$

( سمارة و اخرون ، ١٩٨٩ ، ل ٥٣ )

پ. دیارکردنی ژمارەی بڕگەکانی تاقیکردنەوە :- لێکۆڵەر (٣٠) بڕگەی بۆ تاقیکردنەوە دانا کە لەبارە بۆ وەك ئەم بابەتانەو ئەم ئاستەی خوێندن و بەپێی هەندێ لێکۆڵینەوەی نزیکی ئەم لێکۆڵینەوەیە.

ت. دانانی ژمارەی بڕگەکانی تاقیکردنەوە لە خانەکانی نەخشەی تاقیکردنەوە، بەم شێوەیە:- ژمارەی بەندەکانی تاقیکردنەوە لەهەر خانەیەکدا = ڕێژەی گرنگی ناوەڕۆك × ڕێژەی گرنگی ئامانجە رەوشتییەکان × ژمارەی گشتی بەندەکانی تاقیکردنەوە. (العزاوی، ٢٠٠٧، ص٦٦-٦٧ ).

بەپێی هەنگاوەکانی سەرەوە ، لێکۆڵەر نەخشەی تاقیکردنەوەی دیزایین کرد ، هەروەك لە نەخشەی ژمارە ( ١٣ )دا دیارە .

## خشتەی ژمارە ( ١٣ )

## نەخشەی تاقیکردنەوە

| بابەت | ژمارەی* کاتژمێری وانەکان | ڕێژەی گرنگی ناوەرۆک % | ڕێژەی گرنگی ئامانجەکان % | | | | | | کۆی ئامانجەکان | کۆی پرسیارەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | بیرهێنان ٥٣% | | تێگەیشتن ٣٦% | | پراکتیک*** ١١% | | | |
| کۆمپیوتەر | ٢ | ٧,٧ | ٥ | 1** | ٣ | 1 | - | - | ٨ | 2 |
| سەدەی زانست | ٢ | ٧,٧ | ٤ | 1 | ٢ | 1 | ١ | - | ٧ | 2 |
| لەیلا قاسم | ٢ | ٧,٧ | ٥ | 1 | ٤ | 1 | ٢ | 1 | ١١ | 3 |
| شەرەفخانی بەدلیسی | ٢ | ٧,٧ | ٦ | 1 | ٢ | 1 | - | - | ٨ | 2 |
| ڕێنماییەکانی هاتووچۆ | ٢ | ٧,٧ | ٤ | 1 | ٤ | 1 | ١ | - | ٩ | 2 |
| تەپڵ | ٢ | ٧,٧ | ٤ | 1 | ٢ | 1 | ١ | - | ٧ | 2 |
| هەڵەبجەی شەهید | ٢ | ٧,٧ | ٦ | 1 | ٦ | 1 | ٢ | 1 | ١٤ | 3 |
| نەجمەدین مەلا | ٢ | ٧,٧ | ٨ | 1 | ٣ | 1 | - | - | ١١ | 2 |
| دارو دار بڕ | ٢ | ٧,٧ | ١ | 1 | ٤ | 1 | ١ | - | ٦ | 2 |
| ژینگە | ٢ | ٧,٧ | ٢ | 1 | ٤ | 1 | ٢ | 1 | ٨ | 3 |
| کۆتر و ڕاوکەر | ٢ | ٧,٧ | ٣ | 1 | ٢ | 1 | ١ | - | ٦ | 2 |
| کاغەز و چاپکاری | ٢ | ٧,٧ | ٧ | 1 | ٢ | 1 | - | - | ٩ | 2 |
| نەورۆز | ٢ | ٧,٧ | ٥ | 1 | ٣ | 1 | ٢ | 1 | ١٠ | 3 |
| کۆی | ٢٦ | ١٠٠ | ٦٠ | 13 | ٤١ | 13 | ١٣ | 4 | ١١٤ | 30 |

*بۆ دانانی ژمارە پێویستە بۆ وتنەوەی هەر بابەتێك، لێکۆڵەر ڕای سێ مامۆستای بابەتی وەرگرت : ( لوقمان عوسمان حەسەن- (هەڤاڵان)، شیرین مەحمود عوسمان- (شەهید خدر سوارە) ،فائیزەرەسول سابیر - (هانا ) )

**ژمارەی بەندەکانی تاقیکردنەوە بە نمرەی ئینگلیزی نووسراون .

***کەرتەکانی ئەم بەندانە بە ژمارەیەکی تەواو یەکسان کران لەبەر کەمی بەندەکانی ئەم ئاستەو تەواوکردنی ژمارەی بەندەکانی تاقیکردنەوەکە .

### ٣. دانانی بەندەکانی تاقیکردنەوە :

بە پێی هەنگاوەکانی باسکران ، لێکۆڵەر تاقیکردنەوەیەکی ئامادەکرد ( ٣٠ ) بەند بوو لە (٣) پرسیاردا، یەکەمیان جۆری ( ڕاست و هەڵە ) کە ( ١٣ ) بەند بوو، دووەمیان جۆری (هەڵبژاردن) کە ( ١٣ ) بەند بوو، سێیەمیشیان جۆری ( پرسیاری وەڵام سنووردار ) کە ( ٤ ) بەند بوون . بەندەکانی پرسیاری یەکەم ( ١٣ ) ئامانجەکەی ئاستی ( بیرهێنان ) و دووەم ( ١٣ ) ئامانجەکەی ئاستی (تێگەیشتن) و هی سێیەمیش ( ٤ ) ئامانجەکەی ئاستی ( پراکتیك ) دەپیوون.

لێکۆڵەر شێوەی سەرەتایی تاقیکردنەوەکە بە هاوپێچی ناوەرۆك و لیستەی ئامانجی دایە لیژنەیەکی حوکمدەر لەبواری ئەدەبی کوردی و پەروەردەو دەروونناسی ( پاشکۆی ژمارە ٨ ) ، بۆ حوکمدان لەسەر بەندەکان و شێوەی داڕشتنییان و هەر سەرنجێکی تر بۆ باشترکردنی تاقیکردنەوە ، پاش گەڕاندنەوەی تاقیکردنەوەکە لێکۆڵەر بۆ ڕادەی بەکارهاتنی هەر بەندێ لە بەندەکان پشتی بە ڕێژەی ڕازیبوونی ( ٨٠٪ )و پتری حوکمدەران بەستو دوای دەرهێنانی ڕێژەی ڕازیبوون لەسەر هەر بەندێ لە بەندەکان، دیاربوو کە هەموویان - واتە بەندەکان - ئەم ڕێژەو پتریان وەرگرتووە ، بەمەش هەر ( ٣٠ ) بەندی تاقیکردنەوەکە دەست دەدەن ، هەروەها ئەو سەرنج و تێبینییانەش لەبارەی داڕشتن و زمان و گۆڕینی هەندێ برێتی/ بەدیل و شێوازی دەربڕین، بەرچاو گیران .

- **دروستی تاقیکردنەوە :**

مەبەست لە دروستی تاقیکردنەوە "پێوانی وردی تاقیکردنەوە بۆ ئەو مەبەستەی لەپێناویەوە تاقیکردنەوەکەی بۆ دانراوە" . ( الظاهر و تمرجيان وعبدالهادي، ١٩٩٩ ، ص١٣٣ )

دروستی تاقیکردنەوە گرنگترین خەسڵەتی پێوانە وتێگەی دروستی هێمای ئەو دەرەنجام و بەڵگەداریە تایبەتەیە کە لە نمرەکانی پیوەر دەیگەیەنێ لە ڕووی گونجاوی و لەباری و ماناو سوودەکەی ، بەواتای کۆکردنەوەی ئەو بەڵگانەی لای ئەو دەرەنجامانە دەگرن. ( ابو علام ، ٢٠٠٥ ، ص٣٥٥)

لێکۆڵەر بۆ دروستی تاقیکردنەوە ، پشتی بە دوو جۆر دروستی بەست، یەکەمیان هی ڕواڵەتی کە دەلالەت لەوە دەکات تا چ ئاستێك یا ڕادەیەك تاقیکردنەوەکە تەواو سەربەو ناوەرۆکەیەکە دەیپیوێ، ئەمەش بە حوکمی شارەزایان ( النبهان ، ٢٠٠٤ ، ص ٢٧٥ ). وە ئەم جۆرە دروستی یە بەدیهات کاتێ کە لێکۆڵەر تاقیکردنەوەکەی بە هاوپێچی لیستەی ئامانج و ناوەرۆ کەوە دا بە لیژنەیەك بۆ حوکمدان بەسەر بەندەکان و شێوازو داڕشتن و پۆلینکردن و پشتبەستن بە ڕێژەی ڕازیبوونی ( ٨٠٪ )و پتریان بۆ هەر بەندێك لە بەندەکان و وەرگرتنی هەر تێبینییەکی تر .

جۆری دووەمیشییان ، دروستی ناوەرۆکە کە جۆرێکی گرنگ و باوە بۆ ئەم جۆرە تاقیکردنەوانەو بریتییە لە چەند رێکارێك تایبەتن بە رادەی پیوانی تاقیکردنەوەیەك بۆ ئەو زانیاری و چاپووکییانەی لە ئامانجەکانی فێرکردندا دیارکراون . ( الكناني وجابر، ١٩٩٥ ، ص ١٧٣ - ١٧٤ ) لێکۆڵەر ئەم جۆرە دروستی یەی بەدیهێنا لە میانی رێکارەکانی دەرهێنان و دارشتنی ئامانجی رەوشتی و دیزایینکردنی نەخشەی تاقیکردنەوەو دانانی بەندەکان بە گوێرەیەوە و جیاکەرەوە و کارایی لە برێتی/بەدیلە هەڵەکان و وەرگرتنی راو بۆچوونی کۆمەڵی پسپۆرو شارەزایان .

**شرۆڤەکردنی ئاماری بەندەکانی تاقیکردنەوە :**

رێکاری شرۆڤەکردنی ئاماریی بەندەکانی تاقیکردنەوە زۆر گرنگە چونکە دەبێتە هۆی هێنانە کایەوەی ئامرازی پێوانی کاراو بژار بۆئەوەی باش شیاو بێ بۆ ورد پێوانی ئەو شتەیا بابەتە یا خەسڵەتە ( الدليمي والمهداوي، ٢٠٠٥، ص٧٩ ) . هەروەها بۆ زانینی شیاویی تاقیکردنەوەو تواناو رادەی لێهاتوویی بۆ دیارکردن وبەرچاوخستنی جیاوازیی تاکی نێوان قوتابیان ( كوافحة، ٢٠٠٥، ص١٤٧ ). دیسان، ئەم جۆرە شرۆڤە کردنە، دەستنیشانکردن یان تاقیکردنەوەی وەڵامدانەوەی تاکەکانە لەسەر هەر بەندێ لە بەندەکانی تاقیکردنەوە بۆ زانینی ئاستی گران و ئاسانی هەر بەندێك و هێزی جیاکەرەوەو کارایی بەدیلە هەڵەکانی ( الزوبعي وبكر والكناني، ١٩٨١، ص٧٤ ) .

بۆ ئەم مەبەستە لێکۆڵەر تاقیکردنەوەکەی بەسەر نمونەیەکی پەیپێبردی کە ( ١٠٠ ) قوتابی بوون و بەهەرەمەکی هەڵبژێردرابوون لە قوتابخانەی (بەرخودانی بنەرەتی) جێبەجێکرد ، هەڵبەتە ئەوان هەموو بابەتەکانی تاقیکردنەوەیان وەرگرتبوو ، پاشان نمرەی هەر قوتابییەکی دەرهێناو لەبەرزترین نمرە بۆ نزمترین نمرە ریزبەندی کردن ، ئنجا رێژەی ( ٢٧٪ )ی نمرە کانی سەروو ( نمرە بەرزەکان ) و رێژەی ( ٢٧٪ ) نمرەکانی خواروو ( نمرە نزمەکان )ی هەڵبژارد کە دەکاتە ( ٥٤ ) نمرە ، پاشان دەستی کرد بە دەرهێنانی ئاستی گرانی بەندەکان و هێزی جیاکەرەوە و کارایی بەدیلە هەڵەکان ، بەم جۆرەی خوارەوە :

- **ئاستی گرانیی بەندەکان :**

مەبەست لێی رێژەی ژمارەی ئەو قوتابیانەی کە بەراست وەڵامی هەر بەندێکی تاقیکردنەوە دەدەنەوە ( علام، ٢٠٠٠، ص٢٦٩ ) . بۆ زانینی ئاستی گرانیی هەر بەندێك لێکۆڵەر هاوکێشەی گرانیی بەندی بەسەر بەندەکان جێبەجێکرد لە ئەنجامدا دیاربوو ئاستی گرانیی بەندەکانی بابەتی لەنێوان ( ٠,٣٥ - ٠,٧٢ ) بوو ، هی بەندەکانی پرسیاری وەڵام سنووردار لە نێوان ( ٠,٣٦ - ٠,٧١ ) بوو ، کە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە ئاستی گرانیی هەموویان پەسندە ، چونکە ئاستی

گرانیی ئەگەر کەوتە نێوان ( ٠,٢٠ - ٠,٨٠ ) پەسندە و هەرچەندیش لە ( ٠,٥٠ ) نزیك بێ پەسندترە . ( سمارة و عصام وابراهيم، ٢٠٠٠،ص ١٠٦ ) ( پاشکۆی ژمارە ١٢ )

- **هێزی جیاکەرەوەی بەندەکان :**

مەبەست لەهێزی جیاکەرەوەی بەندەکانی تاقیکردنەوە ڕادەی شیانی هەر بەندێکە لەسەر جیاکردنەوە لەنێوان قوتابیانی ئاست بەرزو ئاست نزم لەبارەی ئەو شتە یا ئەو خەسڵەتەی تاقیکردنەوە دەیپێوێ (Stanly&Kenneth,1972,p450) . هێزی جیاکردنەوەی هەر بەندێکی تاقیکردنەوە یان تواناکەی لەسەر جیاکردنەوە بەڵگەی دروستییەتی (الزيود وعليان، ٢٠٠٥، ص ١٢٩) .

بۆ زانینی هێزی جیاکەرەوە ، لێکۆڵەر هاوکێشەی هێزی جیاکەرەوەی بەسەر هەر بەندێ لە بەندەکان جێبەجێکرد . لە ئەنجامدا دیاربوو کە ئەم هێزە بۆ بەندەکانی بابەتی لەنێوان (٠,٣٤— ٠,٧٣) دایەو بۆ بەندەکانی وەڵام سنوورداریش لەنێوان ( ٠,٣٩ — ٠,٦٨ ) دایە ، ( پاشکۆی ژمارە ١٢).

- **کارایی بەدیلی هەڵە:**

مەبەست لە کارایی بەدیلی هەڵە لە تاقیکردنەوەی (هەڵبژاردن)دا ئەوەیە کە سەرنجی قوتابیانی هەردوو گروپی سەرەوە و خوارەوە کە وەڵامی ڕاست نازانن بۆخۆیان ڕابکێشن ، کاتێك گروپی خوارەوە ژمارەیان زۆرترە لە گروپی سەرەوە ، ئەوا بەدیلەکە کارایە . (العزاوي ، ٢٠٠٧، ص٨٣)

هەرچەندە هێزی جیاکەرەوە وەك ئەوەش دائەنرێ کە پێوەرێکە بۆ دەرخستنی توانای جیاکەرەوەی بەند، بەڵام لە تاقیکردنەوەی جۆری هەڵبژاردن دا تەنیا بە بەدیلی ڕاست بەندە، لەبەرئەوەی کە دەبێ هەر بەدیلێکی هەڵە توانای سەرنجراکێشانی هەبێ و تەواو ڕۆڵەکەی خۆی لەم رووەوە ببینێ ، لەبەر ئەمە دەبێ ژمارەی قوتابیانی گروپی خواروەوە کە بەدیلە هەڵەکەیان هەڵبژاردووە زیاتر بێ لە هی سەروەوەو ئەگەر بە پێچەوانە ڕوویدا ئەوە دەبێ لابرردرێ یان دەستکاری بکرێ (دوران،١٩٨٥، ص١٣٦-١٢٧ ) ، دەبێ ڕێژەی جیاوازیشییان لە ( ٥٪ ) کەمتر نەبێ (عودة، ١٩٩٩، ص ٢٩١ ).

لەبەرئەوە لێکۆڵەر دەستیکرد بە ژماردنی قوتابیانی هەردوو گروپی سەرەوە و خوارەوە کە بەدیلی هەڵەیان هەڵبژاردبوو لە هەر بەندێك لە بەندەکانی تاقیکردنەوە ، لە ئەنجامدا دیاربووکە ژمارەی قوتابیانی گروپی خوارەوە زیاترە لە گروپی سەرەوە ، ڕێژەی جیاوازیش زیاترە لە ( ٥٪ ) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە هەر بەندێکی هەڵە لە بەندەکانی تاقیکردنەوە سەرنجڕاکێش و کارایە . ( پاشکۆی ژمارە ١٣ ) .

- **ڕوونی تاقیکردنەوە و ڕێنماییەکانی :**

بۆ لێکۆڵەر دیاربوو کە بەندەکانی تاقیکردنەوە ڕوونن و ( ٤٠ ) خولەکیش ماوەیەکی گونجاوە بۆ وەڵامدانەوە .

- **نەگۆڕی تاقیکردنەوە :**

مەبەست لە نەگۆڕی ڕادەی یەکگری و لەگەڵ گونجانی دوو تاقیکردنەوە یا پێوەر بۆ یەك شت ، بە واتای ئەوەی کە تاقیکردنەوە یا پێوەر دووبارە دەکرێت بەسەر هەمان تاکەکان لە هەمان بارودۆخ یا نزیك لەیەك ، هەمان ئەنجام یان لێك نزیك بدات بە دەستەوە . ( الیهمن و میهرنس، ٢٠٠٣، ص٣٣٥ )

لێکۆڵەر هاوکێشەی ( کیودر - ریتشاردسون -20 - K.R )ی بەکارهێنا بۆ دەرهێنانی جێگیری تاقیکردنەوە کە گونجاوە بۆ ئەو تاقیکردنەوانەی نمرەی قوتابی لەنێوان ( ٠ - ١ ) بێت (الکبیسي، ٢٠٠٧، ص٢٠٥-٢٠٦ ). دوای ئەوەی لێکۆڵەر هاوکێشەکەی بەسەر نمرەی قوتابیانی نموونەی پەیپێبرد لە بەندەکانی بابەتی دا جێبەجێکرد ، دەرکەوت کە نەگۆڕی تاقیکردنەوە (٠,٨٣) یە ، ئەمەش نەگۆڕییەکی گونجاوە .

هەروەها لێکۆڵەر هاوکێشەی ( ئەلفا - کرونباخ -Coefficient,(a) )ی بەکارهێنا بۆ دەرهێنانی نەگۆڕی تاقیکردنەوەو بەندەکانی ( وەڵام سنووردار ) کە گونجاوە بۆ ئەو تاقیکردنەوانەی پەیژەیین واتە هێزییان تیایە وەك بۆ نموونە ئەو بەندانەی کە نمرەکانی لەنێوان (١ - ٥ ) بێت (علام، ٢٠٠٦، ص١٠٠). دوای ئەوەی لێکۆڵەر هاوکێشەکەی بەسەر نمرەی قوتابیانی نموونەی پەیپێبرد جێبەجێکرد ، دەرکەوت کە جێگیری تاقیکردنەوە ( ٠,٧٩ )یە ، ئەمەش جێگیرییەکی گونجاوە . بەم جۆرە تاقیکردنەوەکە شێوەی کۆتایی وەرگرت . ( پاشکۆی ژمارە ١٤ )

## پێنجەم : ئامادەکردنی پلانی وانەگوتنەوە :

بەگوێرەی ناوەرۆکی بابەتەکانی لە ماوەی ئەزمووندا دەخوێندرێن و ئامانجە ڕەوشتییەکانی بۆ هەر بابەتێك هەڵێنجراون و بە پێی خوێندنەوەی هەندێ پلانی هاومەبەست لە هەندێ لێکۆڵینەوەی پێشوو و ڕێکارەکانی وتنەوەی ستراتیجییەتی (SQ3R)ی ڕۆبنسۆن ، لێکۆڵەر ( ١٣ ) پلانی بۆ وتنەوەی بابەتەکانی خوێندنەوە بە گوێرەی ئەم ستراتیجیەتە دانا ،هەمان ژمارەش پلانی بۆ وتنەوەی هەمان بابەتەکانی دانا پاش ئەوەی کە ڕای چەند مامۆستایەکی*بابەتی وەرگرت دەربارەی چوارچێوەی گشتی وتنەوەی بابەتی خوێندنەوە . بە مەبەستی زانینی دروستی و داڕشتنی پلانەکان لێکۆڵەر لە هەریەکێکیان پلانێکی وانەگوتنەوەی دایە لیژنەیەکی حوکمدەرانی شارەزا لە بواری ئەدەبی کوردی و پەروەردە و دەروونناسی ( پاشکۆی ژمارە ٨)، سەرنج و تێبینییەکانیان بە هەند زانراو سوودیان لێوەرگیرا . ( پاشکۆکانی ژمارە ١٥ و ١٦ ) .

## شەشەم : دروستی دیزایین ( ڕاستگۆیی ئەزموونی ):

ڕاست و دروستی ناوەکی و دەرەکی ئەزموون دەبێت دابین بکرێت ئەگەر نا کاردەکاتە سەر وردی ئەنجامەکان و ڕادەی گشتاندنی . ( البطش وابو زينة، ٢٠٠٧، ص٢٣٦ )

لەبەر ئەم هۆیەو بۆ مەبەستی بێ لایەنکردنی هەندێ فاکتەر لەم بارەیەوە، لێکۆڵەر ئەم کردارانەی بە ئەنجام گەیاند :

### أ- دروستی ناوەکی دیزایین :

دروستی ناوەکی ئەزموونگەری دابین دەکرێ کاتێك لێکۆڵەر ئەو فاکتەرانەی کۆنترۆڵ دەکات کە کار لە وردی ئەنجامەکان دەکەن . ( الزوبعي والغنام، ١٩٨١، ص٩٥ )

لێکۆڵەر - بە پێی شیان - هەوڵی کۆنترۆڵکردنی ئەم فاکتەرانەی خوارەوەی دا :-

---

*مامۆستاکانی بابەت ئەمانە بوون :

لوقمان عوسمان حەسەن - مامۆستای زمانی کوردی / قوتابخانەی (هەڤالان)ی بنەڕەتی تێکەڵاو
شیرین مەحمود عوسمان - مامۆستای زمانی کوردی / قوتابخانەی (شەهیدخدرسوارە)ی بنەڕەتی تێکەڵاو
فائیزە رەسول سابیر - مامۆستای زمانی کوردی / قوتابخانەی (هانا)ی بنەڕەتی تێکەڵاو

**١. جیاوازی هەڵبژاردنی قوتابیانی نمونەی لێکۆڵینەوە:**

کردارەکانی هەڵبژاردنی هەرەمەکی و هاوسەنگی نێوان قوتابیانی هەردوو گروپی لێکۆڵینەوە لە هەندێ گۆڕاوی پەیوەندداردا تا ڕادەیەك كارتێکردنی ئەم فاکتەرەی بێ لایەن بێ.

**٢. بارودۆخی ئەزموون و ڕووداو :**

لەماوەی جێبەجێکردنی ئەزموونەدا هیچ ڕووداوێکی لەناکاو و نەخوازراو نەهاتەکایەوە ئاستەنگ بخاتە بەردەم ڕێکاری بەڕێوەچوونی ئەزموونەکە ، بۆیە دەتوانین بڵێین کە کاریگەری ئەم فاکتەرە بێ لایەن کرا .

**٣. گەشە بوون :**

گەشەکردن کە ڕەنگە بەسەر تاکەکان بێت لەماوەی ئەزموونیدا ، کە مەبەست لێیەوە گەشەی بایەلۆجی و دەروونی و عەقڵی یە ، دەتوانرێ بووترێت کە کاریگەری نەبووە، چونکە هەر جۆرە گەشەیەك ببێت بۆ قوتابیانی هەردوو گروپەکە تا ڕادەیەکی زۆر وەك یەك وایە .

**٤. دابڕان و وازهێنان :**

لەماوەی ئەزموونەدا هیچ قوتابییەکی هەردوو گروپی لێکۆڵینەوە خوێندنیان جێنەهێشتووە ، و هیچ گواستنەوەیەك بۆ قوتابخانەیەکی تر ڕووی نەداوە ، تەنها ئامادەنەبوونی تاکە تاکەی هەندێ قوتابیان نەبێ لە ماوەی لێکۆڵینەوە ئەویش ڕەنگە بەشێوەیەکی یەکسان بوو بێ لە نێوان هەردوو گروپ .

**٥. ئامرازی پێوان :**

ئەم فاکتەرە هیچ کارتێکردنێکی نەبوو ، چونکە هەمان ئامرازی پێوان لە هەمان کات و ساتدا بۆ قوتابیانی هەردوو گروپ بەکارهێنران .

**ب- دروستی دەرەکی دیزایین :**

مەبەست لە دروستی دەرەکی ڕادەی توانینی گشتاندنی ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەیە بەسەر هەڵوێستی وەك یەك یا لێك نزیك،هەندێ فاکتەری دەرەکی هەن ڕەنگە کاربکەنە سەر ڕادەی گشتاندنی ئەنجام کە دەبێ کۆنترۆل بکرێت و کارتێکردنیان تا دەتوانرێ بێ لایەن بکرێت ( ابراهیم

وابوزید، ٢٠٠٧، ص ٢٥٥-٢٥٦ ).هەر بۆیە لێکۆڵەر هەوڵیدا تابکرێ ئەم فاکتەرانەی خوارەوە بێ لایەن بێ :

**١. تێکەڵبوونی کاریگەری گۆڕاوی سەربەخۆ لەگەڵ لایەنبوونی هەڵبژاردن :**

لێکۆڵەر توانی کارتێکردنی ئەم فاکتەرە بێ لایەن بکات و ئەم کارلێککردنە کۆنترۆڵ بکات ، لە ڕێگەی هەڵبژاردنی هەڕەمەکی لە دابەشکردنی قوتابیانی هەردوو گروپی کۆمەڵی لێکۆڵینەوە و هاوسەنگی کردنیان ، ئەمەش بە بەکارهێنانی هاوسەنگی لە هەندێك گۆڕاوی پەیوەندیدار .

**٢. کاریگەری تاقیکردنەوەی پێشی :**

بەجێبەجێکردنی پێوەری مەیلی خوێندنەوە لە تاقیکردنەوەی پێشیدا بەسەر هەردوو گروپی لێکۆڵینەوە و دووبارە کردنەوەی ئەم پێوەرە لەسەر هەمان گروپەکان لەکۆتایی ماوەی ئەزموونداا لێکۆڵەر کاریگەری ئەم گۆڕاوەی کۆنترۆڵکرد .

**٣. کاریگەری کردارەکانی ئەزموونیی :**

لێکۆڵەر هەوڵی دا کارلێکردنی ئەم گۆڕاوە بەسەر ڕێکاری بەڕێوەچوونی ئەزموونددا سنووردار بکات ، ئەمانیش :-

**أ- کاریگەری ( Harthon )و نهێنی ئەزموون :**

کارلێکی ( Harthon) ئەوە دەگەیەنێ کە ئەگەر قوتابیانی ئەزموونگەری بزانن ئەم کارە ئەزموونەو بۆ لێکۆڵینەوەیە ڕەنگە بە جۆش و خۆشی و پەرۆشەوە سەرەدەری و هامشۆی لەگەڵدا بکەن کە ئەمەش پێدەچی کاربکاتە سەر ئەنجامەکان ( عبدالکریم، ١٩٨١، ص١١٦). لەبەر ئەمە لێکۆڵەر لەگەڵ بەڕێوەبەر و مامۆستای بابەت ڕێککەوت لەسەر پاراستنی نهێنی ئەزموونەکە و ناساندنی لێکۆڵەر وەك مامۆستایەکی نوێ ی بابەتی ڕێزمان و خوێندنەوەی کوردی .

**ب- مامۆستا :**

لەهەردوو گروپی لێکۆڵینەوە،لێکۆڵەر خۆی وانەکانی دەگوتەوە .

**پ- بابەتی فێرکردن :**

ئەو بابەتانەی کە بۆ وتنەوە لە ئەزموون دەستنیشانکرابوون هەمان بابەت بوون کە بۆ هەردوو گروپی لێکۆڵینەوە دەوترێتەوە .

**ت- ماوەی ئەزموون :**

ماوەی ئەزموون لە بەرواری ( ٢٧ / ١ / ٢٠١٤ ) دەستیپێکرد، تا ( ٥ / ٥ / ٢٠١٤ ) بەردەوام بوو بۆ هەردوو گروپی لێکۆڵینەوە .

**ج- دابەشکردنی وانەی خوێندن :**

لێکۆڵەر لەگەڵ کارگێڕی قوتابخانە ڕێککەوت لەسەر خشتەی هەفتانە و کات و ڕۆژی وانەگوتنەوە بۆ هەردوو گروپی لێکۆڵینەوە، هەروەك لە خشتەی ژمارە (١٤) دیارە :-

**خشتەی ژمارە ( ١٤)**

**دابەشکردنی وانەی هەفتانەی گروپەکانی لێکۆڵینەوە**

| ڕۆژ / کاتژمێر | ٨:٤٥ تا ٩:٢٥ | ٩:٣٠ تا ١٠:١٠ |
|---|---|---|
| یەك شەممە | گروپی ئەزموونگەری | گروپی کۆنترۆڵکار |
| دوو شەممە | گروپی کۆنترۆڵکار | گروپی ئەزموونگەری |

## حەوتەم : جێبەجێکردنی ئەزموون :

لێکۆڵەر کە هەموو پێداویستییەکانی ئەزموونی ئامادەکرد ، لە بەرواری ( ٢٠١٤/١/٢٧ ) دەستی بەجێبەجێکردن کردو بە پێی هەنگاوەکانی ستراتیجییەتی (SQ3R)ی ڕۆبنسۆن و پلانەکانی خوێندنی وانەی بە قوتابیانی گروپی ئەزموونگەری گوتەوە و بە پێی هەنگاوەکانی ڕێگای ئاسایی بەکارهێنراو و پلانەکانی خوێندنی وانەی بە قوتابیانی گروپی کۆنترۆڵکار گوتەوە ، لە هەفتەشدا (٢) وانە بۆ هەر یەکێکیان دەگوترایەوە . ئەزموونەکەش تا بەرواری ( ٢٠١٤/٥/٥ ) بەردەوام بوو .

## هەشتەم : پراکتیزەکردنی ئامرازەکانی لێکۆڵینەوە و ڕاستکردنەوەیان :

### أ- پراکتیزەکردنی ئامرازی لێکۆڵینەوە:

#### ١. پێوەری مەیلی خویندنەوە :

لێکۆڵەر پێوەری مەیلی خوێندنەوەی لە بەرواری ( ٤/ ٥ / ٢٠١٤ ) جێبەجێکرد بەسەر هەردوو گروپی لێکۆڵینەوە لەیەك كات و بە یارمەتی مامۆستای بابەت. هەروەك پێشتر لەسەر هەردوو گروپ جێبەجێکرابوو لە بەرواری ( ٢٥/ ١ / ٢٠١٤ )، بە مەبەستی هاوسەنگی لەنێوان گروپەكانی لێكۆڵینەوەو ڕادەی گەشەبوونی دوای تەواوبوونی ئەزموون .

#### ٢. تاقیکردنەوەی دەستکەوت :

لێکۆڵەر ئەم تاقیکردنەوەی لە بەرواری ( ٥ / ٥ / ٢٠١٤ ) جێبەجێکرد لەسەر هەردوو گروپی لێکۆڵینەوە لەیەك كاتدا و بەیارمەتی مامۆستای بابەت .

### ب- ڕاستکردنەوەی ئامرازەکان :

#### ١. پێوەری مەیلی خوێندنەوە :

لێکۆلەر پێشتر بە مەبەستی زانینی ڕادەی هاوسەنگی لە نێوان گروپەکان و (وەك تاقیکردنەوەی پێشینەش بۆ مەبەستی زانینی ڕادەی گەشەبوونی دوای تەواو بوونی ئەزموون) ئەم پێوەرەی ڕاستکردەوە کە بۆ بڕێتی/بەدیلی ( بەڵێ ، تاڕادەیەك ، نەخێر ) نمرەی ( ٣ ، ٢ ، ١ )ی بۆ بڕگەکان دانران ، لەبەرئەوەی ژمارەی بڕگەکانی ئەم پێوەرە ( ٣٠ ) بڕگەیە ، نمرەی هەر یەك لە قوتابیان لەنێوان (٣٠ – ٩٠) نمرە دەبێت، ئەنجامەکانیش هەروەك دیارە لە ( پاشکۆی ژمارە ١٧)دا.

#### ٢. تاقیکردنەوەی دەستکەوت :

لێکۆڵەر وەڵامی قوتابیان لەم تاقیکردنەوەیەدا ڕاستکردەوە بە پشت بەستن بە کلیلی ڕاستکردنەوە کە بۆ ئەم مەبەستە ئامادەی کردبوو ( پاشکۆی ژمارە ١٨ )، بۆ هەر وەڵامێکی ڕاست (١) یەك نمرە دانراوە و بۆ هەر وەڵامێك کە هەڵە بێت یان بەجێهێڵدراوە یاخود زیاتر لە وەڵامێکی هەبێت (سفر) دانرا بۆ بڕگەکانی بابەتی وبۆ هەر بڕگەیەك بۆ بڕگەکانی جۆری گوتاری

وەڵام سنوورداریش نمرە لە نێوان ( ٠ - ٢ ) بوو. بەم جۆرە نمرەی بەندەکانی بابەتی (٢٦) نمرەو هی وەڵام سنووردارییش ( ٨ ) نمرەو کۆی گشتی نمرەی تاقیکردنەوەش ( ٣٤ ) نمرەیە. بەم جۆرەش نمرەی تاقیکردنەوە لە نێوان ( ٠ - ٣٤ ) نمرە دەبێ. ئەنجامەکانیش هەروەك دیارە لە . ( پاشکۆی ژمارە ١٩ )

## نۆیەم : هۆکاری ئاماری :

### ١. تاقیکردنەوەی ( تایی –T.test ) بۆ دوو نمونەی سەربەخۆی ژمارە یەکسان :

بۆ دەرهێنانی هاوسەنگی نێوان قوتابیانی هەردوو گروپ لە هەندێ گۆڕاودا و ، دەرهێنانی هێزی جیاکەرەوەی دەستەواژەکانی پێوەری مەیلی خوێندنەوە . و سەلماندنی هەردوو گریمانەکانی یەکەم و چوارەم بەکارهێنرا .

$$\text{ت} = \frac{\bar{\text{س}}_{١} - \bar{\text{س}}_{٢}}{\sqrt{\dfrac{\text{ع}_{١}^{٢} + \text{ع}_{٢}^{٢}}{\text{ن} - ١}}}$$

کە :

$\bar{\text{س}}_{١}$: ناوەندە ژمێری گروپی یەکەم .

$\bar{\text{س}}_{٢}$: ناوەندە ژمێری گروپی دووەم .

$\text{ع}_{١}^{٢}$ : جیاوازی ( تەباین )ی گروپی یەکەم .

$\text{ع}_{٢}^{٢}$ : جیاوازی ( تەباین )ی گروپی دووەم.

ن : ژمارەی تاکەکانی نمونە .

( ابراهیم، ٢٠٠٠، ص ٣٦٠)

**٢. تاقیکردنەوەی ( تایی - T.test ) بۆ دوو نموونەی پەیوەستدار :**

بۆ سەلماندنی گریمانەکانیدووەم و سێیەم بەکارهێنرا .

$$T = \frac{\bar{d}}{\sqrt{\frac{S\,dn-1}{n}}}$$

کە :

$\bar{d}$ = ناوەندە ژمێریی جیاوازی نێوان گۆڕاوان

S d = لادانی پێوەریجیاوازی نێوان گۆڕاوان

n= ژمارەی قوتابیان

( المنيزل و الغرايبة، ٢٠٠٦، ص ٢٣٩ )

**٣. کای دووجا ( کا٢ ) :**

بۆ دەرهێنانی هاوسەنگی لە نێوان هەردوو گروپی لێکۆڵینەوە لە گۆڕاوی ئاستی خوێندنی دایکان و باوکانی قوتابیان بەکارهێنرا .

$$\text{کا}^{٢} = \text{مج} \frac{(\text{ت ل} - \text{ت ق})^{٢}}{\text{ت ق}}$$

کە :

مجـ : سەرجەم ( کۆ )

ت ل : دووبارەبوونەوەی بینراو

ت ق : دووبارەبوونەوەی پێشبینیکراو

( عودة و الخليلي، ٢٠٠٠، ص ٢٨٤ )

٤. **هاوکێشەی جی کۆپەر ( J. Cooper ):**

بۆ دۆزینەوەی رێژەی رێککەوتنی حوکمدەران لەسەر هەندێك لە پێداویستییەکانی ئامرازی لێکۆڵینەوە بەکارهێنرا .

$$\text{رێژەی رێککەوتن} = \frac{\text{ژمارەی چەند جار رێککەوتن}}{\text{ژمارەی چەند جار رێککەوتن + ژمارەی چەند جار رێك نەکەوتن}}$$

( الوكيل والمفتي، ٢٠١٤، ص ٢٣٦ )

٥. **هاوکێشەی ئەلفا کرونباخ - Coefficient,(a):**

بۆ دۆزینەوەی نەگۆڕی پێوەری مەیلی خوێندنەوە و ( پرسیارەکانی گوتاری وەڵام سنووردار) لە تاقیکردنەوەی دەستکەوت لە خوێندنەوەدا بەکارهێنرا.

$$a = \frac{\text{ن}}{\text{ن} - ١} \left\{ \frac{\text{مجـ ع}^{٢}\text{ هـ}}{\text{ع}^{٢}\text{ ك}} \right\}$$

کە:

ن : ژمارەی گشتی بڕگەکان

مجـ $ع^2$ هـ : کۆی جیاوازی نمرەکانی هەر بڕگەیەك لە بڕگەکان

$ع^2$ ك : جیاوازی ( تەباین )ی نمرەی گشتی

( علام، ٢٠٠٦، ص ١٠٠ )

٦. **گرانیی بەندەکانی تاقیکردنەوە :**

بۆ دەرهێنانی ئاستی گرانی بەندەکان لە تاقیکردنەوەی دەستکەوتدا بەکارهێنرا :

أ. **بۆ بەندەکانی بابەتی :**

$$ص = \frac{م}{ك}$$

ص : ئاستی گرانیی بەند

م : ژمارەی قوتابیانی گروپی سەروو و گروپی خواروو ئەوانەی کە وەڵامیان ڕاستە

ك : ژمارەی قوتابیانی هەردوو گروپ ( النبهان، ٢٠٠٤، ص١٩٣ )

ب. **بۆ بەندەکانی گوتاریی وەڵام سنووردار :**

$$ئاستی\ گرانیی = \frac{م\ ع + م\ د}{ن\ (\ د\ )}$$

م ع = ژمارەی ئەو قوتابیانەی وەڵامیان ڕاستە لە گروپی سەروو

م د = ژمارەی ئەو قوتابیانەی وەڵامیان ڕاستە لە گروپی خواروو

ن = ژمارەی گشتی هەردوو گروپ

د = نمرەی بەند

( الصمادي و الارابيع، ٢٠٠٤ ، ص ١٥٦ )

**٧. هاوکێشەی جیاکەرەوە :**

بۆ دۆزینەوەی هێزی جیاکەرەوەی بەندەکانی تاقیکردنەوەی دەستکەوت لە خوێندن بەکارهێنرا :

**أ. بۆ بەندەکانی بابەتی :**

$$\text{هاوکێشەی جیاکەرەوە} = \frac{\text{م ع} - \text{م د}}{\frac{1}{2}\,\text{ن}}$$

کە :

م ع : کۆی وەڵامە ڕاستەکان لە کۆمەڵەی سەرەوە

م د : کۆی وەڵامە ڕاستەکانی کۆمەڵەی خوارەوە

$\frac{1}{2}$ ن : نیوەی کۆی ژمارەی تاکەکان لە هەریەك لە کۆمەڵەکانی سەرەوە و خوارەوە

( عودة، ١٩٩٩، ص ٢٩١ )

**ب.   بۆ بەندەکانی گوتاریی وەڵام سنووردار :**

م ع – م د

هاوکێشەی جیاکەرەوە = ـــــــــــــــــــ

١

ـــــ ن ( د )

٢

**کە :**

**م ع : کۆی وەڵامی ڕاست لە گروپی سەرەوە**

**م د : کۆی وەڵامی ڕاست لە گروپی خوارەوە**

**( د ) : نمرەی بەند**

**( علام، ٢٠٠٧، ص ٢٥٤ )**

**ت.  کارایی بەدیلی هەڵە :**

**بۆ دەرخستنی کارایی بەدیلەکانی هەڵە لە پرسیاری ( هەڵبژاردن )دا بەکارهێنرا :**

ن ع م – ن د م

ت م = ـــــــــــــــــــ

ن

**کە:**

**ت م: کارایی بەدیلی هەڵە**

**ن ع م : ژمارەی ئەو قوتابیانەی کە بەدیلی هەڵەیان هەڵبژاردووە لە گروپی سەرروودا.**

**ن د م: ژمارەی ئەو قوتابیانەی کە بەدیلی هەڵەیان هەڵبژاردووەلە گروپی خوارووودا.**

**ن : ژمارەی قوتابیانی گروپ.( الظاهر، ١٩٩٩، ص ٩١ )**

### پ. هاوکێشەی کیودر – ریتشاردسون ( KR.20 ) :

بۆ دەرهێنانی نەگۆڕی تاقیکردنەوەی دەستکەوت ( بەندەکانی ڕاست و هەڵە ، هەڵبژاردن ) . بەکارهێنرا :

$$\text{رس} = \frac{\text{ن}}{\text{ن} - ١} \times \left\{ ١ - \frac{\text{مجـ س ص}}{\text{ع}^{٢}} \right\}$$

کە:

رس: نەگۆڕی

ن : ژمارەی بەندەکانی تاقیکردنەوە

$\text{ع}^{٢}$ : جیاوازی ( تەباین )

س : ڕێژەی وەڵامدانەوەی هەڵە لەسەر بەندی تاقیکردنەوە

ص : ڕێژەی وەڵامدانەوەی راست لەسەر بەندی تاقیکردنەوە

( الكبيسي، ٢٠٠٧ ، ص ٢٠٥ - ٢٠٦ )

# بەشی چوارەم

## خستنەڕووی ئەنجامەکان و گفتوگۆکردن لەبارەیانەوە

**یەکەم : خستنەڕووی ئەنجامەکان**

**دووەم : گفتوگۆکردن لە بارەی ئەنجامەکان**

## یەکەم : خستنەڕووی ئەنجامەکان

لەم بەشەدا لیکۆڵەر ئەنجامانەکان بەپێی گریمانەکان دەخاتەڕوو و پاشان گفتوگۆ لەبارەیانەوە دەکات :-

### گریمانی یەکەم :

**" جیاوازی ماناداری ئاماری نییە لە ئاستی (٠,٠٥) لە دەستکەوتی قوتابیان لە بابەتی خوێندنەوەی کوردیدا لە نێوان ناوەندە ژمێری نمرەی قوتابیانی گروپی ئەزموونگەری کە بابەتیان بە پێی ستراتیجییەتی (SQ3R)ی ڕۆبنسۆن وەرگرتووە و ناوەندە ژمێری نمرەی قوتابیانی گروپی کۆنترۆڵکار کە هەمان بابەتیان بە ڕێگای ئاسایی وەرگرتووە ."**

بۆ سەلماندنی دروستی ئەم گریمانەیە ، لێکۆڵەر ناوەندەژمێر و لادانی پێوەری نمرەی قوتابیانی هەردوو گروپی لە تاقیکردنەوەی دەستکەوتی بابەتی خوێندنەوەی کوردیدا دەرهێناو لە ئەنجامدا دیاربوو کە جیاوازی لەنێوان ناوەندە نمرەی هەردوو گروپدا هەیە، بەمەبەستی زانینی دەلالەتی ئاماری ئەم جیاوازییە، لێکۆڵەر تاقیکردنەوەی تایی ( T.test ) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆی ژمارە یەکسان بەکارهێنا، لە ئەنجامدا دەرکەوت نرخی تایی دەرهێنراو کە (٣,٤١٤) یە زیاترە لە نرخە خشتەییەکەی کە ( ٢,٠٠٨ ) یە لە ئاستی (٠,٠٥) و نمرەی ئازاد ( ٥٢ ). ئەمەش مانای ئەوە بەدەستەوە دەدات کە جیاوازی ماناداری ئاماری هەیە لەنێوان ناوەندە نمرەی قوتابیانی گروپی ئەزموونگەری و ناوەندە نمرەی قوتابیانی گروپی کۆنترۆڵکارو لە بەرژەوەندی گروپی ئەزموونگەری دایە ، واتە بەکارهێنانی ستراتیجییەتی (SQ3R) لە وتنەوەی بابەتی خوێندنەوەی کوردیدا کاریگەرییەکی باشتری هەیە لە زێدەکردنی دەستکەوتی قوتابیان لەم بابەتەدا بە بەراودکردن لەگەڵ ڕێگای ئاسایی بەکارهێنراو بۆ وتنەوەی . بەم ئەنجامەش ئەم گریمانە سفرییە ڕەت دەکرێتەوە و گریمانەی بریتی/بەدیل پەسند دەکرێ . خشتەی ژمارە ( ١٥ )

ئەم ئەنجامەش لەگەڵ ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی ( Wander , 1996 - القطبي، ٢٠٠٠ - الشاي، ٢٠٠٢ - سعيد ، ٢٠٠٩ -الجبوري ٢٠١١، - الموسوي ، ٢٠١٢ - التميمي ، ٢٠١٢ - العزاوي ، ٢٠١٣ - عەبدوللا، ٢٠١٤ - هادي ، ٢٠١٤) دەگونجێت .

**خشتەی ژمارە ( ١٥ )**

**ئەنجامی تاقیکردنەوەی تایی بۆ دەلالەتی جیاوازی لە نێوان ناوەندە نمرەی قوتابیانی هەردوو گروپ لە دەستکەوتی بابەتی خوێندنەوەی کوردیدا**

| گروپ | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوەری | نرخی ( ت ) | | دەلالەت لە ئاستی ( ٠,٠٥ ) |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | دەرهێنراو | خشتەیی | |
| ئەزموونگەری | ٢٨,٨١٤ | ٣,٢٣٢ | ٣,٤١٤ | ٢,٠٠٨ | ماناداره |
| کۆنترۆڵکار | ٢٥,٢٥٩ | ٤,٢١٢ | | | |

**گریمانی دووەم :**

**" جیاوازی مانادارى ئامارى هەیە لە ئاستی (٠,٠٥) دا لە نێوان ناوەندە ژمێری نمرە جیاوازی گەشەکردنی مەیلی خوێندنەوە لە پراکتیزەی پێشینەو دوایینە لای قوتابیانی گروپی ئەزموونگەری** ئەوانەی **بابەتی خوێندنەوەیان بە پێی ستراتیجییەتی ( SQ3R )ی ڕۆبنسۆن وەرگرتووە و لە بەرژەوەندی پراکتیزەی دوایینە دایە . "**

بۆ سەلماندنی دروستی ئەم گریمانە ، لێکۆڵەر ناوەندە ژمێری جیاوازی نێوان نمرەی لە پراکتیزەی پێشینە و دوایینەی دەرهێناو پاشان تاقیکردنەوەی تایی (T.test) بۆ دوو نموونەی پەیوەستداری بەکارهێنا . ( المنيزل و الغرايبة، ٢٠٠٦ ، ص ٢٣٩ ) ، ئەنجام دەرکەوت هەروەك لە خشتەی ژمارە ( ١٦ ) دیارە .

**خشتەی ژمارە ( ١٦ )**

**ئەنجامی تاقیکردنەوەی تایی بۆ دەلالەتی جیاوازی لە نێوان ناوەندە ژمێری پراکتیزەی پێشینە و دوایینەی مەیلی خوێندنەوە لای قوتابیانی گروپی ئەزموونگەری دا**

| ژمارەی قوتابیان | ناوەندە ژمێری | | جیاوازی | لادانی پێوەری جیاوازی | نرخی تایی | | دەلالەت لە ئاستی ( ٠,٠٥ ) دا |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | پێشینە | دوایینە | | | دەرهێنراو | خشتەیی | |
| ٢٧ | ٦٤,٣٣ | ٧٩,٥٥٦ | ١٥,٢٢٦ | ١٢,٨٩٦ | ٦,١٣٤ | ١,٧٠٦ | ماناداره |

لە ئەنجامی ناو خشتەی سەرەوە دیار دەبێ کە نرخی تایی دەرهێنراو کە ( ٦,١٣٤ ) یە گەورەترە لە نرخە خشتەییەکەی کە ( ١,٧٠٦ ) یە لە ئاستی ( ٠,٠٥ ) دا بە نمرەی ئازاد ( ٢٦ ) .

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە جیاوازیی ماناداریی ئاماری هەیە لە نێوان ناوەندە ژمێری لە پراکتیزەی پێشینە و دوایینەی مەیلی خوێندنەوە لای قوتابیانی گرووپی ئەزموونگەری و لەبەرژەوەندی پراکتیزەی دوایینە دایە . واتە کاتێك بابەتی خوێندنەوەی کوردی بە ستراتیجییەتی ( SQ3R ) دەوترێتەوە کاریگەری هەیە لەسەر گەشەکردنی مەیلی خوێندنەوە لای قوتابیان . بەم ئەنجامەش ئەم گریمانە قبووڵ دەکرێ .

**گریمانی سێیەم :**

**" جیاوازی ماناداری ئاماری هەیە لە ئاستی ( ٠,٠٥ ) لە نێوان ناوەندە ژمێری نمرەی جیاوازی گەشەکردنی مەیلی خوێندنەوە لە پراکتیزەی پێشینە و دوایینەدا لای قوتابیانی گرووپی کۆنترۆڵکار ئەوانەی بابەتی خوێندنەوەیان بە پێی ڕێگای ئاسایی وەرگرتووەو لە بەرژەوەندی پراکتیزەی دوایینە دایە."**

بۆ سەلماندنی دروستی ئەم گریمانە، لێکۆڵەر ناوەندە ژمێری جیاوازی نێوان نمرەی پراکتیزەی پێشینەو دوایینەی دەرهێناو تاقیکردنەوەی تایی (T.test) بۆ دوو نموونەی پەیوەستداری بەکارهێناو ئەنجام دەرکەوت هەروەك لە خشتەی ژمارە ( ١٧ ) دیارە .

**خشتەی ژمارە ( ١٧ )**

**ئەنجامی تاقیکردنەوەی تایی بۆ دەلالەتی جیاوازی لە نێوان ناوەندە ژمێری پراکتیزەی پێشینە و دوایینەی مەیلی خوێندنەوە لای قوتابیانی گرووپی کۆنترۆڵکاردا**

| ژمارەی قوتابیان | ناوەندە ژمێری | | جیاوازی | لادانی پێوەری جیاوازی | نرخی تایی | | دەلالەت لە ئاستی ( ٠,٠٥ ) دا |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | پێشینە | دوایینە | | | دەرهێنراو | خشتەیی | |
| ٢٧ | ٦٦,٤٠ | ٧١,٩٦٣ | ٥,٥٦٢ | ٩,٦٢٥ | ٣,٠٠٤ | ١,٧٠٦ | ماناداره |

هەروەك لە خشتەی سەرەوەدا دیارە نرخی تایی دەرهێنراو ( ٣,٠٠٤ ) یەو زۆرترە لە نرخە خشتەییەکەی ( ١,٧٠٦ ) لە ئاستی ( ٠,٠٥ ) بە نمرەی ئازاد ( ٢٦ ) . ئەمەش ئەو واتایە دەگەیەنێ کە جیاوازی ماناداری ئاماری هەیە لە نێوان ناوەندە ژمێری پراکتیزەی پێشینەو دوایینەی مەیلی خوێندنەوە لای قوتابیانی گرووپی کۆنترۆڵکارو لەبەرژەوەندی پراکتیزەی دوایینە دایە . واتە ڕێگای ئاسایی بەکارهێنراو لە وتنەوەی بابەتی خوێندنەوەی کوردیدا ڕۆڵی لە گەشەپێدانی مەیلی خوێندنەوە لای قوتابیان هەیە . بەمەش ئەم گریمانەیە قبوڵ دەکرێ .

**گریمانی چوارەم :**

**" جیاوازی ماناداری ئاماری نییە لە ئاستی (٠,٠٥) لە نێوان ناوەندە ژمێری نمرە جیاوازی گەشەکردنی مەیلی خوێندنەوە لای قوتابیانی گروپی ئەزموونگەری کە بابەتی خوێندنەوەیان بە پێی ستراتیجییەتی (SQ3R)ی رۆبنسۆن وەرگرتووە و ناوەندە ژمێری نمرەی جیاوازی گەشەکردنی مەیلی خوێندنەوە لای قوتابیانی گروپی کۆنترۆڵکار کە هەمان بابەتییان بە پێی رێگای ئاسایی وەرگرتووە . "**

بۆ سەلماندنی ڕاستی ئەم گریمانەیە، لێکۆڵەر ناوەندە ژمێرو لادانی پێوەری نمرەی جیاوازی گەشەکردنی مەیلی خوێندنەوە لای قوتابیانی هەردوو گروپی ئەزموونگەری و کۆنترۆڵکاری دەرهێنا، لە ئەنجامدا دیاربوو کە جیاوازی لە نێوان هەردوو ناوەندە ژمێرەکەدا هەیە،بۆ زانینی دەلالەتی ئاماری ئەم جیاوازییەی نێوانیان، لێکۆڵەر تاقیکردنەوەی تایی (T.test) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆی ژمارە یەکسان بەکارهێنا، لەئەنجامدا دەرکەوت کە نرخی تایی دەرهێنراو کە ( ٤,٣٦٧ )یە زیاترە لە نرخە خشتەییەکەی کە ( ٢,٠٠٨ ) یە لە ئاستی ( ٠,٠٥ ) و پلەی ئازادی ( ٥٢ ) . ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە جیاوازی ماناداری ئاماری هەیە لەنێوان ناوەندە نمرەی جیاوازی گەشەکردنی مەیلی خوێندنەوە لای قوتابیانیگروپی ئەزموونگەری و ناوەندە نمرەی جیاوازی گەشەکردنی مەیلی خوێندنەوە لای قوتابیانی گروپی کۆنترۆڵکار و لە بەرژەوەندی گروپی ئەزموونگەری دایە. واتە وتنەوەی بابەتی خوێندنەوەی کوردی بەپێی ستراتیجییەتی ( SQ3R )ی رۆبنسۆن کاریگەرییەکی کاراتری هەیە لە گەشەپێدانی مەیلی خوێندنەوە لای قوتابیان بە بەراورد لەگەڵ ئەو رێگا ئاساییەی کە لەوتنەوەیدا بەکاردەهێنرێت، بەم ئەنجامەش گریمانەی سفری ڕەت دەکرێتەوەو گریمانەی بەدیل پەسند دەکرێ. خشتەی ژمارە ( ١٨ )

ئەم ئەنجامەش لەگەڵ ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی (الجبوري ، ٢٠٠٦ - السعدي ، ٢٠٠٧ - محمود ، ٢٠٠٧ - العبيدي ، ٢٠١٣ ) دەگونجێت .

**خشتەی ژمارە ( ١٨ )**

**ئەنجامی تاقیکردنەوەی تایی بۆ دەلالەتی جیاوازی لە نێوان ناوەندە نمرەی جیاوازی گەشەپێدانی مەیلی خوێندنەوە لای قوتابیانی هەردوو گروپ دا**

| گروپ | ناوەندە ژمێریی جیاوازی | لادانی پێوەریی جیاوازی | نرخی ( ت ) | | دەلالەت لەئاستی ( ٠,٠٥ ) |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | دەرهێنراو | خشتەیی | |
| ئەزموونگەری | ١٥,٢٢٥ | ٧,٥١٨ | ٤,٣٦٧ | ٢,٠٠٨ | مانادارە |
| کۆنترۆڵکار | ٥,٥٦٢ | ٨,٤١٢ | | | |

## دووەم : گفتوگۆکردن لە بارەی ئەنجامەکان

لەو ئەنجامانەی لە خشتەکانی (١٥ ، ١٦ ، ١٨) دا خراونەتە ڕوو دیاردەکەوێت کە :

١. دەستکەوتی ئەو قوتابیانەی کە بابەتی خوێندنەوەی کوردییان بە پێی ستراتیجییەتی (SQ3R) وەرگرتووە ، باشترە لە دەستکەوتی ئەوانەی هەمان بابەتیان بە ڕێگای ئاسایی بەکارهاتوو وەرگرتووە .

٢. ئاستی گەشەکردنی مەیلی خوێندنەوە لای ئەو قوتابیانەی کە بابەتی خوێندنەوەیان بەپێی ستراتیجییەتی (SQ3R) وەرگرتووە ، ئاستێکی باشەو بەرزترە لەئاستی گەشەکردنی وەك هەمان مەیل لای ئەوانەی کە هەمان بابەتیان بە ڕێگای ئاسایی بەکارهاتوو وەرگرتووە.

ئەم ئەنجامە بەڵگەدارە ئامارییانەش ، ئەوە دەگەیەنن کە بەکارهێنانی ستراتیجییەتی (SQ3R)ی ڕۆبنسۆن لە وتنەوەی بابەتی خوێندنەوەی کوردی دا بۆ قوتابیانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی ، کاریگەرییەکی کاراو بەرچاوی هەیە لە دەستکەوتیان و لە گەشەپێدانی مەیلیان بۆ خوێندنەوە . ئەمەش بۆ چەندین هۆکار دەگەڕێتەوە ، ڕەنگە دیارترین و کاراترینیان ئەمانەی خوارەوە بن :

١. کردارەکانی فێربوون بەپێی هەنگاوەکانی ئەم ستراتیجییەتە وا لە قوتابی دەکات کە پێشوەخت سەرنج بداتە ناونیشانەکان و وشەو ڕستەی جیاواز یان ڕەشتر چاپکراون و مانای

وشەکان و ڕاهێنانەکان و وێنەکان و باش لێیان وردبێتەوە بۆ ئەوەی هەندێ زانیاری و بیرە گشتییەکەی بۆ ڕوون بێتەوە ، پاشان وردو بەئاگا ناوەرۆکەکەی بخوێنێتەوە تا باش تێیدەگات ، ئنجا هەوڵ بدات چەند پرسیار لەبارەیەوە دابڕێژێت و وەلأمیان بداتەوەو بەشێوازی خۆی بنووسێت و کورت بکاتەوە ، دوواتر دووبارە پێیدابچێتەوەو پرسیارو وەلأمەکان ورد پێکەوە ببەستێتەوە و بۆخۆی بلێتەوە و خۆی پێیان تاقی بکاتەوە . ئەمەش وا دەکات کە باش لە ناوەرۆکە کە بگات و لەمێشکی دا بچەسپێت .

٢. لە ئەنجامی ڕاهێنان و باش بەکارهێنانی هەنگاوەکانی ئەم ستراتیجییەتە ، وا لە قوتابی دێت کە بزانێت چۆن زانیاری وەربگرێت و تێیان بگات و چۆن سەرەدەریان لەگەڵدا بکات بۆ باش چەسپین لە مێشکداو لە بیرنەچوونی و بیرکەوتنەوەی لەکاتی ویستراودا .

٣. لە ئاکامی جێبەجێکردنی هەنگاوەکانی ئەم ستراتیجییەتە ، قوتابی فێری باش لێوردبوونەوە و هەست بە بەرپرسیارێتی و چاپووکییەکانی پرسیار دانان و وەلأمدانەوە و داڕشتن بەشێوازی خۆی و چۆنیەتی کورت کردنی وەلأم و زانیارییەکان و هەروەها ڕادەهێت لەسەر پێداچوونەوە و بۆ خۆ دووبارەکردنەوە و خۆ تاقیکردنەوە بە زانیارییەکانەوە .

٤. هەنگاو و کردارەکانی جێبەجێکردنی ئەم ستراتیجییەتە ، ژینگەو کەشێکی خوێندن و فێربوونی کاراو لەبار لەناو پۆلدا پەیدا دەکات لە ئاکامیدا قوتابی هەست بە خۆشی و ئارامی دەکات ، حەزو ئارەزووی فێربوونی دەبێت و مەیلی دەچێتە سەر خوێندنەوەو هان دەدرێت ئەرێنی و کارایانە هامشۆ لەگەڵ خوێندن و فێربووندا بکات و پشت بەخۆی ببەستێت .

٥. هەمووی ئەوەی باسی لێوەکرا قوتابی بەرەو ئەوە دەبات کە فێربێت چۆن خۆی فێردەکات و چۆن سەرەدەری خوازراو لەگەڵ زانیارییەکان و چارەسەرکردنی کێشەو گرفتەکان دەکات . هەلبەتە ئەمانەش پرنسیپی سەرەکی ستراتیجییەتەکانی میتاکۆگنیشنن ، لەمانیشەوە ، ستراتیجییەتی(SQ3R)ی ڕۆبنسۆن .

ئەم لێکدانەوەو بیروبۆچوونانەی لێکۆڵەر خستوونیەتەڕووەوە ، سەرئەنجامی ئەو هزرو بۆچوونانەشن کە زۆربەی ئەدەبیات باسیان لەم ستراتیجییەتە کردووە بۆی چووینەو بە ئەرێنی و کاراییەوە دەریان بڕیوە . لەم ئەدەبیاتانەش (عباس و العبسي ، ٢٠٠٧ ، ص ١٧٤ - ١٧٦) ، (عطية ،٢٠١٠ ، ص ١٥٣ - ١٥٩)، (الهاشمي و الدليمي ، ٢٠٠٨ ، ص ١٨٧ - ١٩١) ، (حبيب الله ، ٢٠٠٠ ، ص ٣)

لە ئەنجامەکانی ناو خشتەی ژمارە (١٧) دا ئەوە دیاردەبێت کە ڕێگای ئاسایی بەکارهاتوو لە وتنەوەی بابەتی خوێندنەوەی کوردیدا ، ئەمیش تا ڕادەیەك پەرەی بەمەیلی قوتابیان بۆ خوێندنەوە داوە . هۆکارە سەرەکییەکەشی ڕەنگە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە مامۆستا / لێکۆڵەر

تێکەلأوبوونێکی ئەرێنی و کارایانەی دروست دەکرد لەنێوان قوتابیان خۆیان و لەنێوان قوتابیان و مامۆستاداو کەشێکی خۆش و ئاسوودەی دەهێنایە کایەوەو وەك پێویست گرنگی بە فێربوونی قوتابیان دەداو بەشداری پیٚ دەکردن لە چالأکییەکانی وانەو ئەرك و ڕاهێنانەکانی و بەسەرکردنەوەی بەردەوامی خوێندن و فێربوونیان ، کە ڕەنگە ئەمە هەمووی حەزو ئارەزوویان و مەیلیان بۆ خوێندنەوە لەلادا وروژاندبێت .

# بەشی پێنجەم

## سەرئەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیار

**یەکەم : سەرئەنجام ( ألاستنتاج )**

**دووەم : ڕاسپاردە**

**سێیەم : پێشنیار**

## یەکەم : سەرئەنجام ( ألاستنتاج )

لێکۆڵەر گەیشت بەم سەرئەنجامانەی خوارەوە :-

١. بەکارهێنانی ستراتیجییەتی (SQ3R)ی ڕۆبنسۆن لە وتنەوەی بابەتی خوێندنەوەی کوردیدا بۆ قوتابیانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی،کاریگەرییێکی دیار و کارای لە دەستکەوتی خوێندنەوەیاندا هەیە لەچاورێگای ئاسایی بەکارهاتوو لە وتنەوەیدا .
٢. بەکارهێنانی ستراتیجییەتی (SQ3R)لە وتنەوەی بابەتی خوێندنەوەی کوردیدا بۆ قوتابیانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی ، کاریگەرییێکی دیارو کارای لەگەشەپێدانی مەیلی خوێندنەوەیاندا هەیەو ، ئاستی گەشەکردنەکەش زۆرباشترە لەچاو ئاستی گەشەکردنی وەدەستهاتوو لە ئەنجامی وتنەوەی بابەتەکە بە ڕێگای ئاسایی بەکارهاتوو لە وتنەوەیدا .
٣. ڕێگای ئاسایی بەکارهاتوو لە وتنەوەی بابەتی خوێندنەوەی کوردی بۆ قوتابیانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی ، گەشە بە مەیلیان بۆ خوێندنەوە دەدات هەرچەندە بە ئاستێکی کەمیش.

## دووەم : ڕاسپاردە

لە ژێر ڕۆشنایی ئەنجامەکاندا ، لێکۆڵەر ئەم ڕاسپاردانە دەخاتە ڕوو :

١. بەکارهێنانی ستراتیجییەتی (SQ3R) لە وتنەوەی بابەتی خوێندنەوەی کوردیدا بۆ قوتابیانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی لە قوتابخانە بنەڕەتییەکانی هەرێمی کوردستانداو ، مەشق پێکردنی مامۆستایانی بابەت لەسەر بەکارهێنانی دا لەمیان خولەکانی ڕاهێنان و شیاندن کە بەڕێوەبەرایەتی ئامادەکردن و ڕاهێنانی سەربە پەروەردەی گشتی پەروەردەی هەولێر ، ساڵانە ئەنجامیان دەدات .
٢. ئەو مامۆستایانەی بابەتی خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی شەشەمی بنەڕەتی دەڵێنەوە ، لەکاتی وتنەوەی بابەتەکە و چالاکی و هەڵوێستە فێرکارییە جیاجیاکاندا ، گرنگی بدەن بە وروژاندن و پەیداکردن و پەرەپێدانی مەیلی قوتابیان بۆ خوێندنەوە ، بەوەی کە گۆڕاوێکی دەروونی گرنگە لە پرۆسەی فێرکردن و فێربووندا .
٣. سوود وەرگرتنی مامۆستایانی بابەتی خوێندنەوەی کوردی بۆ قوتابیانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی دەڵێنەوە ، لە پێوەری (مەیلی خوێندنەوە) دا بۆ زانینی ئاستی مەیلی خوێندنەوە لای قوتابیانیان بەمەبەستی وەرگرتنی کاری پێویست بەگوێرەی ئەنجام .

٤. دانانی ستراتیجییەتی (SQ3R)لەتەك ستراتیجییەتی تری میتاکۆگنیشن بۆ وتنەوەی بابەتی خوێندنەوە کە قوتابیان تیایاندا دەبنە تەوەری کارای پرۆسەی فێرکردن و فێربوون ،لە ناوی بەرنامەی خوێندنی بابەتی وتنەوەی زمان و ئەدەبی کوردی و وانە وتنەوەی گشتی دا لە کولیژ و فاکولتییە پەیوەندارەکان .

٥. سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی زمانی کوردی لەکاتی سەردانەکانیاندا ، مامۆستایان هان بدەن لەکاتی وتنەوەی بابەتی خوێندنەوەی کوردیدا ، گرنگی پێویست بدەن بە بەکارهێنانی ئەو ستراتیجییەت و ڕێگایانەی تیایاندا قوتابیان تەوەری کارای پرۆسەی فێرکردن و فێربوونن ، لەمانیش ، ستراتیجییەتی میتاکۆگنیشن (SQ3R) ، هەروەها بایەخی پێویست بدەن بە وروژاندن و پەرەپێدانی مەیلی خوێندنەوە لای قوتابیانیان بەوەی کە گۆڕاوێکی دەروونی گرنگە لە پرۆسەی فێرکردن و فێربووندا .

## سێیەم : پێشنیار

بۆ پێشخستنی وتنەوەی زمان و ئەدەبی کوردی بە گشتی و بابەتی خوێندنەوە بەتایبەتی ، لێکۆڵەر پێشنیار دەکات ئەم لێکۆڵینەوانەی خوارەوە ئەنجام بدرێن :

١. تاقیکردنەوەی کاریگەری ستراتیجییەتی میتاکۆگنیشن (SQ3R) لە سەر دەستکەوتی خوێندنەوەی کوردیداو ئارەزوو بۆ خوێندنەوە لە هەندێ پۆلی تری قۆناغی خوێندنی بنەڕەت و ئامادەیی دا .

٢. تاقیکردنەوەی کاریگەری هەندێ ستراتیجییەتی تری میتاکۆگنیشن وەك ( ,SNIPS , PRTR PQ4R , K.W.L.H ) لەسەر پەرەپێدانی چاپووکییەکانی خوێندنەوەی بەدەنگ لای قوتابیانی هەندێ پۆلی خوێندنی بنەڕەتی دا .

٣. تاقیکردنەوەی کاریگەری هەر ستراتیجییەتێکی میتاکۆگنیشن (بۆ خوێندنەوە) لەسەر پەرەپێدان و پێوانی هەندێ گۆڕاوی دەروونی ، وەك (ئامادەباشی بۆ خوێندنەوە ، شیانی خودی بۆ خوێندنەوە ، پاڵدەر بۆ خوێندنەوە ، حەزو ئارەزووی خوێندنەوە) لە هەر پۆلێکی خوێندنی بنەڕەتی دا .

# سەرچاوەکان

**یەکەم : سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی**

**دووەم : سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی**

**سێیەم : سەرچاوەکان بە زمانی کوردی**

## يەكەم : سەرچاوەكان بە زمانی عەرەبی


١. ابراهيم، مجدي عزيز (٢٠٠٥) **التفكير من منظور تربوي**، الطبعة الاولى، عالم الكتب للنشر والتوزيع والطباعة، القاهرة - مصر .

٢. ابراهيم، محمد عبدالرزاق وابوزيد، عبدالباقي عبدالمنعم ( ٢٠٠٧ )،**مهارات البحث التربوي**، الطبعة الأولى، دارالفكر للنشر والتوزيع، عمان - الأردن .

٣. ابراهيم، مروان عبدالمجيد، ( ٢٠٠٠ )،**الأحصاء الوصفي والاستدلالي**، الطبعة الأولى، دار الفكر للطباعة والنشر، عمان - الأردن.

٤. ابو الضبعان، زكريا اسماعيل (٢٠٠٧)،**طرائق تدريس اللغة العربية**، الطبعة الاولى، دار الفكر للنشر و التوزيع، عمان - الاردن .

٥. ابو الهيجاء، فؤاد حسن (٢٠٠٧)،**اساسيات وطرق تدريس اللغة العربية واعداد دروسها اليومية**، الطبعة الثالثة ، دار المناهج للنشر والتوزيع ، عمان - الاردن .

٦. ابو جادو، صالح محمد علي (٢٠٠٦) ،**علم النفس التربوي**، الطبعة الخامسة ، دار المسيرة للنشر و التوزيع و الطباعة ، عمان - الاردن .

٧. ابو جادو، صالح محمد ونوفل، محمد بكر (٢٠١٠) **تعليم التفكير النظرية والتطبيق**، الطبعة الثالثة ، دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة، عمان - الاردن .

٨. ابو حويج، مروان واخرون (٢٠٠٢)،**القياس والتقويم في التربية و علم النفس**، الطبعة الاولى ، دار العلمية للنشر و التوزيع عمان - الاردن .

٩. ابو علام، رجاء محمود (٢٠٠٥) ،**تقويم التعلم**، الطبعة الاولى ، دار المسيرة للنشر و التوزيع و الطباعة ، عمان - الاردن .

١٠. ابو لبدة، سبع محمد (٢٠٠٨) ،**مباديء القياس النفسي والتقييم التربوي**، الطبعة الاولى ، دار الفكر للنشر و التوزيع ، عمان - الاردن .

١١. اكسفورد، ربيكا (١٩٩٦) **استراتيجيات تعلم اللغة** ترجمة : محمد دعدور ، مكتبة الانجلو المصرية ، القاهرة - مصر .

١٢. أيفانز ، ك . م . (١٩٩٣) ،**الاتجاهات و الميول في التربية**، ترجمة : صبحي عبداللطيف و اخرون ، عالم المعرفة ،القاهرة - مصر .

١٣. البادري، سعود بن مبارك (٢٠١١)،**تطبيقات علم النفس** ، الطبعة الاولى، دار الكتاب الجامعي، العين - الامارت العربية المتحدة .

١٤. البطش، محمد وليد وابو زينة، فريد كامل ( ٢٠٠٧ ): **مناهج البحث العلمي - تصميم البحث والتحليل الإحصائي**، الطبعة الأولى، دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة، عمان - الأردن.

١٥. التميمي، عمر صباح مجيد (٢٠١٢) **اثر استراتيجية (أفخص ، أسأل ، أقرأ ، تأمل ، سمع ، راجع) في تنمية مهارات القراءة الجهرية عند تلاميذ الصف الخامس الابتائي**، رسالة ماجستير غير منشورة ، جامعة بغداد ، كلية التربية ، بغداد - العراق .

١٦. الجبوري، رغد سليمان علوان (٢٠١١) **اثر استراتيجيتي نمذجة التفكير و (SQ3R) في الاستيعاب القرائي والتفكير الناقد لدى طالبات الصف الرابع الادبي في مادة المطالعة**، أطروحة دكتوراه غير منشورة ، جامعة بابل ، كلية التربية ، صفي الدين الحلي ، بابل - العراق .

١٧. الجبوري، محمد صالح خلف (٢٠٠٦) **اثر استخدام القصة المصورة في تحصيل تلاميذ الصف الرابع الابتدائي في مادة القراءة وميلهم نحوها**، رسالة ماجستير غير منشورة ، جامعة الموصل ، كلية التربية الاساسية ، موصل - العراق .

١٨. جرادات، عزت وعبيدات، ذوقان وأبو غزالة، هيفاء وعبداللطيف، خيرى، ( دون تاريخ الطبع ) ،**التدريس الفعال**، الطبعة الرابعة، دار الفكر للنشر و التوزيع، عمان - الأردن .

١٩. حبيب الله، محمد (٢٠٠٠)،**اسس القراءة وفهم المقروء بين النظرية و التطبيق - المدخل في تطوير مهارات الفهم و التفكير والتعلم**، الطبعة الثانية، دار عمار ، عمان - الاردن .

٢٠. الحمداني ، موفق و اخرون (٢٠٠٦) ،**مناهج البحث العلمي،الكتاب الاول - اساسيات البحث العلمي**، مؤسسة الوراق للنشر و التوزيع ، عمان - الاردن .

٢١. داود ، عزيز (٢٠٠٦) ،**مناهج البحث العلمي**، الطبعة الاولى ، دار اسامة للنشر و التوزيع ، عمان - الاردن .

٢٢. دروزة، افنان نظير (٢٠٠٤) **اساسيات في علم النفس التربوي : اساسيات الادراك ومنشطاتها كأساس لتصميم التعليم**، دار الشروق للنشر و التوزيع ، عمان - الاردن .

٢٣. الدليمي ، احسان عيسوي و المهداوي ، عدنان محمود ، (٢٠٠٥) ،**القياس و التقويم في العملية التعليمية** ، الطبعة الثانية ، دار الكتب ، بغداد - العراق .

٢٤. دوران، رودني، ( ١٩٨٥ )،**اساسيات القياس والتقويم في تدريس العلوم**، ترجمة: محمد سعيد صباريني وآخرون، دار الأمل للنشر والتوزيع، اربد - الأردن.

٢٥. الربيحات ، غازي محمد عطية (٢٠٠٩)،**اثر التدريس وفقا لاستراتيجية تنال القمر في استيعاب النص الادبي والتفكير الناقد لدى طلبة المرحلة الاساسية في الاردن**،(اطروحة دكتوراه غير منشورة)، جامعة عمان للدراسات العليا كلية الدراسات التربوية العليا، عمان - الاردن .

٢٦. الزوبعي ، عبدالجليل و ابراهيم و بكر ، محمد الياس و الكناني ابراهيم عبدالحسين (١٩٨١) ،**الاختبارات و المقاييس النفسية**، دار الكتب للطباعة والنشر - جامعة الموصل ، العراق .

٢٧. الزوبعي، عبدالجليل ابراهيم والغنام، محمد أحمد، ( ١٩٨١ )،**مناهج البحث في التربية**، الجزء الأول، مطبعة جامعة بغداد، بغداد - العراق.

٢٨. زيتون، عايش محمود، ( ١٩٨٨ )،**الإتجاهات والميول العلمية في تدريس العلوم**، الطبعة الأولى، دار عمار للنشر والتوزيع، عمان - الأردن .

٢٩. الزيود، نادر فهمي و عليان، هشام عامر (٢٠٠٥) **مبادىء القياس و التقويم في التربية**، الطبعة الثالثة ، دار الفكر للنشر والتوزيع ، عمان - الاردن .

٣٠. السعدي ، ايهاب ابراهيم زيدان (٢٠٠٧) **اثر الانموذج المرئي ، المسموع في الالقاء و الميل لقراءة النصوص الادبية** ، رسالة ماجستير غير منشورة ، جامعة بابل ، كلية التربية ، بابل - العراق .

٣١. السفاسفة، محمد ابراهيم( ٢٠١٠ ) ،**اساسيات في الارشاد و التوجيه النفسي و التربوي**، الطبعة الاولى ، مكتبة الفلاح للنشر والتوزيع .

٣٢. السفاسفة، عبدالرحمن (٢٠٠٤)،**طرائق تدريس اللغة العربية**، الطبعة الثالثة، مركز يزيد للنشر، الكرك - الاردن .

٣٣. سمارة، عزيز و اخرون (١٩٨٩) **مباديء القياس و التقويم في التربية**، الطبعة الثانية ، دار الفكر للنشر والتوزيع ، عمان - الاردن .

٣٤. سمارة، عزيز و النمر ، عصام و ابراهيم ، محمد عبدالقادر ، (٢٠٠٠) ،**مباديء القياس و التقويم في التربية**، الطبعة الثانية ، دار الفكر للنشر و التوزيع ، عمان - الاردن .

٣٥. السورچى، مولود حمد ومصطفى، عبدالواحد، ( ١٩٩٨ )،**التربية والتعليم في محافظة دهوك - الواقع والتطلعات**، كلية الآداب، جامعة دهوك، اقليم كوردستان - العراق.

٣٦. شارى ، ماركريت ( ١٩٨٧ ) ،**اهمية الرغبة في التعلم**، ترجمة : انور طاهر بكر ، مجلة المعلم الجديد ، المجلد ٤٤ ، الجزء الثاني ، (ص ص ٤٣ - ٥٦) بغداد - العراق .

٣٧. الصمادي، عبدالله والدرابيع، ماهر، ( ٢٠٠٤ )،**القياس والتقويم النفسي والتربوي بين النظرية والتطبيق**، الطبعة الأولى، دار وائل للنشر والتوزيع، عمان - الأردن.

٣٨. الظاهر ، زكريا محمد و تمرجيان ، جاكلين و عبد الهادي ، جودت عزت (١٩٩٩) ،**مباديء القياس و التقويم**، الطبعة الاولى ، الاصدار الاول ، دار الثقافة للنشر و التوزيع ، عمان - الاردن.

٣٩. عامر، فخرالدين و بلحاح ، محمد مصطفى (١٩٩٢)،**طرق التدريس الخاصة باللغة العربية**، الطبعة الاولى ، منشورات جامعة الفاتح ، ليبيا .

٤٠. عباس، محمد خليل و العبسي، محمد مصطفى (٢٠٠٧) **مناهج و اساليب تدريس الرياضيات للمرحلة الاساسية الدنيا**، الطبعة الاولى ، دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة ، عمان - الاردن.

٤١. عبدالباري، ماهر شعبان (٢٠١٠) **سيكولوجية القراءة وتطبيقاتها التربوية**، الطبعة الاولى ، دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة ، عمان - الاردن .

٤٢. عبدالحميد، هبة محمد (٢٠٠٦)،**انشطة و مهارات القراءة والاستذكار في المدرستين الابتدائية والاعدادية**، الطبعة الاولى، دار صفاء للنشر والتوزيع، عمان - الاردن .

٤٣. العبيدي، زينة طه حسون (٢٠١٣) **اثر استراتيجية التدريس التبادلي في تنمية بعض مهارات التفكير الابداعي لدى تلاميذ الصف السادس الابتدائي وميلهم نحو القراءة العربية،مجلة ابحاث كلية التربية الاساسية** - جامعة الموصل ، المجلد (١٢) العدد (٤) ، ( ص ٧٥ - ١١٤ )

٤٤. العتوم، عدنان يوسف والجراح، عبدالناصر ذياب و بشارة، موفق (٢٠٠٧)،**تنمية مهارات التفكير**، الطبعة الاولى، دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة، عمان - الاردن .

٤٥. عدس ، عبدالرحمن و المنيزل ، عبالله (٢٠٠٨) ،**مقدمة في الاحصاء التربوي**، الطبعة الثانية ، دار الفكر للنشر و التوزيع و الطباعة ، عمان - الاردن .

٤٦. العزاوي ، نضال مزاحم (٢٠١٣) ،**اثر استراتيجية روبنسون SQ3R في تنمية القراءة الناقدة عند طلاب الصف الرابع العلمي و اتجاهاتهم نحو المادة**، المؤتمر العلمي المستوى السادس (الدولي الثاني) لكلية التربية الاساسية كلية التربية - جامعة تكريت ، (ص ص ١١١ - ١٢٩)

٤٧. العزاوي، رحيم يونس كرو (٢٠٠٧) ،**المنهل في العلوم التربوية : القياس و التقويم في العملية التربوية** ، الطبعة الاولى ، دار دجلة للنشر و التوزيع ، عمان - الاردن .

٤٨. عطية، محسن علي (٢٠١٠) **استراتيجيات ماوراء المعرفة في فهم المقروء**، دار المناهج للنشر والتوزيع ، عمان - الاردن .

٤٩. عطية، محمد (١٩٩٦)،**دراسة تحليلية للميول القرائية لطلاب المرحلة الثانوية في النصف الثاني من القرن العشرين**، اطروحة دكتوراه غير منشورة، جامعة عين شمس، كلية التربية، القاهرة - مصر .

٥٠. العقيل، عبدالله (١٩٩٧)،**فاعلية برنامج مقترح لتنمية الميل الى القراءة لدى طلاب المرحلة الثانوية بالمملكة العربية السعودية**، رسالة ماجستيرغير منشور ، جامعة طنطا ، كلية التربية ، طنطا - مصر .

٥١. علام ، صلاح الدين محمود (٢٠٠٠) ،**القياس والتقويم التربوي و النفسي اساسياته و تطبيقاته و توجيهاته المعاصرة** ، دار الفكر العربي ، القاهرة - مصر .

٥٢. علام ، صلاح الدين محمود (٢٠٠٦) ،**الاختبارات و المقاييس التربوية و النفسية**، الطبعة الاولى ، دار الفكر للنشر و التوزيع ، عمان - الاردن .

٥٣. علام، صلاح الدين محمود، ( ٢٠٠٧ )،**القياس والتقويم التربوي في العملية التدريسية**، الطبعة الأولى، دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة، عمان - الأردن.

٥٤. عودة، احمد ( ١٩٩٩ )،**القياس والتقويم في العملية التدريسية**، الطبعة الثانية، الاصدار الثالث، دار الأمل للنشر والتوزيع، اربد - الأردن .

٥٥. عودة،احمد سليمان والخليلي، خليل يوسف ( ٢٠٠٠ )،**الاحصاء للباحث في التربية والعلوم الانسانية، الطبعة الثانية**، دار الأمل للنشر والتوزيع، اربد - الأردن .

٥٦. فان دالين ، ديو بولاب (٢٠٠٧) ،**مناهج البحث في التربية و علم النفس**، ترجمة : نبيل نوفل و اخرون ، مكتبة الانجلو المصرية ، القاهرة - مصر .

٥٧. الفرماوي، حمدي و رضوان، وليد (٢٠٠٤) **الميتامعرفية بين النظرية والبحث**، مكتبة الانجلو المصرية ، القاهرة - مصر .

٥٨. فضل الله، محمدرجب (١٩٩٠) **تنمية الميول القرائية لدى تلاميذ الحلقة الثانية عن التعليم الاساسية**، اطروحة دكتوراه غير منشورة، جامعة اسيوط ، كلية التربية ، اسيوط - مصر .

٥٩. القزاز ، محفوظ محمد حسن (١٩٨٩) ،**السلوك الاستكشافي و علاقته ببعض المتغيرات لدى تلاميذ الصف السادس الابتدائي في محافظة نينوى** ، اطروحة دكتوراه غير منشورة ، جامعة بغداد - كلية التربية الاولى ، بغداد - العراق .

٦٠. القطبي ، محمد علي (٢٠٠٠) ،**اثر استخدام القراءة للدرس SQ3R في استيعاب المقروء و ثباته لدى طلاب الصف الاول الثانوي بمدينة الرياض**، رسالة ماجستير غير منشورة ، جامعة الملك سعود ، كلية التربية ، الرياض - السعودية .

٦١. الكبيسي، عبدالواحد حميد (٢٠٠٧) ،**القياس و التقويم - تجديدات و مناقشات**، الطبعة الاولى ، دار جرير للنشر و التوزيع، عمان - ا لاردن .

٦٢. الكناني ، ممدوح عبدالمنعم و جابر ، عيسى عبدالله (١٩٩٥)،**القياس و التقويم النفسي و التربوي**، الطبعة الاولى ، مكتبة الفلاح للنشر و التوزيع ، بيروت - لبنان .

٦٣. كوافحة ، تيسير مفلح (٢٠٠٥) ،**القياس و التقويم واساليب القياس و التشخيص في التربية الخاصة**، الطبعة الثانية ، دار المسيرة للنشر و التوزيع ، عمان - الاردن .

له تۆری ئینتەرنێت له بەرواری ٢٠١٤/٦/٢٥ .

htt://www.uobabylon .edu .

٦٤. اللقاني، احمد حسين والجمل، علي احمد (٢٠٠٣)،**معجم المصطلحات التربوية المعرفة في المناهج وطرق التدريس**، الطبعة الثالثة، عالم الكتب، القاهرة - مصر .

٦٥. محمد، فائزة السيد (٢٠٠٣)،**الاتجاهات الحديثة في تعليم القراءة و تنمية ميولها**، الطبعة الاولى ، ايتراك للنشر والتوزيع ، القاهرة - مصر .

٦٦. محمود، رقية عبد محمد (٢٠٠٧)،**اثر الخريطة الدلالية والتدريس التبادلي في فهم المقروء والميل نحو القراءة لدى طالبات الصف الاول المتوسط**، (رسالة ماجستير غير منشورة) ، جامعة المستنصرية ، كلية التربية الاساسية ، بغداد - العراق .

٦٧. ملحم ، سامي محمد (٢٠٠٥) ،**القياس و التقويم في التربية وعلم النفس**، الطبعة الثانية ، دار المسيرة للنشر و التوزيع و الطباعة ، عمان - الاردن .

٦٨. ملحم، سامى محمد ( ٢٠٠٥ )،**مناهج البحث في التربية وعلم النفس**، الطبعة الثالثة، دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة، عمان - الأردن.

٦٩. المنيزل عبدالله و الغرايبة، عايش موسى (٢٠٠٦) ،**الاحصاء التربوي**، الطبعة الاولى، دار المسيرة للنشر و التوزيع و الطبع ، عمان - الاردن .

٧٠. الموسوي، ضياء عزيز محمد (٢٠١١)،**اثر استراتيجيتي روبنسون (SQ3R) والتساؤل الذاتي في تنمية الاستيعاب القرائي وانتاج الاسئلة الذاتية عند طالبات الصف الثاني المتوسط**، اطروحة دكتوراه غير منشورة، جامعة بغداد، كلية التربية / ابن الرشد، بغداد -العراق .

٧١. النبهان، موسى، ( ٢٠٠٤ )،**اساسيات القياس في العلوم السلوكية**، الطبعة الأولى، دار الشروق للنشر والتوزيع، عمان - الأردن.

٧٢. هادي ، مريم مهدي ( ٢٠١٤ ) ،**اثر استعمال استراتيجية SQ3R في تحصيل طالبات الصف الخامس الادبي في مادة الجغرافية**، رسالة ماجستير غير منشورة ، جامعة بابل ، كلية التربية الاساسية ، بابل - العراق .

٧٣. الهاشمي، عبدالرحمن و الدليمي، طه علي حسين (٢٠٠٨) **استراتيجيات حديثة في فن التدريس**، الطبعة العربية الاولى - الاصدار الاول ، دار الشروق للنشر و التوزيع، عمان - الاردن .

٧٤. الوكيل، حلمي احمد و المفتي، محمد امين(٢٠١٤) ،**اسس بناء المناهج و تنظيماتها**، الطبعة السابعة، دار المسيرة للنشر و التوزيع .

٧٥. اليهمن ، ايرفان و ميهرنس ، وليم (٢٠٠٣) ،**القياس و التقويم في التربية و علم النفس**، الطبعة الاولى ، ترجمة : هيثم كامل الزبيدي ، مراجعة : ماهر ابو هلالة ، دار الكتاب الجامعي للنشر ، العين - الامارات العربية المتحدة .

## دووەم : سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی


76. Anastasi, Anne & Susana Urbina (1997). **Psycological Testing**, 7th ed, New Jersy : Prentice Hall, inc .

77. Costa, L and Kallick, B (2001),**What Are Habits of Mind?** Rtrveid, (614/2005) from: http://www.habits-of- mind. Net/whatare. Htm.

78. Ford,K..J., Gully, S.M, Salas, E. M.,& Wessbein D. A. **Relation ships of gool orientation, metacognitive activity, and practice strategies with learning outcomes and transfer**. Journal of Applied Psychology, 83,1998 .

79. Gallant ,Ruth (1978): **Handbook in corrective readings: Basic Tasks**. 2nd Edition, Columbus: Charles E. Merrill Publishing Company.

80. Hannallah, R. Kamel & Michael, T. Guriguis (1998),**Dictionary of the Terms of Education, First edition**, Libraries Lebanon Publi**shers, Be**irut-Lebanon.

81. Harris, Larry A. ; Smith, Carl B. (1992): **Reading instruction: Diagnostic, teaching in the classroom**. Fourth Edition, New York: Holt, Rinehart and Winston.

82. Karlin, Robert (1984): **Teaching reading in high school: Improving reading in the content areas**.Fourth Edition, New York: Happer & Row Publishers .

83. Lapp,Diane &Flood,James (1978): **Teaching reading for every children**. New York: Macmillan Publishing Co., Inc.

84. Leather,C of Mcloughlin, D(2001) **Developing Task Specific Metacognitre Skills in Literate Dyslexic Adults**.

85. Robinson, Francis Pleasant,(1970) **Effective study**, New York: Harper &Row.

86. Ruthus, Speucer A(2002). **Psychology in the new milleuium**, 8thed. Thomson, USA.

87. Schmidt H. et al (2006),**Why Schools Matter**: Cross-National Comparison of Curriculum and Learning, The Jossey-Bass education series, Sanfrancisco.

88. Shaw , m. (1995) ,**the successful teacher**, London , hogarm press .
89. Stanly, Julian& Kenneth ,D ,( 1972),**Educational and Psychological Measurment and Evaluation**, Inc , Pritice Hall , Englewood Cliffs , New - York .
90. Stevens,Sean ( 2001),**The Seven Habits of Highly Effective Teen Readers Public Informetion Office**, http:www. ale .org /Teen Read Week .
91. Thired, K.W. Anderson, M.G.M., therriault,D. **Accuracy of metacognative monitoring affects learning of texts**. Journal of Educational Psychology, 95,2003 .
92. Wander, D.C. **The effectiveness of modified SQ3R study strategies for studying content area texts in upper elementary school.** Unpublished doctoral dissertation, University of Miami, Miami. 1996
93. Wilson ,A. ( 1991) **Interest and Education**, London, Routadge, Keganpanl .
94. Wittemore, Shirly (1992): **Reading interest of North Ridgeville high scool students**, Research paper, Kant State University.

## سێیەم : سەرچاوەكان بە زمانی كوردی


.٩٥ حكومەتی هەرێمی كوردستانی عیراق، وەزارەتی پەروەردە ( ٢٠١٢ ) **رێزمان و خوێندنەوەی كوردی**، پۆلی شەشەمی بنەڕەتی ، چاپی پێنجەم، چاپخانەی الدستور - ئوردن .

.٩٦ سلێمان، روزان محەمەد قەسیم ( ٢٠٠٨ ) **كارتێكرنا بكارئینانا رێكێن فێربوونا بهەڤكاری و نەخشێن چەمكان ل سەر ئاستێ قوتابیێن كچ یێن پۆلا ئێكێ ناڤنجی د بابەتی رێزمانا كوردیدا و رۆكارێن وان دەربارەی بابەتی**، ( نامەی ماستەر بلاونەكراوە )، زانكۆی دهۆك، كولیژی پەروەردە، دهوك / هەرێمی كوردستان - عیراق .

.٩٧ عەبدوللا، لولاڤ ئەحمەد (٢٠١٤) **كاریگەرییا بكارئینانا ستراتیجییەتا (SQ3R) ددەسكەفتێ قوتابیێن كچ یێن پولا یازدێ ئامادەیی دبابەتێ ئەدەبێ كوردیدا و گەشەكرنا مەیلا ئەدەبی لدەڤ وان** ، ( نامەی ماستەر بلاونەكراوە )، زانكۆی دهۆك، كولیژی پەروەردە، دهوك / هەرێمی كوردستان - عیراق .

.٩٨ هالو، دیار عەبدولكەریم سەعید ( ٢٠١٤ )**كاریگەرییا بكارئینانا هژاندنا هزرا و رێكا گەنگەشێ لسەر ئاستێ فێربوونا قوتابیێن پۆلا دەهێ ئامادەیی دبابەتێ ئەدەبێ كوردیدا و گەشەكرنا چێژا ئەدەبی و باوەری بخۆبوون لدەڤ وان**، ( نامەی دكتۆرا بلاونەكراوە )، زانكۆی زاخۆ، فاكولتی زانستە مرۆڤایەتیەكان، دهۆك / هەرێمی كوردستان - عیراق .

# پاشكۆكانی لێكۆڵینەوە

## پاشکۆی ژمارە (١)

## تەمەنی قوتابیانی هەردوو گروپی لێکۆڵینەوە بە مانگ

| ز | گروپی ئەزموونگەری | ز | گروپی کۆنترۆلکراو |
|---|---|---|---|
| ١ | ١٣٥ | ١ | ١٤٣ |
| ٢ | ١٥٦ | ٢ | ١٣٥ |
| ٣ | ١٣٨ | ٣ | ١٣٩ |
| ٤ | ١٥٢ | ٤ | ١٤٢ |
| ٥ | ١٤٠ | ٥ | ١٤٥ |
| ٦ | ١٤٥ | ٦ | ١٦٨ |
| ٧ | ١٤٠ | ٧ | ١٣٧ |
| ٨ | ١٤٢ | ٨ | ١٣٦ |
| ٩ | ١٤١ | ٩ | ١٤٤ |
| ١٠ | ١٣٨ | ١٠ | ١٣٥ |
| ١١ | ١٣٧ | ١١ | ١٣٩ |
| ١٢ | ١٤٤ | ١٢ | ١٤٤ |
| ١٣ | ١٣٧ | ١٣ | ١٤١ |
| ١٤ | ١٣٨ | ١٤ | ١٣٨ |
| ١٥ | ١٤٤ | ١٥ | ١٣٤ |
| ١٦ | ١٣٥ | ١٦ | ١٣٦ |
| ١٧ | ١٣٨ | ١٧ | ١٣٤ |
| ١٨ | ١٥٤ | ١٨ | ١٤٢ |
| ١٩ | ١٣٦ | ١٩ | ١٣٧ |
| ٢٠ | ١٣٨ | ٢٠ | ١٣٨ |
| ٢١ | ١٥٨ | ٢١ | ١٣٥ |
| ٢٢ | ١٦٣ | ٢٢ | ١٣٧ |
| ٢٣ | ١٤٣ | ٢٣ | ١٣٤ |
| ٢٤ | ١٤١ | ٢٤ | ١٤٣ |
| ٢٥ | ١٣٧ | ٢٥ | ١٣٥ |
| ٢٦ | ١٤٠ | ٢٦ | ١٤٤ |
| ٢٧ | ١٤٦ | ٢٧ | ١٤٦ |
| کۆ | ٣٨٥٦ | کۆ | ٣٧٨١ |

## پاشكۆی ژمارە ( ٢ )

### تاقیكردنەوەی دەستكەوت لە خوێندنەوەدا

**پ١ / نیشانەی ڕاست ( √ ) ئەگەر ڕاست بێ یاخود نیشانەی هەڵە (×) ئەگەر هەڵە بێ دابنێ بەرامبەر هەر دەستەواژەیەك لەمانەی خوارەوە :- ( ١٠ ) نمرە**

١- كۆمپیوتەر لە پێنج بەش و پارچە پێك دێت . ( )

٢- هۆنراوەی ( سەدەی زانست ) هۆنراوەیەكی شاعیر عەلی بەختەوەرە . ( )

٣- لەیلا قاسم لەساڵی ( ١٩٥١ ) ز لە سێدارە درا . ( )

٤- شەرەفخانی بەدلیسی خاوەن پەرتووكی مێژوویی ( شەرەفنامە ) یە . ( )

٥- ڕەنگی ( سور ) ی ترافیك لایت مانای ( ڕۆیشتن ) دەگەیەنێت . ( )

٦- هۆنراوەی ( تەپڵ ) یەكێكە لە هۆنراوەكانی شاعیر دیلان . ( )

٧- كیمیابارانی هەڵەبجە لە ساڵی ( ١٩٨٩ ) ڕوویدا . ( )

٨- نەجمەدین مەلا قوتابخانەیەكی بە ناوی ( كەشتی نوح ) دامەزراند . ( )

٩- ئەگەر ویستت لەسەر شەقام بپەڕیتەوە پێویست ناكات سەیری لای ڕاست و چەپت بكەی. ( )

١٠- بەهۆی كیمیا بارانەوە ژینگەی هەڵەبجەو دەوروبەری پیس بووە . ( )

**پ٢ /ئەو پیتەی کە وەڵامەکەی دروستە بازنەیەك بە دەوری دا بکێشە :- ( ٥ ) نمرە**

**١- دار بڕینەوە دەبێتە هۆی :-**

أ. کەمبوونی ئۆکسجین ب. زۆر بوونی ئۆکسجین پ. زۆر بوونی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن

ت. زۆر بوونی ئۆکسجین و دووەم ئۆکسیدی کاربۆن

**٢- پێویستە لەسەر هەموو مرۆڤێك ژینگە :-**

أ. بشێوێنێ ب. پاك و خاوێن ڕابگرێت پ. بشێوێنێ ت. فەرامۆش بکات

**٣- هۆنراوەی ( کۆتر و ڕاوکەر ) هۆنراوەی شاعیر :-**

أ. دیلان ب. جگەر خوێن پ. گۆران ت. شێخ سەلام

**٤- دروستکردنی کاغەز بڵاوبووەوە پاش بەدیل گرتنی چەند کرێکارێکی کارگەی کاغەز لە:-**

أ. بەغدا ب. چین پ. سەمەرقەند ت. دیمەشق

**٥- ( ٢١ ) ی ئادار جەژن و سەری ساڵی :-**

أ. کۆچی یە ب. زایینی یە پ. فەرەنسییە ت. کوردییە

**مامۆستای بابەت**

**سروە عەلائەدین عومەر**

## پاشکۆی ژمارە ( ٣ )

## نمرەی قوتابیانی هەردوو گروپ لە تاقیکردنەوەی زانیاری پێشوویان لە بابەتەکانی لە ئەزمووندا دەخوێندرێن

| ژ | گروپی ئەزموونگەری | گروپی کۆنترۆڵکار | ژ | گروپی ئەزموونگەری | گروپی کۆنترۆڵکار |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ٤ | ٦ | ١٥ | ٣ | ٦ |
| ٢ | ٣ | ٥ | ١٦ | ٥ | ٤ |
| ٣ | ٥ | ٧ | ١٧ | ٤ | ٦ |
| ٤ | ٤ | ٢ | ١٨ | ٥ | ٥ |
| ٥ | ٦ | ٣ | ١٩ | ٦ | ٢ |
| ٦ | ٢ | ٦ | ٢٠ | ٣ | ٤ |
| ٧ | ٣ | ٢ | ٢١ | ٢ | ٣ |
| ٨ | ٧ | ٤ | ٢٢ | ٦ | ٢ |
| ٩ | ٢ | ٥ | ٢٣ | ٣ | ٥ |
| ١٠ | ١ | ٧ | ٢٤ | ٥ | ٥ |
| ١١ | ٣ | ٤ | ٢٥ | ٤ | ٣ |
| ١٢ | ٥ | ٣ | ٢٦ | ٧ | ٧ |
| ١٣ | ٨ | ٧ | ٢٧ | ٥ | ٤ |
| ١٤ | ٢ | ٥ | | | |
| | | | کۆ | ١١٣ | ١٢٢ |

## پاشکۆی ژمارە (٤)

## نمرەی قوتابیانی هەردوو گروپ لە بابەتی خوێندنەوەی زمانی کوردی / کۆرسی یەکەم

| ز | گروپی ئەزموونگەری | ز | گروپی کۆنترۆلکار |
|---|---|---|---|
| ١ | ٩ | ١ | ٨ |
| ٢ | ١ | ٢ | ٧ |
| ٣ | ١٠ | ٣ | ٨ |
| ٤ | ٦ | ٤ | ٨ |
| ٥ | ٩ | ٥ | ٨ |
| ٦ | ٨ | ٦ | ٨ |
| ٧ | ٧ | ٧ | ٨ |
| ٨ | ٩ | ٨ | ٨ |
| ٩ | ١٠ | ٩ | ٨ |
| ١٠ | ٩ | ١٠ | ٨ |
| ١١ | ٧ | ١١ | ٨ |
| ١٢ | ٩ | ١٢ | ٩ |
| ١٣ | ٨ | ١٣ | ٨ |
| ١٤ | ٥ | ١٤ | ٨ |
| ١٥ | ٩ | ١٥ | ٩ |
| ١٦ | ٢ | ١٦ | ٨ |
| ١٧ | ١٠ | ١٧ | ٨ |
| ١٨ | ٩ | ١٨ | ١٠ |
| ١٩ | ٨ | ١٩ | ٨ |
| ٢٠ | ١٠ | ٢٠ | ١٠ |
| ٢١ | ٢ | ٢١ | ١٠ |
| ٢٢ | ٨ | ٢٢ | ٨ |
| ٢٣ | ٩ | ٢٣ | ٨ |
| ٢٤ | ١٠ | ٢٤ | ١٠ |
| ٢٥ | ١٠ | ٢٥ | ٧ |
| ٢٦ | ٩ | ٢٦ | ٧ |
| ٢٧ | ٩ | ٢٧ | ٧ |
| کۆ | ٢١٢ | کۆ | ٢٢٢ |

## پاشکۆی ژمارە ( ٥ )

## نمرەی قوتابیانی هەردوو گروپ لە بابەتی رێزمان و خوێندنەوەی کوردی سالّی پار ( پێنجەمی بنەڕەتی )

| ز | گروپی ئەزموونگەری | ز | گروپی کۆنترۆلکار |
|---|---|---|---|
| ١ | ٩٤ | ١ | ٨٢ |
| ٢ | ٥٥ | ٢ | ٧٣ |
| ٣ | ٩٤ | ٣ | ٧٨ |
| ٤ | ٥٩ | ٤ | ٧٥ |
| ٥ | ٨٦ | ٥ | ٧٣ |
| ٦ | ٦٥ | ٦ | ٦٦ |
| ٧ | ٥٣ | ٧ | ٧٢ |
| ٨ | ٧٦ | ٨ | ٥٤ |
| ٩ | ٩٦ | ٩ | ٨٨ |
| ١٠ | ٨٣ | ١٠ | ٥٢ |
| ١١ | ٨١ | ١١ | ٨٩ |
| ١٢ | ٥٠ | ١٢ | ٩٦ |
| ١٣ | ٧٢ | ١٣ | ٦٧ |
| ١٤ | ٦٩ | ١٤ | ٩٧ |
| ١٥ | ٧٨ | ١٥ | ٩٦ |
| ١٦ | ٧٢ | ١٦ | ٨٠ |
| ١٧ | ٩٠ | ١٧ | ٦٩ |
| ١٨ | ٩٠ | ١٨ | ٩٩ |
| ١٩ | ٥٨ | ١٩ | ٧٣ |
| ٢٠ | ٩١ | ٢٠ | ٩٠ |
| ٢١ | ٥٤ | ٢١ | ٩٨ |
| ٢٢ | ٥٧ | ٢٢ | ٦٠ |
| ٢٣ | ٧٨ | ٢٣ | ٨٠ |
| ٢٤ | ٩٦ | ٢٤ | ٩٣ |
| ٢٥ | ٩٣ | ٢٥ | ٥٩ |
| ٢٦ | ٩١ | ٢٦ | ٦٩ |
| ٢٧ | ٦٨ | ٢٧ | ٧٥ |
| کۆ | ٢٠٤٩ | کۆ | ٢١٠٣ |

## پاشکۆی ژمارە (٦)

## نمرەی قوتابیانی هەردوو گروپ لە تاقیکردنەوەی پێشینەی پێوەری مەیلی خوێندنەوەدا

| ز | گروپی ئەزموونگەری | ز | گروپی کۆنترۆڵکار |
|---|---|---|---|
| ١ | ٦٠ | ١ | ٦٤ |
| ٢ | ٦٥ | ٢ | ٦٨ |
| ٣ | ٦٤ | ٣ | ٧١ |
| ٤ | ٧٠ | ٤ | ٦٢ |
| ٥ | ٧٤ | ٥ | ٥٥ |
| ٦ | ٦٢ | ٦ | ٧٢ |
| ٧ | ٣٠ | ٧ | ٧٢ |
| ٨ | ٥٣ | ٨ | ٦٥ |
| ٩ | ٦٢ | ٩ | ٦٤ |
| ١٠ | ٦٩ | ١٠ | ٦٦ |
| ١١ | ٧٢ | ١١ | ٧٢ |
| ١٢ | ٧٧ | ١٢ | ٦٩ |
| ١٣ | ٦٥ | ١٣ | ٦٦ |
| ١٤ | ٧٠ | ١٤ | ٧١ |
| ١٥ | ٧٢ | ١٥ | ٧٥ |
| ١٦ | ٦١ | ١٦ | ٧٢ |
| ١٧ | ٥٥ | ١٧ | ٧٥ |
| ١٨ | ٦٢ | ١٨ | ٦٣ |
| ١٩ | ٤٩ | ١٩ | ٧١ |
| ٢٠ | ٦٢ | ٢٠ | ٦٦ |
| ٢١ | ٧٥ | ٢١ | ٦٣ |
| ٢٢ | ٥٨ | ٢٢ | ٦٠ |
| ٢٣ | ٧٢ | ٢٣ | ٤٢ |
| ٢٤ | ٧٤ | ٢٤ | ٧٧ |
| ٢٥ | ٦٨ | ٢٥ | ٦٣ |
| ٢٦ | ٦٣ | ٢٦ | ٦٩ |
| ٢٧ | ٧٣ | ٢٧ | ٦٠ |
| کۆ | ١٧٣٧ | کۆ | ١٧٩٣ |

## پاشکۆی ژمارە ( ٧ )

### نمرەی قوتابیانی هەردوو گروپ لە گۆڕاوی زیرەکی دا

| ژ | گروپی ئەزموونگەری | گروپی کۆنترۆڵکار | ژ | گروپی ئەزموونگەری | گروپی کۆنترۆڵکار |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ٣١ | ٣٣ | ١٥ | ٣٥ | ٣٩ |
| ٢ | ٣٤ | ٣٢ | ١٦ | ٤٠ | ٤٣ |
| ٣ | ٤١ | ٤٠ | ١٧ | ٤١ | ٣٨ |
| ٤ | ٣٠ | ٣٩ | ١٨ | ٣٩ | ٣٧ |
| ٥ | ٤١ | ٤٦ | ١٩ | ٤٣ | ٣٥ |
| ٦ | ٥١ | ٣٥ | ٢٠ | ٤٢ | ٤٠ |
| ٧ | ٣٥ | ٤٤ | ٢١ | ٣٨ | ٤٢ |
| ٨ | ٣٧ | ٣٥ | ٢٢ | ٤٠ | ٣٩ |
| ٩ | ٣٨ | ٣٣ | ٢٣ | ٣٥ | ٣٨ |
| ١٠ | ٣٩ | ٤٠ | ٢٤ | ٣٧ | ٣٨ |
| ١١ | ٤١ | ٣٧ | ٢٥ | ٤٥ | ٤٢ |
| ١٢ | ٤٠ | ٣٨ | ٢٦ | ٤٧ | ٤٤ |
| ١٣ | ٤٣ | ٤٠ | ٢٧ | ٣٩ | ٣٥ |
| ١٤ | ٣٨ | ٤٢ | کۆ | ١٠٦٠ | ١٠٤٤ |

## پاشکۆی ژمارە ( ٨ )

### ناوی شارەزا و پسپۆران کە لێکۆڵەر ڕای وەرگرتوون دەربارەی هەندێ کرداری لێکۆڵینەوە

| ژ | ناو | نازناوی زانستی | پسپۆری | زانکۆ و کۆلیژ / فاکۆلتی | سروشتی ڕاوەرگرتن* | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | ١ | ٢ | ٣ | ٤ |
| ١ | د. جمال أسد مزعل | پرۆفیسۆر | پلان دانانی پەروەردەیی | دهۆك - فاکولتی زانستە پەروەردەییەکان | √ | | | √ |
| ٢ | د. صابر عبدالله سعيد | پرۆفیسۆر | پێوانە و هەڵسەنگاندن | دهۆك - فاکولتی زانستە پەروەردەییەکان | √ | | | |
| ٣ | د. ابراهيم قادر محمد | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | ئەدەبی کوردی | سەلاحەدین - پەروەردەی بنیات | √ | | √ | √ |
| ٤ | د. بدرخان مصطفى حسين | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | ڕێگاکانی وانەوتنەوەی گشتی | کۆیە - مرۆڤایەتی | √ | √ | √ | √ |
| ٥ | بەرێزعرب حسن حيدر | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | ڕێگاکانی وانەوتنەوەی کیمیا | دهۆك - زانستە پەروەردەییەکان | | √ | √ | √ |
| ٦ | د. فؤاد رشيد محمد | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | ئەدەبی کوردی | سەلاحەدین - پەروەردەی بنیات | √ | | √ | √ |
| ٧ | د. محمد سعيد محمد | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | دەروونزانی پەروەردەیی | دهۆك - زانستە پەروەردەییەکان | √ | √ | √ | √ |
| ٨ | د. نظام عبدالجبار حسين | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | ڕێگاکانی وانەوتنەوەی زمان و ئەدەبی کوردی | سلێمانی - پەروەردەی بنیات | √ | √ | √ | √ |
| ٩ | د. آلان جميل ابراهيم | مامۆستا | ڕێگاکانی وانەوتنەوەی زمان و ئەدەبی کوردی | دهۆك - زانستە پەروەردەییەکان | √ | √ | √ | √ |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٠ | د. بكر شاكر عبدالله | مامۆستا | ئەدەبی کوردی | سەلاحەدین - پەروەردەی بنیات | √ | | √ | √ |
| ١١ | د. دیار عبدالكريم | مامۆستا | ڕێگاکانی وانەوتنەوەی زمان و ئەدەبی کوردی | دهۆك - زانستە پەروەردەییەکان | √ | √ | √ | √ |
| ١٢ | د. رۆزان محمد قسيم | مامۆستا | ڕێگاکانی وانەوتنەوەی زمان و ئەدەبی کوردی | دهۆك - زانستە پەروەردەییەکان | √ | √ | √ | √ |
| ١٣ | د. ستار جبار حاجی | مامۆستا | ڕێگاکانی وانەوتنەوەی مێژوو | زاخۆ - مرۆڤایەتی | √ | | | √ |
| ١٤ | د.عبدالمهيمن عبدالحكيم محمد | مامۆستا | ڕێگاکانی وانەوتنەوەی مێژوو | دهۆك - زانستە پەروەردەییەکان | √ | | | √ |
| ١٥ | شیرین محمود عثمان | مامۆستا | زمانی کوردی | پەروەردەی ناوەندی هەولێر - شەهید خدر سوارەی بنەڕەتی | | | √ | √ |
| ١٦ | فائزة رسول صابر | مامۆستا | زمانی کوردی | پەروەردەی ناوەندی هەولێر - هانای بنەڕەتی | | | √ | √ |
| ١٧ | لقمان عثمان حسن | مامۆستا | زمانی کوردی | پەروەردەی ناوەندی هەولێر - هەڤاڵانی بنەڕەتی | | | √ | √ |

*سروشتی ڕا وەرگرتن :

١- دروستی پێوەری مەیلی خوێندنەوە
٢- ئامانجی ڕەوشتی
٣- دروستی تاقیکردنەوەی دەستکەوت لە خوێندنەوەدا
٤- پلانی وانەوتنەوە

## پاشکۆی ژمارە ( ٩ )

### ئەنجامی تاقیکردنەوەی تایی بۆ هێزی جیاکەرەوەی دەستەواژەکانی پێوەری مەیلی خوێندنەوە

| ژ | ( ٢٧٪ )ی سەروو | | ( ٢٧٪ ) ی خواروو | | نرخی تایی دەرهێنراو |
|---|---|---|---|---|---|
| | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوەری | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوەری | |
| ١ | ٢,٤١١ | ٠,٨٣٨ | ١,٥٨١ | ٠,٧٦١ | ٣,٧٣٩ |
| ٢ | ٢,٥٦١ | ٠,٧١٤ | ١,٤٥١ | ٠,٩١٥ | ٤,٨٦٨ |
| ٣ | ٢,٤٣٥ | ٠,٥٠١ | ١,٣٨١ | ٠,٤٥١ | ٧,٩٨٥ |
| ٤ | ٢,٥٩١ | ٠,٥٧١ | ٢,٠٣٦ | ٠,٨٩٦ | ٢,٤٧١ |
| ٥ | ٢,٤١٨ | ٠,٦٠٤ | ١,٤١٥ | ٠,٥٩٠ | ٦,٠٤٢ |
| ٦ | ٢,٥١٨ | ٠,٥٧٩ | ١,٨٨٨ | ٠,٦٩٧ | ٣,٥٣٩ |
| ٧ | ٢,٥٠١ | ٠,٥١٨ | ١,٥٠٥ | ٠,٦١٢ | ٦,٢٦٤ |
| ٨ | ٢,٤٨٠ | ٠,٥٠٨ | ١,٩٢٤ | ٠,٧٨٠ | ٣,٠٩٦ |
| ٩ | ٢,٣٨٢ | ٠,٥٤١ | ١,٤٠١ | ٠,٤٦١ | ٥,٣٩٦ |
| ١٠ | ٢,٤٨٣ | ٠,٦٤٤ | ١,٩٣١ | ٠,٧٨٠ | ٢,٧٩٤ |
| ١١ | ٢,٤٨ | ٠,٦٤١ | ١,٩٦٣ | ٠,٦٤٨ | ٢,٨٨٨ |
| ١٢ | ٢,٣٧٠ | ٠,٦٣٠ | ١,٥٩١ | ٠,٥٧١ | ٤,٧٤٩ |
| ١٣ | ٢,٥١٨ | ٠,٥٧٩ | ١,٨١٤ | ٠,٦٢١ | ٤,٢٩٩ |
| ١٤ | ٢,٤٠٧ | ٠,٦٣٦ | ١,٨١٥ | ٠,٧٣٤ | ٣,١٦٧ |
| ١٥ | ٢,٤١١ | ٠,٥٦٢ | ١,٥١١ | ٠,٦١١ | ٧,٧٥٨ |
| ١٦ | ٢,٤٠٨ | ٠,٦٣٧ | ١,٩٦٢ | ٠,٨٩٧ | ٣,١١٦ |
| ١٧ | ٢,٣٧ | ٠,٦٢٩ | ١,٥٩٢ | ٠,٥٧٢ | ٤,٧٥٠ |
| ١٨ | ٢,٤٤١ | ٠,٥٠٦ | ١,٨٨١ | ٠,٦٩١ | ٣,٣٣٣ |
| ١٩ | ٢,٤٣٥ | ٠,٥٧٨ | ١,٨٩١ | ٠,٦٩٥ | ٣,٠٧٣ |
| ٢٠ | ٢,٤١٩ | ٠,٧١٠ | ١,٨٩١ | ٠,٦٨٩ | ٢,٧٠١ |

| ژ | ( ٢٧٪ )ی سەروو | | ( ٢٧٪ )ی خواروو | | نرخی تایی دەرهێنراو |
|---|---|---|---|---|---|
| | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوەری | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوەری | |
| ٢١ | ٢,٤٩٢ | ٠,٦٥١ | ١,٧٩٢ | ٠,٦٥٢ | ٣,٣٠٩ |
| ٢٢ | ٢,٣٧١ | ٠,٦٢٨ | ١,٥٩٦ | ٠,٥٧١ | ٤,٦٦٩ |
| ٢٣ | ٢,٤٢٠ | ٠,٠٨٥ | ١,٥١٩ | ٠,٦١٢ | ٢,٣٥٩ |
| ٢٤ | ٢,٤٨٣ | ٠,٦٤٣ | ١,٩٣٠ | ٠,٧٨١ | ٢,٧٩٣ |
| ٢٥ | ٢,٥١٩ | ٠,٥٠٨ | ١,٨٥٢ | ٠,٨١٧ | ٣,٥٤٨ |
| ٢٦ | ٢,٤٤٣ | ٠,٥٧٨ | ١,٧٠٤ | ٠,٧٢٥ | ٤,٠٦٥ |
| ٢٧ | ٢,٣٣١ | ٠,٦٢١ | ١,٨١٦ | ٠,٨٣٤ | ٢,٥٢٥ |
| ٢٨ | ٢,٤٩١ | ٠,٦٥٢ | ١,٨٩١ | ٠,٦٥٣ | ٣,٣١٥ |
| ٢٩ | ٢,٤١٧ | ٠,٦٤٦ | ١,٧٩١ | ٠,٨٨١ | ٢,٩٢٥ |
| ٣٠ | ٢,٣٣٥ | ٠,٥٨١ | ١,٥٨١ | ٠,٦٧٨ | ٤,٣٠٩ |

## پاشکۆی ژمارە ( ١٠ )

## پێوەری مەیلی خوێندنەوە

زانکۆی سەلاحەدین

کۆلیژی پەروەردەی بنەڕەت

بەشی زمانی کوردی

خوێندنی باڵا / ماستەر

**مامۆستا : ........................................ بەڕێز**

**سڵاو و ڕێز ...**

لێکۆڵەر دەیەوێت لێکۆڵینەوەیەك ئەنجام بدات بەناوی ( **کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیجییەتی ((SQ3R)) لەسەر دەستکەوتی قوتابیانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی لە بابەتی خوێندنەوەی کوردیداو گەشە پێدانی مەیلیان بۆ خوێندنەوە** ) .

بۆ بەجێهێنانی ئامانجی تایبەت بە مەیلی خوێندنەوە ، لێکۆڵەر پێوەرێکی سەرەتایی بەڕێگەی ڕاوەرگرتن و سەیرکردنی ژمارەیەك سەرچاوە و لێکۆڵینەوەی پێشوو ، کە پەیوەندی بە بابەتەکەوە هەیە ئامادەی کردووە ، ئەم پێوەرەش لە ( ٣٠ ) دەستەواژە پێکهاتووە ، لەبەرئەوەی ئێوەی بەڕێز شارەزان لەم بوارەدا ، داخوازین بیروڕای خۆتان دەرببڕن دەربارەی بەکارهاتنی هەر دەستەواژەیەك لە دەستەواژەکانی پێوەرەکە ، و ڕاستکردنەوە و زیاد کردنی هەر شتێك کە ئێوە بە گونجاوی دەزانن . بۆ زانین برێتی پێوەرەکە ئەمانەن : (بەڵێ ، تاڕادەیەك ، نەخێر ) .

مەبەست لە مەیلی خوێندنەوە لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئەوەیە : وەڵامدانەوەیەکی فێرکراوە گرنگیدان بە خوێندنەوە نیشان دەدات لە ئەنجامی کارلێکردنی پێداویستیی دەروونیی و هۆیەکانی تێرکردنی و ، دەپێورێ بەو نمرەیەی قوتابی سامپڵی لێکۆڵینەوەکە لە ئەنجامی وەڵامدانەوەی ئەم پێوەرە بە دەستی دێنێ .

**لەگەڵ ڕێزدا**

| | |
|---|---|
| سەرپەرشت | قوتابی ماستە |
| پ. د. مەولود حەمەد نەبی | سروە عەلائەدین عومەر |

# پێوەری مەیلی خوێندنەوە

**قوتابیانی خۆشەویست :**

**سڵاو و ڕێز ...**

ئەوەی لەبەردەستتدایە پێوەرێکە پێکدێت لە ( ٣٠ ) بڕگە کە پێوانەی تەواوی مەیلی خوێندنەوە دەکات لای تۆ ، وەڵامدانەوەت بۆ هەریەك لەبڕگەکان تەنها بۆچونی تۆ دەربارەی ئەمە دەگەیەنێت ، چونکە هیچ وەڵامێك بە هەڵە و ئەویتر بە ڕاست دانانرێت .

لەسەر تۆ پێویستە کە هەموو بڕگەکان بەوردی بخوێنیتەوە پاشان نیشانەی (√) لەژێر جێگرەوەکانی هەر بڕگەیەك دابنێیت کە بۆچونی تۆ زیاتر لەوانی تر دەگەیەنێت ، هەروەك لەم نموونەیەدا هاتووە :

| ز | دەستەواژە | بەڵێ | تاڕادەیەك | نەخێر |
|---|---|---|---|---|
| ١- | حەزدەکەم ئەو کتێب و گۆڤارانەی کە دەیانکڕم ،لەگەڵ تەمەنم بگونجێن . | √ | | |

مامۆستا

سروە عەلائەدین عومەر

| نەخێر | تاڕادەیەك | بەڵێ | دەستەواژە | ز |
|---|---|---|---|---|
| | | | حەزدەکەم ئەو کتێب و گۆڤارانەی کە دەیانکڕم ، لەگەڵ تەمەنم بگونجێن . | ١ |
| | | | وایدەبینم کە خوێندنەوە گرنگ و پێویستە بۆ هەموو کەسێك . | ٢ |
| | | | گرنگی بە بابەتی خوێندنەوە دەدەم بەبێ گوێدان بە نمرە . | ٣ |
| | | | پێموایە ئەوەی بیەوێ ببێ بە خاوەن ڕۆشنبیرییەکی گشتیی ، دەبێ ئارەزووی خوێندنەوەی هەبێ . | ٤ |
| | | | حەز بە سەردانی کتێبخانەی قوتابخانە دەکەم . | ٥ |
| | | | بە پەرۆشەوە لە وانەی خوێندنەوە ئامادە دەبم . | ٦ |
| | | | حەز دەکەم جگە لەکتێبی خوێندنەوەی قوتابخانە کتێبی تر بخوێنمەوە . | ٧ |
| | | | حەز دەکەم پاداشتی سەرکەوتن و کاری باشم پەرتووك بێ . | ٨ |
| | | | حەز لەو مامۆستایە دەکەم کە قوتابیان هان دەدات بۆ خوێندنەوە . | ٩ |
| | | | هەست دەکەم کە خوێندنەوە هۆیەکی سەرەکییە بۆ بەدەستهێنانی زانیاریی گشتیی . | ١٠ |
| | | | حەزدەکەم لە پاشەرۆژدا کتێبخانەیەکی باش لەماڵەوە پێك بهێنم . | ١١ |
| | | | حەز بەسەردانی پێشانگای کتێب دەکەم . | ١٢ |
| | | | زۆربەی کاتی پشووم بە خوێندنەوە بەسەردەبەم. | ١٣ |
| | | | چێژ لە هەموو خوێندنەوەیەك وەردەگرم . | ١٤ |
| | | | حەز لەو هاوڕێیانە دەکەم کە شت دەخوێننەوە . | ١٥ |
| | | | لەگەڵ هاوڕێکەم هەمیشە کتێب ئاڵوگۆڕ دەکەین. | ١٦ |
| | | | حەزدەکەم لە پاشەڕۆژدا لە دوای دەوام لەکتێبخانەیەکی فرۆشتنی کتێب کاربکەم . | ١٧ |

| ز | دەستەواژە | بەڵێ | تاڕادەیەك | نەخێر |
|---|---|---|---|---|
| ١٨ | خۆشترین کات بەلامەوە کاتێك کە کتێبێك بە دیاریی وەردەگرم . | | | |
| ١٩ | پێمخۆشە ناوەرۆکی ئەو شتەی دەیخوێنمەوە بۆ هاوڕێکانم باس بکەم . | | | |
| ٢٠ | زۆر حەز لەم پرسیارە دەکەم : دوایین بابەت کە خوێندوتەوە چیە ؟ | | | |
| ٢١ | پێموایە بە خوێندنەوەی بەردەوام دەوری تاك لە کۆمەڵدا کاریگەرتر دەبێ . | | | |
| ٢٢ | حەز لەو وتەیە دەکەم کەدەڵێ : کتێب هاوڕێیەکی هەرە باشە . | | | |
| ٢٣ | واهەست دەکەم کە ئارەزووی خوێندنەوەم بووەتە هۆیەکی ئاست بەرزیم لە قوتابخانەدا . | | | |
